کاوسێن بابەکر

لە پێناوی دێموکراسیدا

(کۆبەندی کۆمەڵێك ووتار)

مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)

سلێمانی – گەڕەکی ئاشتی – ١٠٤

شەقامی ئاشتی – ٣٢- ١٠٣٢

ژ. خانوو – ٦٢

www.hoshyari.org
mbh@puknet.org
govarynovin@yahoo.com

٢٠٠٦

- **ناوی کتێب: لە پێناوی دێموکراسیدا**
- **نوسینی: کاوسێن بابەکر**
- **دیزاین وبەرگ: جوان قادر سۆفی**
- **تایپ: شاناز رەمزی، کوردستان کەریم**
- **ژمارەی سپاردن: (٩١٩)**
- **تیراژ: ١٠٠٠**
- **لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ك)**

پێرست

بابەت	لاپەڕە
ووتەیەك	٥
دێموکراسی... چەمكو مانا	٧
تیشکێك بۆ سەر ئازادی	١٧
کورد دوێنێو ئیمرۆ... له خەباتی دیبلوماسیدا	٢٣
کورد له دوێنێی پەراوێزیو ئیمرۆی ناو رووداوەکان	٢٩
هەڵبژاردنی شارەوانیەکان	٣٣
راپەڕینو بەرائەتی شۆڕشگێڕانه	٤٣
هەڵبژاردنی شارەوانیەکان کردنەوەی دەرگایەکی تر	٤٧
سەنگەرێکی نەتەوەیی تۆکمه بۆ مسۆگەرکردنی ئاینده	٥١
راگەیاندن له نێو کرانەوەو تەسکبینیدا	٥٥
هەڵبژاردن له بەردەم ئیرادەیەکی ئازاددا	٥٩
کڵپەی راپەڕینی ٣/٥ له رانییەی دەروازەوه	٦٣
سەرۆکایەتیەك له ئەنجامی واقعبینی دا	٦٧
له سێبەری درەختەکانی پەرلەمان دا	٧١
هەڵسەنگاندنێکی دەستور له نێوان گەشبینیو رەشبینیدا	٧٧
رۆڵی سەرۆك كۆمار له پتەوکردنی	٨٣
تورکیا له بەردەم گۆڕانەکاندا	٨٩
با کردنەوەی کۆلیژەکان	٩٥
خۆپیشاندان	٩٩

بابەت	لاپەڕە
قەرزەکانی سەر عێراق	١٠٥
هەڵبژاردن به مەرجی دوا وێستگه	١٤١

له پێناوی دێموکراسیدا:

پێشکەشه به:

-گیانی باوکم که سەرەڕای تەنگو چەڵەمەی ژیانو دەست کورتی نەیهێشت واز له خوێندن بێنم...

- بەو نەمرانەی گیانی خۆیان له پێناو ئازادیو دێموکراسیدا بەخت کرد.

ووتەیەك

کۆمەڵگای ئێمە، ئێستا لە گێژەنی وەرچەرخانێکی هەمە لایەندا دەگوزەرێنێ، وەرچەرخانێك لە کۆمەڵگای تەقلیدی جوتیاری- خێڵەکی بە سەرەتایەکی شارنشینی کە هێشتا نەبۆتە ماکی کۆمەڵگایەکی مۆدرێن کە مامانی حکومەتێکی سەردەمانەی لێ بوەشێتەوە ئیدارەکانی پڕ لە تەکنۆکرات‌و کەسانی پرۆفیشناڵ بکات.

وەرچەرخان لە کۆمەڵگایەکی ئاوا، قانگ دراو بە باوەڕی تاك رەهەندی‌و خۆپارێز، کە رەگەکانی بۆ ئاین‌و کەلتوری باو دەگەڕێنەوە ئاسان نییە، بەهای نوێ، بیری نوێ تایبەت لە مەڕ سیستەمی سیاسی ئیداری لە کاتێك دا دەستەڵاتی سیاسی سەربەخۆو کیانی ئیداری سەربەخۆت نەبێ گرفتێکی گەورەو خەمێکی گرانە، بەڵام نەکردەنی نیە، ئەوە سەرەڕای ئەو ناحەزو ملۆزمانەی نێو عێراق‌و ناوچەکە، کە وەرچەرخانێکی ئاوا نەك هەر لە کوردستان بەڵکو لە ناوچەکەش، بەئاسانی قبوڵ ناکرێ‌و دژایەتیش دەکرێ بەڵام پێویستە خەباتی ئێمە لەو پێناوەدا بەردەوام بێ ئەگەر بەقسەیەك یان بە ووتەو ووتارێك یان دەیان‌و سەدان کتێب‌و کۆڕو کۆبوونەوەو راهێنانی خەڵك بێ، ئەم ووتارانەی منیش لە پێناوی دیموکراسیدا لەو باوەڕەوە هاتووە کە تەنها سیستەمی دیموکراسیە کە دەرگای گەڕانەوەی

دیکتاتوریەت لە هەر رەنگ‌و بەهەر زمانێك‌و سەر بەهەر مەزهەب‌و نەتەوەیەك بێ دادەخات.

نووسەر

٢٠٠٦/١١/١

دێموکراسی.. چەمك و مانا*

* کوردستانی نوێ ژ/٢٦٩٠ پێنجشەممە ٢٠٠٢/٢/٢١

ئیمرۆ قسەوباسێکی زۆر لەسەر دێموکراسی، چەمك و پرەنسیپەکانی لەگۆڕێیە، بەڵام لەزۆر جێگەو بەگەلێك شێواز هەڵەی زەق لەو بۆچوونو لێکدانەوانەدا هەیە، هەیە دێموکراسی وەکو قۆناغێکی مێژوویی گەشەی کۆمەڵ تەماشا دەکاتو پێشی وایە هاتنەدی زۆر زەحمەتەو دیسان قوربانیو جەنگێکی زۆری پێویستە، هەشە لەولاوە دێموکراسی بەدەرمانێکی سیحری دەچوێنێو پێی وایە تاکە فریادڕەسەو لەهەر جێگەیەك دەردەکەوێ ئەو شوێنە دەبێتە ئەو بەهەشتەی هەمووان خەونی پێوەدەبینن! لێرەوە دێمەسەر پوختەی بابەتەکەمو دەڵێم هەقە هەردیاردەو بابەتێك زانستیانەو لەگۆشەنیگای جیاجیاوە دوور لەسۆزو وابەستەیی ئایدۆلۆژی نەتەوەیی، ڕەگەزیی، بەخۆلادانو دوورکەوتنەوە لەهەر فیکرو چوارچێوەو قاڵبێکی پێشوەختو بەتێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە بچینە نێو تەونی بیرورا جیاوازەکانو پێمان وانەبێت ڕاستی تەنها لای بیروباوەڕێکو فەلسەفەیەکو یان ئایدۆلۆژیایەکەو بەس، ئەوە دەمانباتە نێو قاوغی دۆگماکانو دەرگای زانستو مەعریفەی هەمەجۆرمان لەسەر دادەخاتو گومڕامان دەکات! چونکە هیچ سیستمێکی سیاسیی تەواوو بێکەموکوڕی نییە، ئامانجو خەونەکانی مرۆڤایەتی گەورەترو زۆرترو هەمەجۆرترن، لەسەرووی هەموو ئامانجەکانیشەوە ئازادییەو لەوێشدا ئازادی سیاسیو ڕێکخراوەیی بەشێکی گرنگە وەك فرانتس نوێمان دەڵێ: (هیچ سیستمێکی سیاسیی ناتوانێ ئازادی

سیاسی بەشێوەیەکی تەواوو بێکەموکوڕی بهێنێتەدی بۆیە زانستی سیاسی بەزەرورەت دەبێت نێوەڕۆکێکی رەخنەگرانەی هەبێت).[١]

پاشان دەڵێ: زانستی سیاسەتێك کەهەمەرەنگیو چاولێکەری بکاتە پیشە زانست نییە، لەڕاستیدا کەبەوچاوەوە دێموکراسیەت هەڵسەنگێنین دەبێ قسەکەی وێنستۆن چەرچڵمان لەبیرنەچێت کەگوتویەتی: (دێموکراسی خراپترین فۆرمی حکومەتە، دیارە جگە لەفۆرمەکانیتری حکومەتکردن کەلەویش خراپترن)[٢] کاکڵەی دێموکراسیەت کەهەڵبژاردنە رەنگە کەسانێك بێنە سەرحوکم، کەباوەڕێکی تۆتالیتاریان هەبێتو بەهاتنە سەرحوکم پرەنسیپەکانی دێموکراسی پێشێلبکەن، هەروەك لەنەمسا رویدا هیتلەر لەهەڵبژاردنێکدا دەنگی زۆرینەی هێنا! لەو بارەوە کارل پۆپەر دەڵێ: (لەکاتێکدا کەمن پشتگیری لەو تیۆرە دەکەم کەخەڵکی دەبێت حکومەت بگۆڕن، لەبەرئەوەیە کەهیچ رێگەچارەیەکیتر شك نابەم بۆ خۆپاراستنو دوورکەوتنەوە لەدیکتاتۆرییەت)[٣]، چونکە دێموکراسیەت ئەو کاتە ماناو گەوهەرەکانی دەردەکەون کەهەموو دەرگاکانی دەکاتەوە بەڕووی هەموو کەسو گروپێکدا تەنانەت ئەوانەش کەباوەڕیان بەدێموکراسیەت نییە! تاکو بێنو بەشداری لەگەمەکانی هەڵبژاردنی دیموکراسیانەدا بکەنو بۆشیان هەیە بێتە سەرحوکمی دەسەڵات! (چونکە کێشەی گەورەی دێموکراسی ئەوەیە، قەدەغەکردنی نادیموکراسییەکانیش هەمیشە بەمردنی دێموکراسیەت کۆتایی دێت).[٤] لەو هەڵبژاردنانەشدا کەکۆمەڵێك حزب

ئیئتلاف دەکەنو دێنەسەر حوکم دیسان پرەنسیپە بۆزەتیڤەکانی دێموکراسیەت کەخۆی لە کۆنترۆڵو چاودێری خەڵکدا دەبینێتەوە لاواز دەبنو زۆر بەگرانی دێنە دەست، چونکە بەرپرسیاری یەکەم لەکەموکوڕییەکاندا دیارنییەو کەس بەرانبەر بەدادگا بەرپرس نییە، لەباسی هەڵبژاردنەوەشدا خەڵکی تووشی نائومێدیو راڕایی دەبنو چاكو خراپی حزبەکانیان بۆ لێکجوێ ناکرێتەوە، تەنها کاتێك حزبێك یان دوو حزبی دیاریکراو دەردەچنو لەسەر حوکم دەبن گەندەڵکاریو کەموکوڕییەکانیان لەسەر دێتە ژمارو چاودێریو کۆنترۆڵیان لەلایەن خەڵکەوە ئاسانەو بەمەش دەکەونە گرەوی هەڵبژاردنێکی دیکەوە، بەمەش ناچار دەبن بەپێی بەرژەوەندی گشتی خەڵكو وڵات ملڕاکێشن، بۆیە کارل پۆپەر وەکو ئیزافەیەك بۆ قسەکەی وینستۆن چەرچڵ لێرەدا دەڵێ: (دێموکراسیەت بۆ خودی حکومەت پڕکێشەترینو دژوارترین فۆرمە، چونکە هەمیشە ئەو جۆرە حکومەتانە، لەبەردەم مەترسی نابوت بوندان دەبێ باجی کارەکانیان بدەنەوە بەخەڵکی)[٥] کەواتە دەتوانین بڵێین جوانترین سیمای دیموکراسی، ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتە، هەر رژێمێك ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی تێدانەبوو، حزبی دەسەڵاتدار دەتوانێ جوابگۆی داخوازییەکانی خەڵکیش نەبێت، چونکە مەترسی لەهەڵبژاردن نابێتو چاودێریو کۆنترۆڵی خەڵکیش هەڕەشەی لێناکەن!

ئەوەش رەتكردنەوەی پرەنسیپەكانی دیموكراسی‌و رووی ناشرینی دیكتاتۆریەتن، هەر ئەو رەوشەش فۆرمی دێموكراسی لەفۆرمەكانی دیكەی دیكتاتۆریەت‌و ئۆلیگاریشی‌و هتد، جیادەكاتەوە.

دێموكراسیەت هەموو كاتێك لەرەتكردنەوەو رەفزكردنی شێوەكانی دیكتاتۆریەت هاتۆتەدی‌و دێتەدی نەك بەشێوازی دیكەی شۆڕش‌و قۆناغكاری، كۆمەڵانی خەڵكی بەناچاری‌و بۆ دووركەوتنەوە لەدیكتاتۆریەت پەنا بۆ دیموكراسییەت دەبەن، وەكو باشترین فۆرمی هەبوو كەتیایدا ئەو بنەمایانە هەن كەئازادییە مەدەنی‌و سیاسییەكان دەپارێزێ‌و كەرامەتی تاك وەكو هەبوویەكی سەربەخۆ بەبایەخ دادەنێ‌و ئازادی تاك دەگەیەنێتە باڵاترین ئاست، لێرەدا چەند خاڵێك ئەو بابەتەمان بۆ پوختەتر دەكاتەوە:

١-دێموكراسیەت وەكو فۆرمێكی حكومەت وەكو رێبازو رەوشێك نەك قۆناغی مرۆڤایەتی‌و ئامانجی رەهاو دوائاواتەكانی مرۆڤ بێنێتەدی‌و كۆتایی بەچەوساندنەوە بێنێ بەدیاردەكەوێ.

٢-دەسەڵاتداران لەژێر فشاردا دێموكراسی قبوڵ دەكەن نەك بەئارەزوو.

٣-دێموكراسیەت بۆ دووركەوتنەوە لەفۆرم‌و رژێمە دیكتاتۆرییەكان قبوڵ دەكرێ.

٤-دێموكراسیەت باشترین فەزاو چوارچێوەیە بۆ پاراستنی ئازادییە مەدەنی‌و سیاسەییەكان‌و گەشەو پەرەپێدانی عەدالەت.

چونكە لەدوالێكدانەوەدا دێموكراسیەت جگە لەفەزایەك بۆ قسەكردن‌و نووسین لەسەر كەم‌وكوڕی‌و مەینەتییەكان، بەئازادانە شتێكی‌تر نییە، رادەی پێشكەوتن‌و فراژووبوونی دیموكراسیش بەندە بەرادەی ئازادییە مەدەنی‌و سیاسییەكان‌و ئازادی تاك‌و بەها كەسییەكان‌و نەهێشتنی قەدەغەكاری‌و هەڵاواردنە رەگەزی‌و نەتەوەییەكان، چونكە كاكڵەو گەوهەری دێموكراسی لەدوا لێكدانەوەدا ئازادییەو ئازادیش ئامانجێكی مرۆڤایەتی‌و هاتنەدی بەتەواوی بەكامڵی بەرێگەی فۆرمی دیموكراسییەتەوە كاروانەكە رێدەكات، راستیش نییە پێمان وابێت لەوڵاتە دیموكراسییەكاندا مرۆڤ گەیشتۆتە بەهەشتی خەونەكانی، چونكە نموونەی ئەو وڵاتانە پێشانمان دەدەن كەهەژاری‌و نەخۆشی‌و جیاوازییە رەگەزییەكان‌و ئەتنیكییەكان‌و جیاوازی ژیان‌و..هتد هێشتا لەو وڵاتانەدا هەیەو كەچی هەڵبژاردن‌و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیشی تێدایەو داوەری خەڵكیش هەیەو ئازادییەكانیش تارادەیەك لەگۆڕێدان‌و رۆژنامەنوس‌و رۆشنبیرانیش رەخنەو لێكۆڵینەوەی ئازایانەش لەسەر دیاردەو گەندەڵییەكان‌و بێ مافیەكان دەنووسن كەهەرئەوانەش پایەیەكی گرنگی دیموكراسین، كەواتە دێموكراسی فۆرمێكە تیایدا پەردە لەسەركارەكانی حكومەت‌و دەزگا ئیدارییەكان هەڵدەماڵێت، ئاشكرا كاری‌و رای جۆربەجۆرو رەخنەو هاواری خەڵكی لێپرسراوان دێنێتە لەرزە! هەموو ئەوانە لەحكومەتە دیكتاتۆرییەكاندا بیرلێكردنەوەشیان باسی سەرەو زیندانەكان پڕن لەسەر دەربڕینی را جیاوازەكان.

رایەکی دیکەی هەڵە لەسەر دێموکراسیەت ئەوەیە کەرێژەیی[٦] بوونی دێموکراسی رەتدەکەنەوەو پێیان وایە دێموکراسیەت شتێکە یان هەیە یان هیچ نییە! لەکاتێکدا دێموکراسی پرۆسەیەکە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکیتر دەگۆڕێ، بەڵام ئەو گۆڕینە کارناکاتە سەر پرەنسیپەکانو لەهەرکوێ دێموکراسیەت هەبێت دەبێ کار بەئەو پرەنسیپانە بکرێ! بەڵام لەهێندێك وڵات دیموکراسییەتو پرەنسیپەکانی باشتر چەسپاوە. و مێژوویەکیان هەیەو بوونە کەلتوورو لەناخی خەڵکدا رسکاونو هیچ حزبو حکومەتێك ناتوانن بەئاسانی پێشێلیان بکەن. وەکو زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان، بەریتانیا، ئەمریکا.. لەکاتێکدا لەوڵاتی وەکو تورکیا ئێران، ئەردەن..هتد زۆر لەپرەنسیپەکان پێشێلدەکرێنو زۆریشیان هەرکاریان پێناکرێتو لەنێوکۆمەڵیشدا هێشتا دێموکراسیەت لەناخی خەڵکەکەدا نەرسکاوەو نەبووەتە خەمو خولیای جێگیر، وشیاری دێموکراسی نەخەملیوە تاکو ئەو پێشێلکاریانە قبوڵ نەکەن، لەفۆرمی حکومەتی دیموکراسیدا، یاسا گشتییەکان رۆڵی کاریگەر دەگێڕن بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتو رێکخراوە مەدەنیو ئازادییەکانی تاك، دیارە (هیچ سیستمێکی سیاسی نییە کەئازادی تاك بەرەهاییو بێ قەیدو مەرج قبوڵ بکات، حکومەت لەوانەیە دەستبخاتە ئەو جۆرە کارانەوە، بەڵام بەپێی بەڵگەو گەڕانەوە بۆ یاساو پەیڕەویکردن لەدادوەری بەپێی یاسا)[٧] هەر لەبەرئەوەشە کەدێموکراسی زۆرترین لایەنگری هەیە لەنێو چینو توێژەکانی خەڵکیداو

لەڕووی سیاسیو ئیداریو ئەخلاقیشەوە ناوبانگێکی باشتری هەیەو هیچ حزبو حکومەتێکیش (جگە لەئیسلامی سیاسی) نییە بڵێ دژی دیموکراسیم، ئەوەش لەژێر فشاری جەماوەردایە چونکە ئەو خەڵکە دێموکراسیەتو پرەنسیپەکانی بەسەر حزبو حکومەتدا دەسەپێنێو هیچ دەسەڵاتێکی نییە بەئارەزووی خۆی دێموکراسیەتی قبوڵ بێتو لەسەر کورسی حوکم بێتەخوار ئەگەر مەترسییەك نەبێت لەسەری ئەویش فشاری خەڵکە، دیارە هەر ئەو خاڵەش بەسە بۆئەوەی بزانین چ حزبێك دێموکراسیو چ حزبێکیش نادیموکراسیەو تەنها دێموکراسی بۆ پڕوپاگەندەو تاکتیك بۆ هاتنە سەرحوکم قبوڵ دەکات، فشارو چاودێری خەڵکیش ئەوکاتە بەدی دێت کەدیموکراسییەت بوویێتە کەلتوورو وشیاری دێموکراسی لەهۆشی کۆمەڵانی خەڵکیدا بەرجەستەبێتو هەرئەوەش رێکخراوی مەدەنی سەربەخۆ دەخولقێنێو ئەوانیش دەبنە دەسەڵاتی واقیعی بەرانبەر بەحزبو دەسەڵاتو فشاری جدی دەکاردەکەن. هەر ئەوەش ئێستا بۆتە سیمای کۆمەڵ لەوڵاتە دیموکراتەکانداو ئەگەر وانەبێت ئەوا حزبەکان بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆیان فرتو فێڵو زیرەکی بۆ هەڵخەڵەتاندنی جەماوەری خەڵکی بەکاردێننو خۆیان بەدیموکراتو پارێزەری ئازادییەکان لەقەڵەم دەدەنو هەرکاتێکیش هاتنە سەرحوکمی دەسەڵات پێشێلی هەموو پرەنسیپە سەرەتاییەکانی دیموکراتی دەکەنو بڕای بڕای کورسی حوکم جێناهێڵنو بۆ ئەوەش دەیان بڕوبیانوو دادەتاشنو دەسەڵاتێکی تریش نییە فشار دروست بکات بەشێوازی

ئاشتیو مەدەنیانەو خۆ ئەگەر حزبێکیتر یان میلیشیایەکیتر هەبوو ئەوا دەرگاکانی شەڕ دەکرێنەوە هەروەك لۆرد ئەکتۆن دەڵێ (دەسەڵات مەیلی لەگەشەسەندنی بێسنوورە، تەواوی کۆتو بەندەکان دەبڕێ چ لەناوەوە چ لەدەرەوەی وڵات، تائەو کاتەی رووبەڕووی دەسەڵاتێکی بالاتر دەبێتەوە، یان دەڵێ: (خودی کەسێك کەدەسەڵاتی بەدەستە لەئەنجامی بەکارهێنانیدا گەندەڵ دەبێت)[8] ، بۆیە حزبی دەسەڵاتدار مەستی دەسەڵاتەو بەبێ دەسەڵاتێکی بالاتر لەسەر کورسی حوکم نایەتەخوار، مادام کەلتووری دەسەڵات لەنێو کۆمەڵدا نەخەملابێت کەبتوانن دێموکراسیو پرەنسیپەکانی بپارێزنو سنوور بۆ دەسەڵات دابنێن، بۆیە ئەنجامی هەر هەڵبژاردنێکیش لەو دۆخەدا جگە لەشەڕ شتێکیتر نییە.

پەراوێزەکان:

١-فرانتس نوێمان، ازادیو قدرتو قانون، چاپو پخش خوارزمی، چاپ اول، دی ماه ١٣٧٣ ت فارسی عزت الله فولادوند.

٢-کارل پۆپەر، گفتوگو، وانەکانی ئەم سەردەمە دەزگای چاپو پەخشی سەردەمو د.شۆڕش جوانڕۆیی.

٣-کارل پۆپەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤-بەختیار عەلی، گفتوگۆ، هاوولاتی ژ٥١، ٣/١٢/٢٠٠١.

٥-کارل پۆپەر، سەرچاوەی پێشووتر.

٦-دێڤید بتهامو کوین بویل، ئازادیو دێموکراسیو کۆمەڵی مەدەنی، کتێبی رووناکبیری، و:ئەبوبەکر خۆشناو.

٧- فرانتس نوێمان، ازادیو قدرتو قانون، چاپو پخش خوارزمی، پاچ اول، دی ماه ١٣٧٣ ت فارسی عزت الله فولادوند.

٨-فرانتس نوێمان تیئۆرەی فیدرال، رێبازی نوێ، و. د.کاوسین، ژمارە ٢٤ ساڵی ٢٠٠٢.

تیشکێك بۆ سەر ئازادی*

"ئەوەی بۆ تاكو بۆ كۆمەڵ بەبایەخە، ئەوەیە كە: سروشتی مرۆڤایەتی لەئازادیی تەواو بەهرەمەند بێتو بتوانێت لەلایەنە جۆربەجۆرو جیاوازەكاندا گەشە بەخۆی بدات"

"–(جان ستیوارث میل)[١]

* كوردستانی نوێ ژمارە ٢٩٣٣ رۆژی دووشەم ٢٠٠٢/١٢/٩

ئازادیو زیندان دوو وشەن بەزۆریی لەگەڵ یەكتردا دێن، بەڵام بەپێچەوانەی یەكترەوە مەبەست دەگەیەنن.. زیندان بەمانای لێسەندنەوەی ئازادیو دەستگرتن بەسەر ئیرادەی ئەو كەسەو كپكردنی هەموو هەستو ئارەزوو و ئاواتەكانی ئەو كەسە.. ئازادی: حاڵەتێكی سروشتیی مرۆڤەو بۆ گەشەو بەرەوپێشچوونی تاكو كۆمەڵ پێویستو زەروورە، هەروەك (هیگڵ)[٢] هەر لەزووەوە گوتوویەتی: ئازادی ماكی گیانە، واتا مرۆڤ ئەگەر ئازادیی نەبوو وەكو گیانی نەبێت وایە! ئەو سنووری ئازادییە پەیوەستە بەكۆمەڵێك فاكتەر كە (ئایزایا بێرلین)[٣] لەو بارەیەوە ئەو پێنج خاڵە دیاری دەكات:

أ)ئاستو ئەندازەی ئەو ئیمكانیاتانەی لەبەردەستی هەر كەسێكدا دەبێت.

ب)ئاسانكاریی یان ئەو گرفتانە لەبەردەم دەستگەیشتن بەو ئیمكانیاتانە.

ج)پلەی بایەخی ئەو ئیمكانیاتانە لەبەرواركردن لەنێوانیاندا بەرامبەر بەهەر كەسێك بۆ كەسێكی تر.

د)كاریگەریی ئەوانی دیی لەسەر رادەی دەستگەیشتنی ئەو بەو ئیمكانیاتانە، نرخێك كە نەتەنها ئەو كەسە، بەڵكو كۆمەڵگا بەگشتی بۆ ئەو ئیمكانیاتانەی دادەنێت كەئەو تیایدا دەژیێت. هەموو ئەو فاكتەرانەو رەهەندە جۆربەجۆرەكان پێویستە تێكەڵبكرێنو واش ناتوانێت سنووری كۆتایی دیاریبكەن. ئایزایا بێرلین دەڵێت: "ئازادیی شتێك نییە جگە لەئازادیی سیاسیی) (فرانتس نیومان)[٤] سێ پایە بۆ ئازادی سیاسی دیاریدەكات، كەئەوانیش: (ئازادیی یاسایی، ناسینی ئازادی، ئیرادەی ئازادی)

واتا بۆ پاراستنی ئازادی پێویست بەچوارچێوەیەك دەكات كەكاروباری تاكەكان بەلایەكو دەسەڵات لەلایەكی تر سنووورداربكات.. ئەویش یاسا دانراوەكانن، كەناهێڵن ئازادییەكان پێشێلبكرێن، هەر كەسو گروپو بونیادێك دەتوانێت بەپێی ئەو یاسایانە لەئازادیی كارو هەڵسووڕانی سیاسی، ئابووری بەهرەمەند ببێت، لەهەمان كاتدا پانتاییەك بۆ دەسەڵات هەیە كەچالاكیی خۆی بۆ رێكخستنی كۆمەڵگاو دامودەزگا ئیدارییەكان بەڕێوەدەبات، یاساش سنوورەكانی ئەو دەسەڵاتە دیاریدەكات: ناسینی ئازادییش پایەیەكی دیكەی ئازادییە، چونكە كەسو گروپەكان پێویستە ئازادی بناسن. زانیاریی تەواویان لەسەر ئازادی هەبێت، بەهۆی ئەو ناسینەوە دەتوانن مافەكانی خۆیان رێكبخەن لەچوارچێوەی یاسادا.. پاشان ئیرادە رۆڵی گرنگ دەبینێت لەپاراستنو بەدەستهێنانی ئازادیدا، كۆمەڵگایەك كە بەترسو تۆقاندن لەئیرادە بەتاڵدەكرێتەوە، تا ماوەیەكی درێژ لەئازادییەكان بێبەش دەكرێت، هەر وەك لەشانۆگەرییەكانی ریفراندۆمی دیكتاتۆریی عیراقدا دەیبینین" بەهۆی بەتاڵكردنەوەی كۆمەڵگا لەئیرادە بەهۆی بەكارهێنانی هەڕەشەو تۆقاندنو زیندانو كۆنترۆڵكردنی تاك تاكی عیراقی لەلایەن سیخوڕو جەللادەكانی رژێمەوە، كەس نەیتوانی كەڵك لەئازادیی بەشداربوونو بەشدارنەبوون وەربگرێت، بەڵكو هەر دەبوو بەشداربێت، دەنا زۆر بەتوندی سزادەدراو خێزانەكەشی لەفۆرمی خۆراك بێبەشدەكرا، ئەمە جگە لەوەی گیانی دەكەوتە مەترسییەوە، پاشان كە بەناچاری بەشدارییش

دەكات، پێشوەخت مافی هەڵبژاردنی لێسەندراوەتەوەو تەنها بۆی هەیە ئاماژەكەی لە(بەڵێ) بدات! واتا: مافی بەشداری نەكردنت نییە، مافی هەڵبژاردنت نییە، مافی هەڵبژاردنی كەسێكی ترت نییە جگە لە(صدام)! بەپێچەوانەوە دەبیت بەدوژمنی پلە یەكی رژێم!

بەتاڵكردنەوەی كۆمەڵ لەئیرادە لەكاتێكدا دەبێت هیچ یاسایەك نییە پاڵپشتی لەئازادی بكات، چونكە لەعیراقدا كەرژێمێكی توتالیتارە، هەموو دەسەڵاتەكان لەیەك هێزدا كۆبوونەتەوەو هەر ئەو هێزەش یاساكان دادەنێتو جێبەجێشیان دەكات لەپێناوی مەبەستو ئامانجەكانی خۆی، هەر ئەوەش زەمینەی خۆشكردووە بۆ كۆنترۆڵكردنی هەموو كۆمەڵگاو تەنانەت ژیانی تایبەتیی تاكەكانیش لێرە، بچووكترین پانتایی نەماوەتەوە بۆ تاكی عیراقی، چالاكیی ئازادانەی تێدا بكات! لێرەدا دەگەینە ئەوەی كەدەبێت سیستمێكی وا هەبێت ناوەرۆكێكی ئازادانەو مرۆڤدۆستانەی هەبێتو تیایدا دەسەڵات لەدەستێكدا كۆنەكراوەتەوە، تیایدا هێزەكانی یاسادانانو جێبەجێكردن لەیەك جیاكراونەتەوە. دێموكراسی لەنێو سیستمەكانی حكومەتانی دنیادا پێشانیداوە تاوەكو ئێستا باشترین سیستمێكە كەپرەنسیپەكانی دیموكراسیی تێدا دەپارێزرێت (دێموكراسی، سیستمی پارێزەری حكومەتی یاسایە كەزیادبوونی زانیاریی ئادەمیزاد لەبەرچاودەگرێتو هاوئاهەنگ مانەوە لەگەڵ زیادبوونی زانیارییەكان هەوڵدەدات كۆمەڵگا لەڕێی عەقڵەوە بگۆڕێت. لەسیستمی دیموكراسیدا بەو پێیەی دەسەڵات لەئاڵوگۆڕدایەو

ئیراده‌ی گشتی له‌پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردندا هێزه‌كان دیاریی ده‌كه‌ن‌و هه‌میشه‌ش ئه‌و هێزه ده‌سه‌ڵاتدارانه له‌به‌رده‌م هه‌ڕه‌شه‌ی هه‌ڵنه‌بژاردنه‌وه‌دان، ناچارن ده‌بێت باشتر یاساكان بپارێزن‌و به‌هۆی ئه‌و یاسایانه‌شه‌وه ئازادییه‌كان له‌پێشێلكردن ده‌پارێزرێن). پاشان ده‌ڵێت: (دێموكراسی سیستمێكه وه‌كو باقی سیستمه‌كانی تر نییه، گه‌وهه‌ری دێموكراسی ئه‌وه‌یه كه‌ئاڵوگۆڕه فراوانه‌كانی كۆمه‌ڵایه‌تی به‌مه‌به‌ستی په‌ره‌پێدانی ئازادیی ئاده‌میزاد به‌ئه‌ندازه‌یه‌كی زۆر بكه‌ونه واری جێبه‌جێكردنه‌وه)[٥] كه‌واتا لێره‌دا ئازادیی ده‌بێته ئامانج‌و گه‌وهه‌ری دێموكراسی.. هه‌ر سیستمێك چه‌نده بتوانێت ئازادییه‌كانی تاك‌و كۆمه‌ڵ بپارێزێت به‌ڕاده‌ی ئه‌و پانتاییه سه‌ركه‌وتن‌و مانه‌وه مسۆگه‌رده‌كات، واتا تاچه‌ند ئاستی ئازادییه سیاسییه‌كانی له‌كۆمه‌ڵگاكه‌دا په‌ره‌پێبدات به‌و ئه‌ندازه‌یه‌ش له‌پێشكه‌وتن‌و ئارامی‌و ئاسایش به‌هره‌مه‌ند ده‌بێت، ئه‌وه‌ش واده‌كات نامۆبوونی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی به‌ئه‌ندازه زۆركه‌م بگه‌یه‌نێت، لێره‌شدا سیستمی دێموكراسی باشترین زه‌مینه‌یه كه‌ده‌رفه‌ت ده‌ڕه‌خسێنێت بۆ هێنانه‌دیی هاوسه‌نگییه‌كی به‌ویژدانانه له‌نێوان به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی تاك‌و به‌رژه‌وه‌ندیی حكومه‌تدا.

(دابه‌شكردنی ئه‌ركه‌كانی حكومه‌ت له‌نێوان هێزه‌كانی یاسادانان‌و به‌ڕێوه‌بردن‌و دادوه‌ریی، ته‌نها به‌و مه‌رجه‌ی ده‌بنه هۆی پاراستنی ئازادی كه‌گروپه كۆمه‌ڵایه‌تییه جۆربه‌جۆره‌كان جڵه‌وی هێزه‌كانی سێینه‌یان له‌ده‌ستدابێت، ئه‌گه‌ر یه‌ك گروپی كۆمه‌ڵایه‌تی هه‌ر سێ هێزه‌كه به‌ده‌سته‌وه

بگرێت، ئه‌و دابه‌شكردنه نرخی خۆی له‌لایه‌نی پاراستنی ئازادییه‌وه له‌ده‌ستده‌دات)[٦].

په‌راوێزه‌كان:

١)ئیمام عه‌بدولفه‌تاح، گۆڤاری مه‌ده‌نییه‌ت، ژماره (١١).

٢) هه‌مان سه‌رچاوه، لاپه‌ڕه ٧٥.

٣)ئایزا بێرلین، كتێبی ئازادیی.

٤)فرانتس نیومان، (ئازادی‌و ده‌سه‌ڵات‌و یاسا)، چاپی فارسی دی ١٣٧٢ی هه‌تاوی ١٩٩٣ی زایینی، (چه‌مكی ئازادیی سیاسی)، لاپه‌ڕه ٦٤-١٢٤.

٥)هه‌مان سه‌رچاوه.

٦)هه‌مان سه‌رچاوه.

كورد، دوێنیێو ئیمڕۆ... لەخەباتی دیبلۆماسیدا*...

* كوردستانی نوێ ژماره ۱۷۰۳ له ۱۹۹۸/۹/۲۲

كاری دیبلۆماسی، وەكو كەناڵێكی گرنگی خەبات، گەلانو دەوڵەتان بەدرێژایی مێژوو گرنگیەكی زۆریان پێداوەو بەڕادەی ئەو گرنگیەش بەرهەمیان چینیوەتەوە، ئەوەی كارێكی دیبلۆماتی سەركەوتوو دەیكات جاریواهەیە بەرهەمێكی زۆر گەورەتر بەدەستەوە دەدا لەشەڕێكی سەربازی خوێناوی!

ئەگەر كاری سەربازی بۆ دەستكەوتێك، نەزیفێكی زۆری بوێ، ئەوا كاری دیبلۆماسی بەبێ قەترەیەك خوێن دەیان كێشەی ئاڵۆز چارەسەر دەكات! خۆ ئەگەر كاری دیبلۆماسی بۆ نەتەوەكانو دەوڵەتان وا گرنگو پڕبایەخ بێ بۆ گەلێكی دابەشكراوو ژێر دەستەی وەكو كورد گرنگترو ژیانیترە! بەڵام بەداخەوە كورد كەمتر ئاوڕی لەكاری دیبلۆماسی داوەتەوە، یان ئیمكانی ئەو ئاوڕدانەوەیەی نەبووە!... دیارە گەلێك فاكتەریش هەبوونو هەن كە نەك رێگری كاری دیبلۆماسی بوون بەڵكو رێگەی هەناسەدانێكی سروشتیشیان لەكورد گرتووە! هەڵكەوتەی جیۆپۆلەتیكیو ئابڵووقەی دوژمنانو نزمی وشیاری سیاسیو هەستی نەتەوایەتیو نەبوونی خیتابی یەكگرتووی كوردیو... هتد لەو فاكتەرە دژوارانەن!

سەرنجێك لەمێژووی ئەم چەند ساڵەمان بۆمان دەردەخا کە بێگانە لەسەر کەوڵی ئێمە وەرەقەی کوردیان لەبواری دیبلوماسیدا بۆ مەرامی سیاسیو ئابووری خۆیان چۆن زیرەکانە بەکارهێناوە!

ئەوەتا (لۆرد کاریزۆن)ی گەورە دیبلۆماتی ئینگلیز لەجەنگی جیهانی یەکەمدا لەکێشەی موصلدا زۆر سەرکەوتووانە کارتی کوردی بەکارهێنا بۆ گرێدانی موصل بەعیراقی ژێردەستەی خۆیان لەتەمووزی ٩٢٦. دوژمنانی کوردیش کاری دیبلۆماسی چڕوپڕیان ئەنجام داوە بۆ کۆسپو تەگەرە خستنەپێش مەسەلەی کورد، ئەوەتا کاتێ وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگی یەکەم، پەیماننامەی سیڤەری ساڵی ٩٢٠یان بەسەر تورکیا (دەوڵەتی عوسمانی)دا سەپاند، نیازی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپریاتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانیو پارچەکردنی تورکیا، کردنی تورکیا بەدەوڵەتێکی نیمچە کۆڵۆنییان هەبوو، نەك هەر ئەمە بەڵکو بەپێی نەخشەیەکی ئیگلیز کە دانی مافی هێندێك لەنەتەوەکانیشی وەکو کوردو ئەرمەنیشی تێدابوو دەردەکەوێ کە نیازی دابڕانی (سمیرنا) لەتورکیاو لکاندنی بەیۆنانو بۆسفۆرو دەردەنیلیش دەخرانە ژێر چاوەدێری دەوڵەتیو دابڕاندنی هەموو دوورگەکانیش لەتورکیاو کەمکردنەوەی هێزی سەربازی...هتد

بەڵام سەرکەوتنی تورکیا لەشەڕێکدا لەگەڵ یۆنان لەسەر چۆمی ساکای لەهاوینی ٩٢١ لەلایەكو سەرکەوتنی نوێنەری تورکیا لەدانیشتنەکاندا

لەگەڵ دیبلۆماتەکانی وڵاتانی سەرکەوتوو لەشەڕدا کەسێکی وەکو (لۆرد کاریزۆن)ی ئینگلیزی کە بەشێرەکە بەناوبانگ بوو ئەو نەخشەیەی سەرەوژێر کرد نەك هەر ئەمە بەڵکو پەیماننامەی سیڤەریشی زیندەبەچاڵ کردو! پەیماننامەی لۆزانی بەدناوی ساڵی ٩٢٤ی سەپاند!

دوژمنان بەزۆر شێوەو شکڵ کاری دیبلۆماتی خۆیان بۆ لەباربردنی خەونی کورد بەڕێگای یاساییو نایاساییو فڕوفێڵ درێژە پێداوە... دیارە کوردیش سەرەڕای هەموو تەگەرەو کەم ئیمکانیاتی سیاسیو ماددی کەم تازۆر کاری دیبلۆماتی کردووە... ناوی ژەنەراڵ شەریف پاشاو بەدرخانییەکان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی وەکو ئەستێرە لەئاسمانی کاری دیپلۆماسیدا دەدرەوشانەوە لەکوردستانی باکووردا.

لەکوردستانی باشووریش شێخ مەحمودی نەمر هەڵسوڕانی دیپلۆماسی هەبووە: نامەکەی شێخ بۆ لینینی مەزنو نامە مێژووییەکەی بۆ کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم)و ناردنی (ڕەفیق حلمی) وەکو وەفدێك لەسیەکاندا بۆلای گەورە لێپرسراوانی تورکیای لاو گرنگیو بایەخی خۆیان هەبووە، لەکۆماری مهابادیشدا سەفەرەکەی قازی محەمەدی نەمرو سەرۆك هۆزەکان لە١٢ی ئەیلولی ٩٤٦دا بۆ سۆڤیەت دەکرێ بەکاری دیبلۆماسی حساب بکرێت.

ئەوانە لەکاتێکدا ئەنجام دراون کە کورد لەپشتیوانی دەوڵەتیو کەمترین ئیمکانیاتی ماددیو مەعنەوی بەهرەمەند نەبووە!.

ئێستا گۆڕانکاری گەورە لەبواری زانستو تەکنۆلۆژیادا ڕویان داوە، دونیا بەهۆیانەوە وا بچوك بۆتەوە وەکو گوندێکی لێهاتووە!

هەڵوەرینی دیکتاتۆرەکانو توانەوەی بەستەڵەکی شەڕی ساردوو شنەبای دێموکراسیو چوونەپێشی مافی مرۆڤ کاری کردۆتە سەر کێشەی کوردو پشتیوانییەکی زۆری بۆ پەیدا بووەو ئەمەش لەکاری دبلۆماسیدا رەنگی داوەتەوە.

ئەگەر سەردانەکەی بەڕێز مامجەلال لەسەرەتای شەستەکاندا بۆ میسرو چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆك جەمال عەبدولناسر ئەوسا گرنگو پڕبایەخ بووبێ بۆ کوردو جووڵانەوەکەی، ئەوا کاری دیبلۆماسی ئێستای مامجەلال هێندە چڕوپڕبۆتەوە هەر دەڵێی دەیەوێ ئەو کەمایەتیەی لەکاری دیبلۆماسیدا هەبووە پڕبکاتەوەو ئەو دەرگایەی ڕاپەڕین قوفڵەکانی شکاندن ئەو بیخاتە سەر گازەرای پشت! بەڕووی دونیای دەرەوەدا.

جگە لەسەردانەکەی بۆ ئەمریکا لەگەڵ سەرانی ئۆپۆزسیۆن ٢٩/٧/٩٩٢، و ٢٧/٤/٩٣و سەردانی دووبارەی لە ٢٦/٧/٩٧ لەلەندەنەوە بۆ ئەمریکا کەفەڕشی سووری بۆ ڕاخرا... ئەوەتا جارێکی تریش دوای ئەوەی لەتاران

گەلێك دیدارو چاوپێکەوتنی گرنگو پڕبایەخی ئەنجامدا، لەڕۆژی ١٢ی ئەیلول ٩٨ دەگاتەوە واشنتۆن بەمەبەستی توندکردنەوەی پەیوەندی کوردو ئەمەریکاو کوردو کوردو هەروەها ی.ن.كو ئەمریکا!

هەروەك مادلین ئۆلبرایت لەچاوپێکەوتنەکەیدا دەڵێ: (دەمێکە هەواڵو باسی تۆ دەبیستم، ئێستاش بەدیدەنیت زۆر دڵشادم ئەو سەردانەی ئێوە بۆ واشنتۆن تەئکیدکردنەوەیە لەسەر مامەڵەی ڕەسمی ئەمریکا لەگەڵ ی.ن.كو بایەخدانی واشنتۆنە بە رەوشو حاڵی کورد لەعێراقدا).

ڕێککەوتنی مامجەلالو کاك مەسعود ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە ئیلتزامی ئەخلاقیشە بۆ ئەمریکا، ئەم ڕێککەوتنە لەواشنتۆن هێمای دەرچوونی کێشەی کوردە لەجەوی تەنگەنەفەسیو بەنێودەوڵەتی بوونییەتی.

ئەگەر کورد سەرکەوتووبن لەپێکهێنانی حکومەتێکی نوێو هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەی خاوێن بەڕێوەبەرن، تازە ئیتر دەنگی حەقخوازانەی کورد کپ ناکرێتەوەو کاری دیبلۆماسیانەی مامجەلال-یش، لەم سەرکەوتنەدا بەشی زۆری بەردەکەوێو ئەم سەرکەوتنەش کردنەوەی دەرگای سەردەمێکی زێڕینە لەگەلی ستەمدیدەی کوردستان، بۆیە زۆرجار ئەوەی بەشەڕ بەدەست نایەت، ڕەنگە بەکاری دیبلۆماسیو گفتوگۆ بەدەستی بهێنێ!.

كورد" لە دوێنێی پەراوێزیو ئەمڕۆی ناو ڕووداوەكاندا*

* كوردستانی نوێ ژمارە ٢٠١٢ یەكشەممە ١٩٩٩/١١/٢٨

ئاوڕێك بۆ مێژووی دورو نزیك گۆڕانیكی مەزنمان پیشان دەدات لە سایكۆلۆژیەتو كەسایەتی كورد لەكەسێكی خاو و دڵنیای بێكێشە بۆ كەسایەتیەكی بزێوی وریا..لەدوێنێیەكدا كە كورد كەسێكی ئارامو دڵنیاو بێ خەمبووە وای كردبێ! ڕەنگە هەڵكەوتی جوگرافی وڵاتەكەی كە خۆبژێوبووە وای كردبێت، بەڵام ئەو هەموو شەڕو شۆڕانەی لەسەر خاكو دژی كورد كراوە، هەر لەجەنگیزخانو هۆلاكۆو تەیموری لەنگو شەڕی سوڵتانو پاشاكانەوە وەكو دەوڵەتانی تازەی سەدەكانی ١٩، ٢٠ كوردیان وەكو قەڵغانو جەنگاوەرو نیشتمانەكەیان وەكو شەڕگە بەكارهێناوە، كەچی خۆیان بیریان لەكیانێك بۆ خۆیان نەكردۆتەوە. ئەوەتا ئەبو موسلیمی خۆراسانی هەڵدەكوتێتە سەر بەغداو ئەمەوییەكان دەڕوخێنێو دەسەڵات دەداتە دەست عەباسییەكانو دەگەڕێتەوە ناوچەكەی خۆی! فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە لەئەنجامی خزمەتی زۆری بۆ دەوڵەتی عوسمانی، سوڵتان داوای لێدەكات چی دەوێ بۆی بكات، دەڵێ (گوندی دارەشمانە)! تەیموری لەنگ كاتێك بەهێزێكی زۆرەوە بەگوندی (قوچان)دا لەئێران ڕەت دەبێو كوردەكانی ئەو شارە دەبینێ هەیكەلی بەهێزو چاونەترسیو جورئەتی خەڵكەكە سەرنجی ڕادەكێشێو خۆزگە دەخوازێ ئەوانە بێنە ریزی سوپاكەیەوە، كاتێ داوایان لێدەكات پێی دەڵێن: ئێمە خاوەنی مەڕو ماڵاتو لەوەڕگای خۆمانین، پێویستمان بەیارمەتی سوپای تۆ نییە!

ئەو دڵنیاییو ئارامیو خۆبژێویە مرۆڤی كوردی توشی كەمتەرخەمیو گوێ پێنەدان كردووەو واڕاهاتووە لەچوغزی ناوچەیی دەرنەچێ، بۆیە لەدوای

رووخانی دەوڵەتی ماد، کوردان دەوڵەتی یەکگرتووی بەهێزیان نەبووە جگە لەئەمارەتو ئاغاو پاشانشینی بچوك بچوك، لەکاتێکدا جەنگاوەری چاكو شەڕکەری پاشاو ئیمپریاتۆریەتەکانی ڕابردووی ناوچەکە بوون.

بەڵام گۆڕانو گۆڕاندن یەکێکە لەخەسڵەتەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیو وردە وردە گۆڕانیش بەسەر کەسایەتی کورددا هاتووە!

سەردەمێك هەوڵی فراوانکردنی ئەمارەتەکانو دواتر چەکەرەکردنی هەستی نەتەوایەتی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا بیری سەربەخۆیی نیشتمان پەیدا بوو، ئێستا نەك هەر ئەوە بەڵکو مرۆڤی سیاسی کورد رۆڵی لەکێشە ئیقلیمیەکانیشدا هەیە، ئەوەتا لەمەسەلەیەکی وەکو گۆڕان لەعیراقدا دەبێتە کارێکتەرێکی بەهێزو بەسەنگی ئۆپۆزسیۆنی عیراقو، بەشداری لەداڕشتنی بەرنامەی گۆڕاندنو دامەزراندنی سیستەمی نوێی ئەو وڵاتەدا دەکا. بەڕێز مامجەلال کە قسەکەرێکی سەرەکیی رەسمیی کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆن بوو، نەك هەروەکو سیاسەتمەدارێکی کورد، بەڵکو وەکو سیاسەتمەدارێکی عیراقی بەگوتەیەکی کورتو پوختی هەمەلایەنە دەریخست بۆ جارێکیتریش کە بێ رۆڵی هەموو هێزە سەرەکیو نیشتمانپەروەرەکان، نەئۆپۆزسیۆن کارادەبێو نە گۆڕانی دیموکراسیش دروست دەبێتو ڕوودەدات، ئەو چەپڵانەش کە جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکاو ئەندامانی بەشداربوو چەندجارەیان کردەوە، دڵخۆشیو واقعبینی بەشداران بوو بەکەسایەتی مامجەلالو رۆڵی دووربینانەی لەئۆپۆزسیۆنی عیراقدا.

هەمان گرنگیدان بەشەخسیەتی بەڕێز مامجەلال لەکۆبوونەوەکەی (SI)دا سەنگو ئیعتباری مامجەلال دەسەلمێنێتەوە بۆ خەڵکی عیراقو کوردستانو ئاشتیو ئاسایشی ناوچەکەش.

هەڵبژاردنی شارەوانیەکان*

* ڕێبازی نوێ ژ/١٨

کاتێك سیاسەت، لە مەیدانی کردەوەدا دەردەکەوێ، گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان دەبنە پێوەرو پێوانەی ڕادەی ڕاستگۆیی ئەو سیاسەتەو تەرجومەی دروشمەکانی، لەوێشەوە بەرژەوەندیە گشتیەکان لە ڕەفتاری ڕۆژانەدا خۆیان نمایش دەکەن، نمایش کردنی بەرژوەندیەکانیش، دەرکەوتەو دیاردەی نەك هەر بنچینەکانی دێموکراسیەتن، بەڵکو بناغەی گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵگانو فاکتەری بەرەوپێش بردنو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیو کلتوریو ئابوریەکانیشن. لێرەشدا ئاڵو گۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئاسۆیەکی روونتر لە بەردەم کردەوەی سیاسیدا دەکەنەوە، بەو مانایەی کردەوەی بە کۆمەڵو کاری نەتەوەییو نیشتمانینو بەپێی پێش مەرجە کلتوریو کۆمەڵایەتیو ئابوریەکان.. هتد لە هەریەك لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووییدا لە نێو کۆمەڵگادا رسکاون. دیارە ئەمەش لە هەلومەرجێکی سیاسیدا بۆ یەکێکی ترو لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر هەر لە نێو هەمان کۆمەڵگادا دەگۆڕێنو کرانەوەی سیاسیو گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بنچینەکانی دێموکراسی دەچەسپێنێت ئەو کردەوە دیموکراسیانەشن بۆشایی نێوان دەوڵەتو دەستەڵاتی سیاسی لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنیدا کەم دەکەنەوە، چونکە هەر ئەو کردەوە دیموکراسیانە فەزایەکی ئازاد بۆ هەڵسوڕانی تاكو گروپە جیاجیاکان دەخولقێنێ کە تیایا بە گەشەی سروشتی خۆیان بنیاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەچەسپێننو ئاڵو گۆڕی سیاسی، کلتوری،

ئـابوری، ئازادانـه دەکەنـه نـەریتی بـاوو لـه هـەمان کـات دا رایـەڵی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتو دەسەڵاتی سیاسی لەلایەكو جەماوەری خـەڵك لەلایـەکی تـر دەتـەنن، هـەر رادەی چـالاکی ئـەم هەڵـسوڕانانەیە سـنوری کەوشەنی دەستەلاتەکان دیاری دەکات.

(بیریاران لەو باوەڕەدان که تۆژینەوە له گەشـەی کۆمـەڵی مـەدەنی لـەو ولاتانەی که نه رژێمی سیاسی ئازادو نه رژێمی ئـابوری ئـازادن، بـێ بـەرە. (مایکل والتسەر) که له خاوەن بیرەکانی کۆمەڵی مەدەنیە: سـورە لـه سـەر ئەوەی که پێکهێنانی کۆمەڵی مـەدەنی لـه ولاتـانی غـەیرە دیموکراتیـك دا مومکین نییـە)[1]. کەواتـه مومارەسـەی دێموکراسـی رەخـسێنەری زەمینـەو گەشەی کۆمەڵی مەدەنیە(که خۆی له لێك تێگەیـشتنو گونجـانو هاوکـاری خـەڵکیو دەرك کردنـی یـەکترو بـوونی ئامانجیهاوبـەشو یارمـەتی دانو یارمەتی کۆمەلایەتی له کەشی یاساییدا بەرجەسته دەبێو، بـه شـێوەیەکی ئاسایی ئەم کۆمەڵـه یـەکێك لـه سیماکانی، پلـەی زاڵبـونی کۆمـەڵ بـه سـەرخۆیدا، توانـای خـۆ بـەڕێوەبردن، یارمـەتی خـۆدان، خودموختـاریو دوورکەوتنەوە له هەر جۆرە وابەستەیییە، ولاتانی نا دیموکراتیك تا قۆنـاغی دابین کردنی سیفەتی وا رێگایەکی دوورو درێژیان له پێشه)[2] سەروەری یاساو

[1] کۆمەڵی مەدەنی، عبدالحسین ئازەرنگ وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو لاپەره ٤٦.

[2] هەمان سەرچاوە ل٤٦.

دیموکراتیزم زەمینـەی پێکهێنـانی کـۆڕو کۆمـەڵو رێکخـراوی پیـشەییو سەندیکایی جیاجیا دەڕەخسێنێ که ئەو ئۆرگانە نا حکومیانـه دەبنـه تـانو پۆی نێوان دەوڵەتو خەڵكو سەربەخۆیی ئەم رێکخراوانە له رووی ئابورییەوە وا دەکات مەودای هەڵسوڕانیان بەرانبەر به دەوڵـەتو دەسـتەڵاتی سیاسـی، هەمیشه له قازانجی گۆڕانو پێـشڤەچوون دابـێو وەکـو بـەرەی ئۆپزسـیۆنی خەڵك بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی زیاترو به دیهێنانی ئامانجه گشتیەکان له ئازادیو رەفاهیەت زیاتر تێ بکۆشن.

رادەی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش له سـەر رادەی بـەرزو نزمـی خـەباتی سیستماتیكو ئاشتیانەی تاكو گروپەکانی کۆمەڵ وەستاوە، ئـەو ئامانجانـەش که خەونو خولیای کۆمەڵن دەبێ له دونیای واقع دا بەدیبهێنرین. (ئەلفرێـد ئەدلەر) که زانایەکی دەروون شیکاریە (سایکۆلۆجی) بڕوای وایە که ئامانجه گشتیەکانمان خەیاڵی نمونەیی خۆمانن، پاشان دەڵێ" ئەو کەسەی بڕوای وایـە بەهەشتی دەدرێتێ چونکه رێگەی ئەوەی گرتووە، لەگەڵ ئەو بڕوایـەدا دەژی، بیروراکانمان هەڵوێستەکانمان دیـاری دەکـەن)[3] بـۆ ئـەوەی خـەڵك زووتـر لـه ئامانجەکانی نزیك بێتەوە باشتر کاری بۆ بکـات دەبـێ لەپێـشدا لـه هۆشـی خۆیدا ئەو خەونو هیوایانه پـەروەردە بکـات، لەگەڵیـدا بـژێیت تـاکو لـه هەڵوێستیو کردارەکانی دا رەنگ بداتەوە ئەوەش ئەو کاته بەکردەوە دێتـەدی

[3] هەمان سەرچاوە لاپەرەی ٩٩.

که بەشداربێ له دەستەلاّت دا. ئەوەش له زەمینێك دا گەشه دەکا که تیایدا دەستەلاّتی سیاسی دەولّەت، دێموکراسیەت بکاته پێناوی ئامانجەکانی. رێك له زەمینەیەکی ئاوادایه پرۆسەی هەلّبژاردن بەکردەوە جێبەجێ دەکرێ لەو رێگایەشەوە کۆنترۆلّی گشتی خەلّك بەرهەم دێ.

(هەلّبژاردن ئەو پرەنسیپه بەرجەسته دەکات که دەستەلاّتی سیاسی له خەلّکەوە سەرچاوە دەکرێو ئەمانەتێکه لەلایەن ئەوانەوەو هەروەها سیاستمەداران دەبێ وەرام دەرەوەی خەلّك بن، له کۆتاییدا تەنها توانای هەلّبژاردنەوەیه بۆ ئەو پۆستانه، ئەوە دابین دەکات، هەلّبژێرراوان خاوەنی گفتی خۆیان بنو رادەی پلەوپایەی خۆیان بپارێزن، هەروەها هەربواری هەلّنەبژاردنەوەیه، که گۆڕانکاری پێویست له پرسونێلو سیاستەکانی حکومەت دا بەپێی داخوازی گۆڕان دابین دەکات)[4] گۆڕینو گۆڕانیش لەبەرەو پێشچونی بەردەوام دا دیاریو دیاردەی رۆژگاری خۆی پێیه.

کاتێك خولیای گۆڕانکاری له هۆشی تاكو کۆمەلّ دا بۆ دونیایەکی باشتر دەبێته بزوێنەری هەنگاوی نوێ، شلّەقانو پێکاچونێك گۆمی مەنگی کۆمەلّگا تێك دەدا، ئەو مەنگیەی باری باوی کردۆته شتێکی پیرۆزو له گۆڕان نەهاتوو ئەو پیرۆزییه دەبێته جێگەی پرسیار!. وەکو د. عەلی وەردی دەلّێ: (نەتەوە دەکەوێتەوە بەردەم دووڕیانێك که دەبێ یەکێکیان هەلّبژێرێ

[4] نظريات الشخصية، دوان شلتز، لاپەرە ٧٤ وزارة التعليم العالى- جامعة بغداد

یەکەم رێگای پالّدانەوەو چەقبەستن، یان رێگای بێ ئۆقرەییو گەشەکردن)[5] واته رێگای رازی بوون به ئەمری واقعو باری باو یان رێگای جوولاّنو گۆڕان که هەر ئەم جولاّنو گۆڕانەشه گەشەی لێ دەکەوێتەوەو کۆمەلّگای مەدەنی تیادا له دایك دەبێ! که تیایدا مرۆڤ به ئێستای وەستاو رازی نیه، دەیەوێ له سەر داروپەردی ئێستا سبەینێکی گەشترو خۆشتر بنیات بنێ، سبەینێیەك به ئازادی زیاتر به داهێنانی زیاتر به رەفاهیەتی زیاتر. ئەنتونیو گرامشی(کۆمەلّی مەدەنی به بەشێك له کۆمەلّی سیاسیو دێموکراسیو ئەوانیش به بەشێك له دەولّەت دادەنێ)[6]، لێرەشدا دەولّەتو کۆمەلّی مەدەنیو سیاسیو دێموکراسی وا یەکالاّی یەکتردەبن که تەنها یاسا سنورو کەوشەنی دەستەلاّتی کۆمەلّو دەولّەت لێك جودا دەکاتەوە.

گروپه مەدەنیەکان، له چالاکی هەلّسوڕانیان دا خەبات بۆ فراوانکردنی سنوری دەستەلاّتی خۆیانو خەلّك دەکەن که لێرەدا بەرانبەر دەبنەوە لەگەلّ دەولّەت. له فەزایەکی ئاوادایه که رێکخراوو گرووپه مەدەنیەکان دەبنه هێزی گوشار بۆ سەر دەولّەتو دەستەلاّتی سیاسی. ئەو ململانێیه تەنها له کۆمەلّی مەدەنیدا بوونی هەیه، ئەوەش زەمینەی دەستەلاّتەکانی خەلّك له بەڕێوەبردنو یاسادانانو کاری سیاسیدا فەراهەم دەکات واته دەولّەت له

[5] ئازادی، دێموکراسیو... دیڤید بیتهام/ کوین بویل، لاپەرە ٤٣و... ئەبوبەکر خۆشناو.

[6] مهزلة العقل البشري د. علي الوردي.

بەرانبەر ئەو گوشارانەدا ناچار دەبێ مل بۆ داخوازیەکانی خەڵك کەچ بکاتو واز لە بەشێك لە دەستەڵاتەکانی خۆی بێنێ.

ئەو دەسەڵاتانەش لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دا بۆ ئەنجومەنەکان (شارەوانیەکان، پەرلەمان) بەرجەستە دەبێ. هەر ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنەشە بەکردەوە رێگە لە ناوەندێتیو دیکتاتۆریەتو بیرۆکراسی دەگرێو خەڵك لەرێگەی نوێنەرەکانیەوە کۆنترۆڵی دەزگا تەشریعیو ئیداریەکان دەکات هەم راستەوخۆ لەرێگای گروپو رێکخراوە مەدەنیەکان هێزی گوشار دەبن. ئەوەش بواری رەخنەو بە دواداچوونو چاودێری بە شێوەیەك گەشە پێدەدا کە باشترو زووتر کەمو کوڕیو گرفتەکان دەست نیشان بکرێنو هێندەش زووتر چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوەش پێویستی بە ئاشکرا کاری دەکات بۆ ئەوەی هیچ شتێك لە ژێر پەردەو دوور لە چاوی خەڵك رەدەڵو بە دەڵ نەکرێو کاری خەڵك بە ئاگاداریو چاودێری خەڵك خۆیەوە بکرێ. تەنانەت لە دەزگا ئەمنیەکانیش دا بواری چاودێری خەڵك وا دەکا مافی مرۆڤ بە باشترین شێوە بپارێزرێ.

شارەوانیەکانو پرۆڤەیەکی نوێ:

کورد، مێژوویەکی دووردرێژە بواری پرۆڤەی دیموکراسیانەی نەك بۆ نەڕەخساوە، بەڵکو لەو وڵاتانەشدا کە بە سەریدا دابەشێنراوە پرۆسەیەکی وانەبووە خولیای خواستی تاکی کوردی فراوانتر بکا، بۆیە کۆشاون ئەگەر تیشکێکیش هەبوو بێ لە تاقی کردنەوەی گەلانەوە بۆ ژێر دەواری دیکتاتۆریەتی سەر کۆمەڵی کوردەواری دزەی کردبێ، خێرا بەریان پێ گرتووەو راویان کردووە!. بۆیە هەر دەرگای دەرەوە لە کورد دانەخراوە بەڵکو تەنانەت دەرگای بیرکردنەوەو خەوبینینیش کە گۆڕانی لێ دەکەوێتەوە کڵۆم دراوە.

ئێستاش دوای کاروانی دووردرێژی رزگاری کورد دوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ۹۹۱ دەرفەتێك رەخساوە کورد خۆی رێکبخاتەوەو کۆمەڵگای خۆی بە شێوازێك رێکبخا کە لەگەڵ سەردەمی جیهانگیریو مەدەنیەت دا بێتەوەو لە ئیقاعی رەوتی سەردەمی نوێ، سەردەمی ئینتەرنێتو کاروانی بۆشایی، نەشاز نەبێو چیتر بەجێنەمێنێو گەشە بە ئابوری، کەلتور، سیاسەت... هتد خۆی بدات کورتترین رێگاش کردنەوەی دەرگایە لە سەر تواناو بەهرەکانی خەڵك ئەوەش رەخساندنی زەمینەیەکی وای گەرەکە، کە تاکی کورد بتوانێ بە ئەوپەڕی ئازادی تەعبیر لە راو بۆچوونەکانی خۆی بکات. بۆیە پرۆسەی هەڵبژاردنی کردە پێناوی ئامانجەکانی کە تیایدا خەڵك دوای پرۆسەکە راستەوخۆ لە بەڕێوەبردنو ئاڵو

گۆڕە پێویستیەکانی نێوکۆمەڵگاو سیستەمی گوزەرانو سیمای شارەکانیان دا رۆڵی کاریگەریان دەبێو سەرپشك دەبن. ئەو سەرپشك بوونەش زەمانو زەمینی ترەکینی خولیاو خەونو هیواکانە. ئەریك فرۆم لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا دەڵێ: (کێ دەتوانێ واز لە هیوا بهێنێ مادام لە ژیاندا بێ)[٧].

کاتێکیش خەڵك بەشدارە لە دەستەڵات دا هەرخۆشی ڕێوشوێنی پاراستنی ئەو دەستەڵاتە دادەنێ چونکە خۆی پێ دەپارێزێ. (مادام هۆرنا)ی زانای دەروونشیکار دەڵێ(ئەگەر دەستەڵاتم ببێ کەس ناتوانێ ئازارم بدات)[٨] پاراستنی ئەمنیەتی خەڵك بەدیهێنانی داخوزایەکانی خەڵك، باشترکردنی ژیانو گوزەرانی خەڵك، راستەوخۆ لە دەست خەڵك خۆیدا دەبێ. چێژی دەستەڵاتو دیموکراسی لەلایەن خەڵکەوە وا ئاوێتەی وشیاری سیاسیو دیموکراسی دەکا چینو توێژەکانی خەڵك وا هاندەدا کە خۆیان وا رێك خەن، سیستەمێکی وا دابنێن کە ببڕای ببڕای پاشەکشە لە دونیای مەدەنیەتو پێشکەوتن نەکەنو ئەم پرۆسەیە وا بە ناخو خولیای خەڵك دا رۆ دەچێ تا دەبێتە نەریتی باو، نەریتێك بەردەوام دەبێ لە هەڵبژاردن بۆ هەموو ئۆرگانە ئیداریو تەشریعیو تەنفیزیەکان (بەڕێوەبردنو یاسادانانو جێبەجێکردن)و سەرجەم بوارەکانی ژیان ئەوەش دەبێتە دیفاکتۆی ژیانێکی مەدەنی لە نێو

[٧] سەرچاوەی پێشووتر..
[٨] نظريات الشخصية ص١٣٢

کۆمەڵی کوردەورایدا بۆیە ئەم پرۆسەیە نەك هەر دەرگای گەڕانەوەی دیکتاتۆریەتی کلۆم داوە بۆ یەکجاری، بەڵکو دەکرێ وەك نمونەیەك چاولێبکرێ بۆ کۆمەڵانی خەڵکی عێراقو تاقی بکرێتەوەو جێبەجێی بکەن. ئەم پرۆسەیە ئەوەشی سەلماند کە کورد زۆرباش توانای مومارەسەی دیموکراسیو خۆبەڕێوەبردنی هەیەو گەلێکی ئاشتی خوازو پێشکەوتن خوازەو شایستەی ژیانێکی مەدەنیو مۆدێرنە.

له‌یادی راپه‌ریندا*
راپه‌رین‌و.. به‌رائه‌تی شۆڕشگێڕانه

* كوردستانی نوێ ژماره ٢٣٩٦ پێنج شه‌ممه ٢٠٠١/٣/٨

مێژووی مرۆڤایه‌تی پڕه له‌شۆڕش‌و راپه‌ڕین‌و هیچ شۆڕش‌و راپه‌ڕینێكیش به‌دوعاو قسه‌ی خۆش‌و دیالۆگ نه‌كراوه، شۆڕش‌و راپه‌ڕین یانی هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه له‌و باره كۆمه‌ڵایه‌تی، سیاسی، سه‌ربازی، ئابووری، كه‌لتوورییه‌ی ده‌سه‌ڵاتی مه‌وجود سه‌پاندوویه‌تی‌و به‌هه‌موو شێوازێكیش ده‌یه‌وێ بیپارێزێ.

كاتێك جه‌ماوه‌ریش راده‌په‌ڕێ ده‌یه‌وێ ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌و سه‌رچاوه‌و بنه‌ماو ده‌زگا جۆربه‌جۆره‌كانی هه‌ڵته‌كێنێ، له‌جێگای ئه‌و ده‌زگاو ده‌سه‌ڵاتێكی‌تر كه‌نواندنه‌وه‌ی خواسته سیاسی‌و ئابووری..هتد بێ بهێنێته ئارا. كه ده‌شڵێین(هه‌ڵته‌كاندن)به‌مانای رووخاندن‌و تێكوپێكدانی ماددی‌و مه‌عنه‌وی بنكه‌و باره‌گاو گوتارو راگه‌یاندن‌و.. ئه‌و رژێمه كه جه‌ماوه‌ر لێی هه‌ڵگه‌ڕاوه‌ته‌وه، دیاره ئه‌وه‌ش فه‌وزایه‌ك دروست ده‌كات كه سه‌رانی راپه‌ڕین ناتوانن وه‌كو خۆیان ده‌یانه‌وێ ئاوا كۆنترۆڵی رووداوه‌كان بكه‌ن وێڕای هه‌ڵوێستی جوامێرانه‌و ئازایه‌تی‌و ده‌یان شه‌هیدی قاره‌مان گه‌لێك كاری كرێت‌و ناشرینیش رووده‌دات.

له‌راپه‌ڕینی پڕشكۆی به‌هاری ٩١ی گه‌له‌كه‌ماندا زۆر وێنه‌ی جوان‌و ناشرین، رووناك‌و تاریك بینران، به‌ڵام زۆر به‌ڕاشكاوی ده‌ڵێم وێنه‌ی جوان زۆر زیاتربوون كه هه‌ریه‌كه‌یان ده‌یان چیرۆك‌و رۆمان هه‌ڵده‌گرن.. ئه‌وێ رۆژێ به‌رائه‌تی شۆڕشگێڕانه هێنده زۆربوو كه‌س بیری له‌تالاَن‌و بڕۆ نه‌ده‌كرده‌وه، هه‌ر

سەیارەو کەلوپەلی رژێم بوو لەسەر جادەو کۆلانو بارەگاکان کەوتبوون یان دەیان هێنان بۆ بارەگای پێشمەرگە، حەماسی شۆڕشگێڕانە هێندە بەرزبوو کە شەهیدبوون چێژو خۆشیو قەرەبووکردنەوەی ئەرکو مافی گەلو نیشتمانی داگیرکراوبووو هیچی دی.. ئەو رۆژە کە لەگەڵ هەڤالان لەشاخەکانەوە دابەزینو لەگەرمەی هاوارو گرمەی راپەڕیندا چەند رووداوێکم دیت کە ناوم لێنان بەرائەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کە لەخوارەوە یاداشتم کردوون:

١-رۆژی ٣/٦ لەرانیە بارەگاکانی رژێمو سەرجەم پەلو پۆکانی کەوتبووە دەست جەماوەری راپەڕیوو، دەیان سەیارەو کەلو پەلی گرانبەها لەوێ کەوتبوون دەیان خانوو چۆڵو هۆڵ مابوونەوە، گوێم لەجەماوەری وروژاو بوو لەبەردەم چەند خانوویەك گفتوگۆیان لەبارەی خانووەکان دەکردو بڕیاریاندا چاودێرییان بکەن تاکو پێشمەرگە دەیپەرژێتە سەر چارەسەرێكو دەیدا بەخێزانی شەهیدانو بەمافی خۆیان نەدەزانی بچن داگیری بکەن!

٢-رۆژی ٣/٧ هەر لەرانیە چەند مێردمنداڵێك بەوپەڕی شەوقو زەوقەوە سەیارەیەکان بە پشتێنەکان رادەکێشا بەرەو بارەگای پێشمەرگەو دەیانگوت ئەوە بۆ پێشمەرگە باشە!

٣- رۆژی ٣/١٢ لەهەولێر چەند کەسو کۆمەڵێك بەڵگەنامەی لانە جاسوسییەکانی رژێمیان خستبووە پشتی پیکابێكو بەدوای پێشمەرگەدا دەگەڕان نەکا بفەوتێنو دەیانگوت:

ئەوانە شتی زۆر حەساسیان تێدایەو دەبێ حزب لێیان بکۆڵێتەوەو بەوردی تاووتوێیان بکات بۆ ئەوەی خۆفرۆشان بزرنەبن!

٤-رۆژی ٣/١٢ منداڵێکی ٦سالان رایدەکرد بۆ لامانو دەستێکی شتێکی تێدابوو توند نوقاندبوویو وتی: مامە ئەوە بۆ ئێوە باشە ئەو منداڵانە خەریکبوون لێم بستێنن!

وتم: رۆڵە گیان ئەوە چییە پێتە؟

وتی: ئەوە فیشەکە! سەیرم کرد پێنج فیشەکی کلاشینکۆفی توند لەنێو مشتیدا حەشار داون!

وتم: بابەگیان با بۆ خۆت بن راپەڕین هێشتا بەردەوامە!

هەڵبژاردنی شارەوانییەکان“[*]
کردنەوەی دەرگایەکی تر بەڕووی کۆمەڵگا
بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنیو دێموکراسی

[*] کوردستانی نویٚ ژمارە ٢٠٧٥ چوارشەممە ٢٠٠٠/١/٢٦

بەدرێژایی سەدان ساڵی رابردوو دەرفەت بەکورد نەدراوە، پرۆڤەی دێموکراسی بکا، لەرۆژهەلاٚتی ناوەڕاستیش کەمترین بواری دێموکراسیو سێ پێکهێنەرەکەی ([1]هەڵبژاردنی دادپەروەرانە، حکومەتی کراوەو وەلاٚمدەرەوە“ مافە مەدەنیو سیاسیەکانو کۆمەڵی مەدەنی دیموکراتیك) غائیب بووە، هەڵبژاردنی شارەوانییەکانیش تەنها لەولاٚتی ئێران، تورکیا، ئیسرائیل، دەبینریٚ کاتێك نەتەوە ئازایەتی شکاندنی بازنەی دواکەتوویيو تەقلیدی دەبیٚ کە وەك د. عەلی وەردی دەڵیٚ لەدوو ریٚگا یەکێکیان هەڵبژێریٚ.

([2]یان ریٚگای پاڵدانەوەو چەق بەستن، یان ریٚگای بیٚ ئۆقرەيیو گەشەکردن) کە ئەوەی دووەمیان دێموکراسیو کۆمەڵی مەدەنییە.

کاتیٚ دەستەلاٚتی سیاسی دەرگای پرۆسەی دێموکراسی زیاتر دەخاتە سەرپشت ئەوا گویٚ لەڕەخنەو گلەيیو دروشمی ناڕازی دەگرێتو ئەمەش وادەکات خەڵکی داخوازییەکانیان بێننە دی کەخۆی لەبەشداریکردنی زیاترو فراوانتری بەڕێوەبردنو دەستەلاٚتدا دەبینێتەوە، تاچەند خەڵك بەشداری لەدەستەلاٚتدا بکەن هێندە دێموکراسی دەبێتە پێوانەو پێناوی کۆمەڵی مەدەنی هەر وەك ([3]ئینتۆنیوگرامشی) کۆمەڵی مەدەنی بەبەشێك لەکۆمەڵی سیاسیو دێموکراسيو ئەوانیش بەبەشێك لەدەوڵەت دادەنیٚ،

لێرەشدا دەوڵەتو کۆمەڵی مەدەنی دیموکراتیك وا یەکالای یەکتر دەبن کەتەنها یاسا سنووری دەستەڵاتیان لێك جودا دەکاتەوە، رێکخراوە مەدەنیەکان، گوشار بۆ سەر زێدەڕۆیی دەستەڵاتەکانی دەوڵەت پێك دەهێنێ، زەمینە بۆ زۆرترین بەشداری خەڵك لەبەڕێوەبردنو دەستەڵاتی سیاسیدا دەخولقێنێ.

([4]جیرمی ریکفین) کۆمەڵ بەسێ پایەیەك دەچوێنێ کە پێگەکانی ئابووریو دەوڵەتو کۆمەڵی مەدەنین، کاتێ گەوهەرو پێوەرو پێوانەی کۆمەڵی مەدەنی دێموکراسی بێ حزبی دەستەڵاتدار بێ باوەڕی قوڵی دێموکراسی ناتوانێ کۆمەڵی دیموکراتیکی مەدەنی بکاتە پێناوی ئامانجەکانی.

هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، تاقی کردنەوەیەکی گەورەو نوێیە بۆ گەلی کورد ، دەرگای سەرەتایەکیشە کەبەکردەوە کورد چاکتر دەخاتە نێو شەپۆلی دێموکراسیو کۆمەڵی مەدەنی، سەرەتایەك بۆ بەشداری راستەوخۆی خەڵك لەبەڕێوەبردنو دەستەڵاتدا، هەرچەند دوورنمای ئەم هەڵبژاردنەو ئاسۆکانی هێشتا زووە قسەی لێبکرێ، بەڵام ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بێگرفت بەئەنجام بگات چێژی دێموکراسیو دەستەڵات لەلایەن خەڵکەوە ئاوێتەی وشیاری دێموکراسیو سیاسی دەکاو چینو توێژەکانی کۆمەڵ بەرەو خۆڕێکخستنی سەربەخۆ هاندەداو لێرەدا سیمای کۆمەڵی مەدەنی دەبێتە دیفاکتۆ، ئەوەش هەنگاو هەڵهێنان دەبێ لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان بۆ

هەڵبژاردنەکانی دێموکراسیەت بەناخو خولیای خەڵكو تاکی کۆمەڵدا وا رۆدەچێو دەبێتە نەریتی باو، ئەو وێنەیە شایستەی گەلی کوردە کەپێشانی جیهانیان بدرێ.

*ئێستا چارەنووسی بەشێك لە خەڵکی کوردستان بەکردەوە لەدەستی خەڵکی کورد خۆی دایەو بەهەڵبژاردن نوێنەری دڵخوازی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی شارەکانیان هەڵدەبژێرن، مێژووش ئەم دەست پێشخەرییە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تۆمار دەکات.

سەنگەرێکی نەتەوەیی تۆکمە*
بۆ مسۆگەرکردنی ئایندە

* کوردستانی نوێ ژمارە ٢٨٤٦ چوارشەممە ٢٠٠٢/٨/٢٨

گەلی کوردو حیزبە کوردستانییەکان حەقیان بوو کەبەدرِدۆنگییەوە برِواننە گوتەو دەربرِینەکانی کۆشکی سپی، چونکە ئەزموونێکی تاڵ لەرِابردوودا هەیە کەجدی نەبوونی ئەمریکای لەلێدان بەمەبەستی ئاڵوگۆرِ لەعیراقدا نیشانداوە! جگە لەوەش هەمیشە تەمومژێکی بەسەر رستەو دەربرِینەکاندا هەبووە کەئاسۆی ئایندەی گۆرِانکاریو تەنانەت نیازی راستەقینەی ئەمریکا لەمەرِ ئەو ئاڵوگۆرِانەو مەسەلەی جۆری سیستمی ئایندەو شوێنی کورد لەو سیستمەدای دەشاردەوە، هەربۆیەش یەکێتیی نیشتمانی لەوەها دۆخێکداو لەبەشداری لەهێرشێکی سەربازیدا بۆ سەر عیراق خۆی بەدوور دەگرت، چونکە هەڵوێستەکانی یەکێتیو سەرجەم هەنگاوو دەربرِینەکانی هاوتەریبە لەگەڵ داخوازییە سیاسییە مەبدەئییەکانی کەخۆی لەعیراقێکی دێموکراسی فیدراڵو فرەلایەندا دەبینێتەوە، ئەو ئامانجانەش لەراگەیاندنەکانی یەکێتیداو لەسەر زاری هەڤاڵ مام جەلال بەبەردەوامی راگەیانراوەو، لەم سەردانە رەسمییەی دواییدا روونتر لەتورکیاو دواجاریش لەواشنتۆن دووپات کرایەوە.

دیارە وەکو فرانس نوێمان دەڵێت“ فیدرالییەت بەبێ دێموکراسی لەدرۆیەك بەو لاوە شتێکی تر نییە، هەر بۆیەش تەنها عیراقی دێموکراسی، فیدراڵی

فرەلایەن پێشمەرجی مانەوەی عیراقی بەهێزو یەکگرتووە، دەربڕینەکانی ئەم جارەی کۆشکی سپیش لەپشتگیریی بەیاننامەی ئۆپۆزسیۆنی عیراقیدا هیچ تەمومژو لێڵییەکی نەهێشت، کاتێك ئۆپۆزسیۆن پابەندبوونی خۆی بەعیراقێکی دیموکراتی فیدراڵ راگەیاند، حکومەتی ئەمریکایش پێشوازیو پشتیوانیی خۆی لەناوەرۆکی ئەو راگەیاندنە کرد. دڵخۆشیی ئەمجارەش لەوەدایە کەزۆربەی هێزە سەرەکییە ئۆپۆزسیۆنەکان، کۆکبوون لەسەر شێوازی کارکردنو هاوکاریی ئەمریکاو نەخشەی عیراقی ئایندە، کەئاماژەکانی لەئاسۆوە دەرکەوتوون. دیاریشە ئەمجارە ئەمریکا زۆر بەراشکاوی گۆڕینی رژێمی لەبەرنامەدایەو هیچ ئامرازو شێوازێکی گۆڕینیش رەت ناکاتەوە، لێرەدا کەگومان لەسەر ئەو هێرشە سەربازییەو ئاڵوگۆڕە نەماوە هەقە هێزو حیزبە کوردییەکانیش ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ بەدیهێنانی زیاتری کوردستانێکی بەهێزو یەکگرتوو، ئەوەش بەکردنەوەی دەرگای گفتوگۆیەکی نەتەوەییو نیشتمانییانەی هەمەلایەن کەهەموو حیزبو رێکخراوە کوردستانییەکانی تێدا بەشداربن بەعلمانیو ئیسلامییەوە کەباوەڕیان بەگەلەکەیانو نیشتمانەکەیانە.

جگە لەو تیرۆریستانەی خیانەتیان نەك هەر لەنیشتمانەکەیان کردووە، بەڵکو خیانەتیان بەمێژوو کولتوورو هەموو موقەدەساتێکی نەتەوەکەیان کردووە، ئەو دیالۆگە یەکێتیی هێزو حیزبەکان بەدیی دەهێنێت و

سەنگەرێکی نەتەوەیی تۆکمە بۆ بەدەستهێنانی حکومەتێکی فیدراڵی بەهێز لەعیراقی ئایندەدا دەکاتە ئامرازی رزگاریی گەلەکەمان.

راگەیاندن لەنێوان کرانەوەو تەسکبینیدا*

* کوردستانی نوێ ژمارە ٣٤٩٦ سێشەممە ٢٠٠٤/١٠/١٢

ئێمە گەلێکین بەدرێژایی مێژوو چەوسێنراوینەتەوەو زوڵممان لێکراوە، بەچاوی تەسکبینی و رەگەزپەرستی مامەڵەمان لەگەڵداکراوە، هەر بۆیەش کۆمەڵگای عیراقی لەجیاتی پێشڤەچوون قەیران لەدوای قەیران، شکست لەدوای شکستی چنیووەتەوە، لەجیاتی ژیانی مۆدێرن و خۆشگوزەرانی و هێمنایەتی، دواکەتوویی و ژیانی کولەمەرگی و جەنگی بۆ رۆڵەکانی هێناوە.

ئێستا دەرگایەك لەعیراقییەکان کراوەتەوە بەکوردو عەرەب و نەتەوەکانی ترەوە کەبەرەو پێشکەوتن و ئاشتی دەیانبا ئەگەر خۆیان واقیعبینانەو بەباوەش و عەقڵێکی کراوەوە بڕواننە شتەکان و مامەڵەیەکی سەردەمانە بکەن، لێرەدا راگەیاندن رۆڵێکی وەرچەرخێنەر دەبینێ کەپێویستە ئەو چرایە بێ کەشەقامەڕێی پێشکەوتن رووناك دەکاتەوە بەتایبەت راگەیاندنی ئێمە، کەچەوساوەی دەستی راگەیاندنێکی رەگەزپەرستانەو تەسکبینانەی گەلی سەردەستەین، پێویستە کاریگەریمان تا وەرسوڕانی راگەیاندنی ئەوان بەرەو کرانەوەو رۆحی لێبوردەیی و دیموکراسی بچێتەپێش، دەبێ راگەیاندن بۆ رێکخستنەوەی کۆمەڵگا وا کاربکات کە گەوهەرەکەی ئازادی تاك و رێزی جیاوازی و ناکۆکییەکان بێ، دەبێ جەنگ لەگەڵ خۆمان و ئاکاری خراپی نێو مێژووی خۆمان جاڕبدەین، بەفڕێدانی کۆت و بەندەکان و وەرگرتنی ناوەڕۆکە

باشەکان کەئەمە جەنگی نوێکردنەوەیە، چونکە بیٚ موتوربەکردن پێشکەوتن بەدەست نایەت، متوربەکردن بەبەهای نویٚ کەدەبیٚ فێریان ببین و کەلتووری رابردوو دەبیٚ گولٚبژێر بکرێت، چونکە تاك بریتییە لەکۆی هەلٚسوکەوت و ئاکارێك لەنێوان ئارەزووی ئازادی و ئینتمای کەلتووری و داواکاری ئەقلانی، کەدەبیٚ راگەیاندن رۆلٚی هەبیٚ لەکرانەوە بەسەر دنیای ئازادی ئەمڕۆدا کەبەرەو رووی تاك و کۆمەلٚگا کراوەتەوە بۆ وەرگرتنی بەها نوێکان و پرەنسیپەکانی دیموکراسی بۆ نوێبوونەوەو چرۆکردنی گیانی لێبوردەیی و قبولٚکردنی بەرامبەر، تۆخکردنەوەی خالٚەکانی پێکەوەژیان و کالٚکردنەوەی گرفتەکان کەکەلتووری تەسکبینی رابردوو چاندوونی.

راگەیاندنی کوردی نەك هەر لەنێو کۆمەلٚگای عیراقدا بەلٚکو کاتیٚ رووی دەمی دەکاتە دەروجیران و دنیاش دەبیٚ کار بۆ لێك گەیشتن و دروستکردنی پردی متمانەو لێبوردەیی بکات، بۆ ئەوەی هەلٚە تێگەیشتنەکان لەمەڕ کورد لاببات و تێگەیشتنێك دروست بکات کەکورد نەتەوەیەکە خۆی و حکومەتەکەی دەکریٚ پشتیان پیٚ ببەستریٚ و دۆستایەتیان بەرەو بەرژەوەندی هاوبەش و ئاسایش و هاوکارییان دەبات، ئەوەش رێگای سەرخستنی کێشەی رەوای گەلەکەمانە.

ئێمە ئێستا کە لەنێو دۆخێکی سیاسی دەلٚەمەییدا دەژین قسەکردن بەزمانی گولٚ لەهەمووکات و سەردەمێك بۆ ئێمە پڕبایەخترە، بەتایبەت راگەیاندنی یەکێتی کەئامانجێکی سیاسی، کۆمەلاٚیەتی لەپێشەوەیە دەبیٚ

کار بۆ زەمینەیەك بکەین تیایدا هەموو دەنگ و رەنگە جیاوازەکان بەشداربن لەپێکهێنانی کۆمەلٚگاو دەولٚەتێك کەدیموکراسی و فیدرالی و فرە لایەن بیٚ و هی هەمووان و بۆ هەمووان بیٚ.

هەڵبژاردن لەبەردەم ئیرادەیەکی ئازاددا*

* کوردستانی نوێ ژمارە ٣٥٢٧ دوشەممە ٢٠٠٤/١١/٢٢

مافی هەبوونی هەڵبژاردنی سیاسی باشترین گـرەنتی، ئـازادی رادەربـڕینی مرۆڤە، چونکە پرۆسەی هەڵبژاردن بەمەرجی ئازادانە، مرۆڤ دەکاتـە خـاوەنی خودو ئیرادەی ئازادانـەی خـۆی، ئـەو پرۆسـەیەی لەبەردەمماندایـە، یەکـەمین پرۆسـەی هەڵبـژاردنی ئـازادە، کـەتاکی عیراقـی بەشـداری تێـدا دەکـات و دوهـەمین پرۆسەشـە کەخـەڵکی کوردسـتان ئـەزموونی دەکـەن، چـونکە بەدرێژایی مێژووی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق، هەڵبـژاردن بـەمانا روحی و یاساییەکەی بوونی نەبووە، بەڵکو سیناریۆیەکمان ئەزموون کـردووە لەفەزایەکی تۆقێنەردا کەکەسـی هەڵبـژێرەر بەچـاو سـورکردنەوەو هەڕەشـە رادەکێشرایە سەر سـندوقی دەنگـدان و بۆشـی نـەبوو جگـە لەوانـەی رژێـم دەستنیشانی کردوون لەسیخوڕو پیاوەکانی خۆی دەنگ بەکەسـی تـر بـدات! بەڵکو کەسی تر وجودی نەبوو!

مافی رەتکردنەوەی دەنگ دانیشی نەبوو! بۆ خۆکاندید کردنیش هیچ کەس مافی نەبوو، ئەو مافە بۆ پیاوانی رژێم قۆرخ کرابوو!

لەپرۆسـەی هەڵبـژاردنی سـاڵی ١٩٩٢ی پەرلـەمانی کوردسـتاندا ئەزموونێکی سەرەتایی و بۆ یەکەمین جارمان تاقیکردەوە، هەرچەند هێندێك کەموکوڕی هونەری و یاساییمان هەبوو لەپرۆسـەکەدا، بـەڵام لەسەرئاسـتی

عیراق و ناوچەکەدا بیٚ وێنە بوو! بیٚ وێنە لەئاستی زۆری بەشداری دەنگدەران و بیٚ وێنە لەئاستی ئازادی رادەربڕینی دەنگدەراندا. ئەگەر ئەو دەم گرنگی ئەو پرۆسەیە لەچەسپاندنی نەریتی هەڵبژاردن و دیاریکردنی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی کوردستانی بۆ یەکەمین جارو تاقیکردنەوەی پرۆسەکە لەفەزایەکی ئازاددا بۆ یەکەمین جارو پاشان حکومەتێکی کوردی بۆ یەکەمین جار بوو بێت! ئەوا هەڵبژاردنی ئەمجارە لەسەرئاستی کوردستان لەسەر ئاستی عیراقیش زۆر ناسکترو گرنگترە، لەسەر ئاستی عیراق دۆخێکی ئاڵۆزو گرژو یەکەمین هەڵبژاردنی ئازادە کە کورد بەشداری تێدا دەکات، کەسەرکەوتنی کورد دەکەوێتە سەر رادەی بەشداری خەڵکی کوردستان و توانا و کاریگەری نوێنەران و چۆنیەتی هاوپەیمانی کورد لەو پەرلەمانەدا، لەسەر ئاستی کوردستانیش لەقۆناغێکی نویٚ و هەلومەرجێکی نوێدا پرۆسەکە ئەنجام دەدرێت کەسەرخستنی پرۆسەکەو رێکخستنەوەی ئیداراتی کوردستان و حکومەتێکی یەکگرتوو گرەنتی سەرکەوتنی خواستەکانی کوردو چ ئەوانەشی بەدیهاتوون چ ئەوانەی بۆیان لەخەباتداین، نابێت گەشبینی وامان لێبکات واقعی پێکهاتەی عیراق و زۆرینەی عەرەب و کولتووری نەریتخوازی عیراقی بارگاوی بەشۆڤێنییەکی عەرەبی و ئیسلامی توندڕەوی عەرەبی برا گەورەمان لەبیربباتەوە!

لەکاتێکدا بڕیارەکانی ئەو پەرلەمانە کاریگەری چارەنوسسازی لەسەر پاشەڕۆژی گەلەکەمان دەبێت و شەڕی نەتەوەکەمان لەهۆڵەکانی پەرلەماندا

بۆ بە یاساییکردنی دەستکەوتەکان و بەدەستهێنانی مافە بەدی نەهاتووەکان و گێڕانەوەی کەرکوکی خۆشەویست و ناوچەکانی تر بۆ باوەشی کوردستان دەست پێدەکات، لەهەمان کاتدا ئەو پرۆسەیە باشترین مەیدانی خۆدۆزینەوەی تاکی کوردە، چونکە یەکەمین جارە تاکی کورد لەوێدا ئیرادەی ئازادانەی خۆی بۆ پەرلەمانی عیراقی کەبەرزترین دەزگای یاسادانانە ئەزمون دەکات، ئەو کەسەی تاپێش راپەڕین بەزۆر بۆ سەر سندوقی دەنگدان رادەکێشرا کەهیچ هیواو رووناکییەکی تێدا نەدەدی، ئێستا بەوپەڕی ئازادی وئیرادەی خۆی خواستی خۆی دەخاتە گەڕو ئەوەی خۆی حەزی لێیە هەڵی دەبژێرێت یان رەتی دەکاتەوە! ئەوەیش زەمینەیەکی گونجاوە بۆ بەدەستهێنانی بنچینە یاسایی و سایکۆلۆژی و ئاگاییەك کەتیایدا هاووڵاتی وشیاری لیٚ دێتە بەرهەم کە ئەویش زەرورەتێکە بۆ بنیادنانی کولتوری دیموکراسی و کۆمەڵگایەکی مەدەنی کەمەرجی سەرەکی هێنانەدی پەرلەمان و سیستمێکی دیموکراسین کەتەنها دۆخێکی ئاواش دەستەبەری هێنانەدی ماف و هیواکانی گەلی کوردستان دەکات.

كڵپەی ڕاپەڕینی ٣/٥ لەڕانیەی دەروازەوە، مژدەبەخشی ئازادی بوو*

* كوردستانی نوێ ژمارە ٣٦١٣ لە ٢٠٠٥/٣/٥

ڕۆژی مەزن لەمێژووی نوێی گەلەكەماندا زۆرن، دامەزراندنی حكومەتی كوردستانی باشوور بەڕابەرایەتی شێخ مەحمودی نەمر، هەڵكردنی ئاڵای كۆمارە ساواكەی مەهابادو هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول و دواجار لەدایكبوونی ی.ن.ك لە ١٩٧٥/٦/١ شۆڕشی نوێی گەلەكەمان لە ١٩٧٦/٦/١.. نموونەی نەبەزین و سووربوونی گەلێكن كە سەرەڕای دڕندەترین شێوازی چەوساندنەوە لەسەر دەستی دڕندەترین دیكتاتۆر، كە لەمێژوودا وێنەی دەگمەن بوو، بەڵام ڕاپەڕینی ٥/٣/١٩٩١ لەیەك كاتدا هەموو ئەمانەو بەرئەنجامی ڕۆحی تێكۆشانی ئەو ڕۆژانە بوون كە لەپشتیەوە ئیرادەیەكی پۆلاینی ژیان دۆستی و ئازادیخوازی نەتەوەیەك خۆی نمایش دەكرد، ئیرادەیەك دواجار بوركانێكی تەقاندەوە پەیامەكەی بەخوێن و گڕ، بەپیتی درشت لەئاسمانی ساماڵی كوردستان نووسی (كورد نەتەوەیەكەو ناسنامەو ئازادی دەوێ).

ئەم ڕاپەڕینە بەرهەمی ڕەنج و خەم و خولیاو خوێنی ژن و پیاوو گەورەو بچووكی كوردستان بوو كە بڕیاری گۆڕین و ئازادیان دابوو بەهەر نرخ و بەهایەك بێت، ڕاپەڕین هەر ڕاپەڕینێكی سیاسی نەبوو، بەڵكو لەیەك كاتدا رووخانی سیستەم و دەسەڵاتێك و بنیاتنانەوەی سیستەمێكی نوێ و ژیانێكی نوێ بوو، كە تیایدا بەكۆمەڵێك بەهاو نەریتی نوێوە هاتە نێو كۆمەڵگای كوردەواری، كە سەرەتای ڕچەشكاندنێكی نوێ بوو كە شەقڵەكانی تاكو ئێستاش بەردەوامن، گەورەیی ڕاپەڕین هەر لەدەرپەڕاندنی هێزە داگیركەرەكانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسیدا دەرناكەوێ، بەڵكو بەقوڵایی ئەو گۆڕانە كەلتوری، كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، سەربازیەدا دەپێوری كە

بەسەر کۆمەڵگاو سەرجەم گروپ و پێکهاتەکانیدا هاتووەو بەردەوامیش لەجۆشی گۆڕانەکەدایە، پاشان ئەو ئاوەدانکردنەوە زۆرو فراوانەی سەرجەم شارو دێهاتەکانی گرتووەتەوە دوای ئەو رووخان و وێرانییەو ئەو هەموو نەخۆشخانەو زانکۆو خوێندنگایانە ئەو هەموو بەخششەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاوولاتی کوردستانی، مەزنی و گەورەیی راپەڕین و بەرەکەتەکانیمان بۆ دەردەخات.

ئێستا بەرهەمی راپەڕین لەسنووری کوردستان دەرچووە سەنگی کێشەی کوردی هێندە بەرزکردووتەوە کە پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عیراق و نووسینەوەی دەستوور نەك هەر حزوری کوردی کردووەتە زەرورەت بەڵکو کردویەتیە هەوێنی ئەو دروستکردن و بنیاتنانەوەیە، کە دەبێ سیاسەتمەدارانی کورد سوورترو ئازاتر پێداگریی داخوازییەکانی نەتەوەکەمان بەتایبەت لەمەسەلەی کەرکوك، پێشمەرگە، بەشە دارایی، فیدرال و کێشەی سنووری جوگرافی، ئەوەش ئاواتی سەرجەم ئەو قارەمانانە بوو کە خوێنی خۆیان لە ٥/٣داو رۆژانی دواتر کردە خەنەبەندانی ئازادی گەلەکەیان، بەداخەوە تاکو ئێستا بەقوڵی و هەمەلایەنی خوێندنەوەیەك بۆ ئەو راپەڕینە نەکراوە کە رەهەندەکانی بۆ نەوەکانی داهاتوو مایەی تێگەیشتن و لێبووردبوونەوەیەکی وابن نرخ و بەهاو قوربانییەکانی مافی خۆیان پێ بدرێت.

هاوئاهەنگی یەکێتی و پارتی و حزب و رێکخراوەکانی تر لەم قۆناغەدا کە بەخێرایی بەرەو یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە دەڕواو لیستی هاوپەیمانی لێکەوتەوە کە دووەمین دەنگی لەسەر ئاستی عیراق هێنا، نەك سارێژکردنەوەی برینەکانی شەڕی ناوخۆو دووبەرەکیەکانی دوو گوتارو دوو

ئیرادەو پارچەکردنی نیشتمان بوو، بەڵکو تۆکمەکردنەوەی ریزەکانی نەتەوەو دارشتنەوەی بناغەکانی نەتەوە بوو لەیەك ئیرادەیی و یەك گوتاری و یەك هەڵوێستیی، کە وای کرد نەك دۆستان بەڵکو دەروجیران و هەموو ئەوانەش ئاوازی ناسازیان دەژەنی ئێستا بەپەلە پروزێ کەوتوونەتە پەیوەندی کردن بۆ دۆستایەتی کوردو نەك هەر ئەوە بەڵکو هەموویان داواکارو هاندەری هەڤاڵ مام جەلال-ن بۆ پۆستی سەرۆکی دەوڵەت نەك هەر بەخاتری دۆستایەتی کورد، بەڵکو بەباشترین فاکتەری مانەوەی دەوڵەتی عیراقی دەبینن بەیەکگرتوویی، چونکە زۆرترین متمانەو دڵنیایی دەبەخشێ.

وەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن هەڤاڵ مام جەلال-ەوە یەکەم کورد دەبێ لەمێژووی عیراقداو هەقە بکرێتە رۆژی نیشتمانی و هەموو ساڵان یادبکرێتەوە.

دەبا یادی ١٩٩١/٣/٥ یەکەم رۆژی راپەڕینی رانیەی دەروازە هاندەرمان بێت بۆ برایەتی و تەبایی و پێداگریی تاسەر، لەسەر هەموو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان کەکەرکوك و ناوچە سنووریەکان گەوهەری ئەو هیواو ئامانجانەن.

سەرۆكایەتییەك لەئەنجامی واقیعبینیدا*

* كوردستانی نوێ ژ/٣٦٥٠ چوارشەممە ٢٠/٤/٢٠٠٥

هێشتنەوەی عیراق بەیەكپارچەیی لەبەرچەندان فاكتەری ناوخۆیی و تارادەیەك دەرەكی كارێكی قورس و زەحمەت بوو، لەو بوارەشدا كورد سەرەڕای زوڵم و زۆری شەریكە عەرەبەكانی رۆڵێكی بنچینەیی و سەرەكی هەبووە، چونكە ئەگەر ئەوە بهێنینەوە یادی خۆمان كەهەر لەدروستكردنی حكومەتی عیراقەوە لەساڵی (١٩٢٠)وە هەوڵی لكاندنی كوردستان بەزۆرو بەجەنگ نەك بەڕازیكردن و برایەتی دراوە، لەنووسینەوەی یەكەم دەستووری عیراقیش لەساڵی (١٩٢٥) كە بەنووسین دان بەگەلی كورددا دەنێ، بەكردەوە ئەو دانپێدانانە نەك رەنگی نەداوەتەوە، بەڵكو بەپێچەوانەوەی بڕگەكانی كاركراوەو هەوڵی تواندنەوەو بەعەرەبكردن و كۆچ پێكردنی ئەو گەلە دراوە، تاگەیشتووەتە لوتكەی توندوتیژی لەجەنگی جینۆساید كەخۆی لەئەنفال و كیمیابارانی كوردستان و خاپووركردنی شارو دێهاتەكانیدا لەسەردەستی فاشیزمی عەرەبدا دەبینێتەوە، بەرامبەر بەهەموو ئەوانەش كورد ئاڵای پێكەوەژیانی بەرزكردووەتەوە، تەنانەت لەساڵی (١٩٩١)دا كاتێ رژێم ئیداراتی لەكوردستان كێشایەوە دەرفەتی ئەو جیابوونەوەیەی بۆ كورد رەخساند بۆ ئەوەی بیكاتە بیانوو بۆ جەنگێكی تازە كە لەوەدا هاوسێكانیشی هاوكاری دەبوون، كەچی سیاسەتی واقیعبینانەی كورد، ئەوێ رۆژێ لەخۆی غرور نەبوو، بەڵكو هەر سووربوو لەسەر پێكەوەژیان سەرەڕای هەوڵی سەر پەڕانە (پەڕگیر)ی هەندێك رێكخراوی سیاسی ناوخۆ.

ئەگەر ئەو بەعەقڵانی بوون و واقیعبینینەی سەركردایەتی سیاسی كورد هەر بۆ سۆزو خراپی باری كورد نەگێڕینەوە ئەوا خوێندنەوەی هاوكێشە

سیاسییەكانی ناوچەكەو دنیا باشتر هەنگاوەكان نیشاندەدا كە لەگەڵ واقیعدا جووت هاتووەتەوە، ئەوەش بەڕوونی دەریدەخات كەپارسەنگی یەكپارچەیی عیراق زیاتر لەسەرشانی كورد بووە.

لەدوای رووخانی رژێمیشەوە، هەرچەندە كوردستان حكومەتی خۆی هەبوو، بەهەنگاوی گەورەو خێرا نەك هەر بەرەو برایەتی و پێكەوەژیان هەنگاوی نا، بەڵكو بوو بەهەوێنی برایەتی و تەبایی نێوان گروپ و رێكخراوە جیاوازەكانی عەرەبیش.

لەدوای (١/٣١)شەوە هەڵبژاردن هەموو ئەو پێشبینی و گرەوە فاشیستیانەی دەربارەی رێژەی كوردو قورسایی كۆمەڵایەتی كورد دەكرا بۆ كەمكردنەوەی نسبەتی مافەكانی، وەك بلّقی سەرئاو-یان لێهات و دەریخست كەكورد پێویستە شەریكێكی راستەقینەی عەرەب بێ لەلوتكەی دەسەڵاتەوە بۆ دوایین پلەی هەرەمەكە.

هەموو ئەوانە بوونە هۆی گۆڕانكارییەكی ریشەیی لەتێڕوانین و پراكتیكی سیاسیدا كەئەوەش زەمینە خۆشكەری لەدایكبونەوەی عیراقێكی نوێیە كەپێكهاتەی سیاسی-ئیداری عیراق ژێروژوور دەكات و دەستەواژەی سیاسی و مافیش ئاڵوگۆڕ دەكات.

ئێستا هیچ لەجێگای خۆیدا نییە باسی ئەوەبكرێ چ مافێك دەدرێ بەكورد یان فلان پلەو فلان مافە داوا بكرێ، بەڵكو ئەوە كوردە ماف دەدا بەئەوانی تر، ئێستا كورد (٧٧)كورسی پەرلەمانی هەیە لە (٢٧٥)كورسی كە بەهەڵبژاردنێكی شەرعی و یاسایی بەدەستیهێناوە، ئێستا كورد بەهاوكاری

لیستی ئیتلافی شیعەكان، حكومەت دادەمەزرێنێ و پلەو وەزیفە دابەش دەكات، ئێستا حزب و كەسەكانی پێكهاتەی عیراقی داوا لەكورد دەكەن مافیان پێبدات.

لەبوونی هەموو ئەو رابردووە كەتەوژمەكانی نێو هەناوی عەرەب بەرەو پارچەكردنی عیراق و تەوژمی كوردیش بەرەو یەكگرتنەوە بوون دەركەوت كەپۆستی سەرۆك كۆماری بۆ كوردو تایبەت بۆ كەسایەتییەكی بەئەزموون و خەباتگێڕی وەك هەڤاڵ مام جەلال نەك بەخشین و داواكردن نییە، بەڵكو زەروورەتێكە بۆ ئیدارەدانی جیاوازییەكان و باوەڕە رەنگاوڕەنگەكان كەهۆكارێكی سەرەكی عیراقێكی یەكپارچەو بەهێزە، بەتایبەت كەئەوەشی بخەینە سەر كەهەڤاڵ مام جەلال خاوەنی ئیرادەیەكی بەهێزو باوەڕێكی قووڵی دیموكراسی و ئازادییەكانی تاك و نەتەوەو رەگەزەكانەو پاڵپشتی بەهێزیشی هەیە ئەویش ئەو خۆشەویستی و برایەتییەیە كەبەقوڵایی نێو گەلەكەی و حزبو رێكخراوە سیاسییەكاندا رۆچووەو لەپشتییەوە وەستاون. ئەوەش سەرەتایەكی نوێیە بۆ گۆڕینی وشەو ماناكان و تەنانەت فۆنەتیكی دەربڕینیش، چونكە كورد لەلوتكەی دەسەڵاتی عیراقدایە.

له‌سێبه‌ری دره‌خته‌كانی په‌رله‌ماندا*

* كوردستانی نوێ ژماره‌ ٣٧١٦ له‌ ٢٠٠٥/٧/٦

له‌ژماره‌ ٣٧١٠ی كوردستانی نوێ-ی رۆژی ٢٩/٦/٢٠٠٥ له‌دواستووندا هاوڕێی خۆشه‌ویستم كاك ئارێز عه‌بدوڵڵا ئه‌ندامی په‌رله‌مانی كوردستان بابه‌تێكی به‌ناوی دره‌خته‌كانی په‌رله‌مانه‌وه‌ نووسیوه‌ كه‌تیایدا ئه‌ندام په‌رله‌مانه‌كان به‌و دره‌خته‌ نایلۆنه‌ تۆز لێنیشتووانه‌ ده‌چوێنێ كه‌ له‌سه‌ر تاقه‌و راڕه‌وه‌كانی په‌رله‌ماندا بێ ده‌نگ و چرپه‌ فه‌رامۆشكراون!

كاكه‌ ئارێز رێگه‌م بده‌ له‌سێبه‌ری ئه‌و دره‌ختانه‌وه‌ چرپه‌یه‌ك به‌ڵام به‌ده‌نگی به‌رز بڵێم ده‌رباره‌ی په‌رله‌مانی كوردستان و په‌رله‌مانی عیراقیش (كۆمه‌ڵه‌ی نیشتمانی عیراق) چونكه‌ ئه‌و دره‌ختانه‌ له‌وێش هه‌ن.

كانت ده‌ڵێ (بوێربه‌و به‌سه‌ربه‌خۆیی عه‌قڵی خۆت به‌كاربێنه‌) پێم وابێت ئارێز عه‌بدوڵڵا یه‌كه‌مین ئه‌ندام په‌رله‌مانه‌ وا به‌ڕاشكاوی باس له‌شتێكی زۆر بڤه‌ ده‌كات كه‌ عه‌قڵی ئه‌ندام په‌رله‌مانه‌كانی ئیفلیج كردووه‌ كه‌ئه‌وه‌ش ره‌نگدانه‌وه‌ی دۆخی سیاسی كۆمه‌ڵگای كوردی و عیراقییه‌، بیركردنه‌وه‌ به‌عه‌قڵی كه‌سانی دی، به‌تاڵ بوونه‌وه‌ له‌داهێنان، له‌خاوه‌ن ره‌ئی بوون دواجار به‌تاڵبوونه‌وه‌ی هۆڵی په‌رله‌مان له‌دیالۆگ و گفتوگۆ! كه‌شوێنی راسته‌وخۆی گفتوگۆو مناقه‌شه‌یه‌ له‌سه‌ر پنته‌ جیاوازه‌كانی ژیانی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك. گفتوگۆو خه‌ون و خه‌مه‌كانی تێكڕای خه‌ڵكی كورتكراوه‌ته‌وه‌ بۆ نێو ئه‌و هۆڵه‌ كه‌نوێنه‌ره‌كانیان له‌وێدا به‌هێمنی گفتوگۆو لێكۆڵینه‌وه‌ بكه‌ن و یاسای مه‌ده‌نی و جۆراوجۆر بۆ باشتركردنی ژیانی خه‌ڵك و دابینكردنی مافه‌كانی

تاك بێ هیچ وابەستەیی و بێ قبوڵکردنی هیچ فشارێکی حزبی یان کەسی و کۆمەڵایەتی! بەڵام بەداخەوە نەبوونی قەناعەتێکی دیموکراسی، ئەندامی پەرلەمان وا لێدەکات بەهەر شێوەیەك هەڵسوکەوت بکات جگە لەباوەڕەکانی دیموکراسی، وای لێدەکات بەهەر شێوازێك تەعبیربکات جگە لەشێوازی دیموکراسی، بکەوێتە نێو میزاجی کەسی و حزبی، خەونەکانی حزبی گەورەتر دەبن لەخەونەکانی نەتەوەو ئامانجەکانی حزب جێگەی ئامانجەکانی خەڵك و پەرلەمان دەگرنەوە هۆڵی پەرلەمان بچووك دەبێتەوە بۆ هۆڵی کۆبوونەوەی حزبی.

لێرەشەوە دانانی یاسا دەکەوێتە ژێر سێبەری خواستەکانی حزب و کەلتوری حزبی و بکەو مەکەکانی حزبێکی رۆژهەڵاتی نەریتی، جێگەی کەشوهەوای کلتوری دیموکراسی دەگرنەوە، کلتوریش لەژێر کاریگەری کلتورەکانی دەوروبەردا وەنەوز دەدات و تاسەر ئێسقان بارگاوییە بەشێوەو شێوازی باوەڕی تۆتالیتاری کلتوری فاشیزمی عەرەب و نەتەوەکانی دەوروبەر، پەرلەمانی عیراقی لەجیاتی هێندە دیموکرات بین بەرەو خۆمانی راکێشین بەپێچەوانەوە ئەوەی لەوێ دەگوزەرێ دەیگوێزینەوە بۆ ئێرە برا عەرەبەکانمان لەدووفاقییەکی کوشندەدا دەژین کەخۆپیشاندانە وەکو قوربانی دەرەوەو لەناوەوەش تاسەرئێسقان دیکتاتۆر!

ئامادەنین لەخەونی خۆشی زۆرایەتی بۆ کەمایەتیەکان کەم بکەنەوە! ئامادەنین دەسەڵات دابەش بکەن و پرەنسیپەکانی دیموکراسی هەر هێندە

قبوڵە تا دێنە دەسەڵات، بەداخەوە هەموو ئەو تێگەیشتن و مامەڵە سەقەتانەش کتومت بۆ ئێمەش گواستراوەتەوە، لەدەسەڵات و ئیدارات و پەرلەمانیشدا خۆمان کۆپی کردووەتەوە! لەپەرلەمانی بەغدا دیموکراسی بەمەرجی پاراستنی مافی کەمایەتییەکان دەبەستینەوە لێرە نیو کورسی زیاد هێنان دەمانکا بەزۆرایەتی و ئەویش یەکسانە بەدیموکراسی، لەوێ پێ لەسەر گفتوگۆو دیالۆگی دیموکراسی دادەگرین و داوایان لێدەکەین نەکەونە ژێر فشاری کلتوری تۆتالیتاری نەتەوەی سەردەستی خۆبە براگەورە زان! لێرە هێندەی لەدەرەوەی راڕەوەکانی پەرلەمان چرپەی رازی کردنی دەسەڵات دەبینین هێندە گوێ بەدیالۆگی داهێنەرانە نادەین و رای ئەوی دی بەهەند وەرناگرین، ئەگەر لەبەرژەوەندی پەرلەمان و خەڵکیشدا بێت!

لێرە کەمایەتی گرێیەکی سایکۆلۆژییەو بەهیچ شێوەیەك قبولّ ناکرێت لەوێش وای پێناسە دەکەین کە مافی کەمایەتی زامنی دیموکراسییە!

ئێمە گەلێکی ستەمدیدەو قوربانی نەبوونی دیموکراسی بووین، بۆیە هەقە لەهەموو کەس و نەتەوەیەك زیاتر کار بۆ جێگیرکردنی بدەین ناکرێ و نابێ خۆمان دیموکرات نەبین داوا لەکەسانی تر بکەین دیموکرات بن و بەدیموکراسی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ بکەن! ئێمە ماف بەئەوانی دی نەدەین چۆن چاوەڕێ دەکرێت ئەوانی دی ماف بەئێمە بدەن! ئێمە پەرلەمانی خۆمان سەربەخۆ نەبێت و کار بۆ کلتورێکی دیموکراسی نەکەین چۆن دەتوانین پەرلەمانی بەغداو هۆڵەکانی بکەین بەمەیدانی پراوەی دیموکراسی و

لەوێشەوە کلتوری تاك رەهەندو دیکتاتۆری عەرەب بەرەو کرانەوەو دیموکراسی رێنمایی بکەین! رێگە بدەن با رەخنەبگرین، رەخنە ئەو خۆرەیە کونجە پڕ لەتاریکی و کەموکوڕییەکانمان بۆ رووناك دەکاتەوەو دەرفەتی چاکسازی و ریفۆرم و بەخۆداچونەوەمان بۆ دەرەخسێنێت، کانت دەڵێ: سەردەمی ئێمە بەشێوەیەکی تایبەت سەردەمی رەخنەیە، هەموو شتێك دەبێت قابیلی رەخنە لێگرتن بێت.

هاورێ ئارێز ئێوە نایلۆن مەبن، یاخی بن لە بەنایلۆن بوون، ئێوە ویژدانی زیندووی کۆمەڵگا بن، ئێوە دەنگی کۆمەلانی خەڵکتان لەگەڵدایە، خەون و خەمی خەڵکتان لەگەڵدایە ئەو تاپۆو سنوورە موقەدەسانەی کەلتورو نەریتی دواکەوتوو ببەزێنن، کاتی ئەوەهاتووە پراوەی دیموکراسی بکەین بەکردەوە، با پەرلەمانی کوردستان نمونەی پێکەوەژیانی جیاوازیەکان، بانموونەی رەنگ و دەنگی هەمەجۆربێت، ئاخر دیموکراسی چیە جگە لەو فەزایەی کە دەرفەت دەرەخسێنێت بێ فشارو سانسۆر، بەدەنگی بەرز باس لەخەم و کەموکوڕی و دەردەکانمان بکەین و پێشنیازی چارەسەری گونجاویان بۆ بکەین کە ئەوەش ئەرکی سەرەکی پەرلەمانە.

هەڵسەنگاندنێکی دەستوور لەنێوان گەشبینی و ڕەشبینیدا*

* کوردستانی نوێ ژمارە ٣٧٧٣ لە ٢٠٠٥/٩/١٢

دوای بگرەو بەردەیەکی زۆری سیاسی و یاسایی ڕەشنووسی دەستوور تەواوکراو کۆمەڵەی نیشتمانی ڕای لەسەرداو لە (١٥⁄١٠)دەخرێتە بەردەم ڕای گشتی. هەرچەندە هەندێك لەسوننەی عەرەب ناڕازین! بەڵام ئێستا خەڵك ئازادانە دەتوانن ڕای خۆیانی لەسەر دەرببڕن، هەیە یەکسەر هێڵێکی ڕاست و چەپی بەسەردا دێنێ و زۆر بەخراپی وەسفی دەکات و پێیوایە دیسان کورد نەیتوانی داخوازییە نەتەوەییەکانی بێنێتەدی و فرمێسك و خوێنی ڕابردووی بەهەدەر لەدەستچووە! هەشە پێیوایە دەستوورێکی بێوێنەیە بۆ کوردو سەرجەم خەونەکانی دەهێنێتەدی! پێموایە ئەم دەستوورە بێ کەموکوڕی نییەو هەندێك خاڵی تێدایەو خەوشی گەورەن لەنێو دەستوورێکی دیموکراسیدا، جگە لەوەش دەبووایە خاڵی تری تێدابایە کەزیاترو ڕوونتر پێی لەسەر ئازادییە مەدەنییەکان و ماف و ئازادییەکانی ژن و پاشان بەڕاشکاوانەتر مەسەلەی کوردی وەکو کێشەی نەتەوەیەك ڕوونکردایەتەوەو مافە نەتەوەییەکانی لەحکومەتێکی هەرێمی نەتەوەیی خاوەن کیان و خاك و سنووری سەربەخۆ بەپێی ڕاستییە مێژووییەکان دیاریکردبایە، بەڵام نابێ ئەو ڕاستییە فەرامۆش بکەین کەنوێنەرانی خەڵکی کوردستان بەتەنها ئەو دەستوورەیان نەنووسیوەتەوە، بەڵکو بەسازان (تەوافوق) لەگەڵ شیعەی زۆرینەو سوننەی عەرەب و چەندین تەکەتولی تر، کەسێ لایەنی زەق و دژ

بەبەرنامەو خواستەکانی کورد بوونیان هەبوو لەنێو سەرجەم ئاراستەکانی تردا کەتوندڕەوی شیعەو توندڕەوی سوننی و فاشیزمی عەرەبی بوون و دەستووریان بەرەو بەهاو باوەڕەکانی خۆیان بەکێش دەکرد. لێرەدا نوێنەرانی کورد ناچاربوون لەگەڵ ناوەندگەراکانی ئەو ئاراستەو باوەڕانە لێکنزیک ببنەوە، لەهەموو ئەو کێشمەکێشانەش نوێنەرانی کورد تاقە پارێزەرو پشتیوانی پرەنسیپە دیموکراسی و مەدەنییەکان بوون بەکەمترین پشتیوانی لایەنەکانی نێو کۆمەڵگای عەرەب و هەر ئەوانیش سیمای دیاری دەستوورێکی عەلمانی بوون، بۆیە بەوردبوونەوە لەو نوێنەرایەتییانەو خوێندنەوەی دەستوور لەو سیاقە زەمەنییە پڕ فەوزایەدا، گرنگی بڕگەو خاڵەکانی دەردەکەوێ کەپێموایە بەرەنجامی شەڕێك بووە کەجگە لەچەك و شمشێر هەموو شتێکی تێدا بەکارهاتووە بۆ بردنەوەی!

هەیە رەخنە لەکەمی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دەگرێ گوایە مادام لەماددەی (١٣)بڕگەی (٢)نووسراوە، دەبێ هەموو یاساکانی حکومەتە هەرێمییەکان لەگەڵ ئەم دەستوورەدا بێنەوەو دەڵێ (هەر دەقێك لەدەستوورەکانی هەرێمەکاندا پێچەوانەی ئەم دەستوورەبێ بەباتڵ دادەنرێ)! راستە ناکرێ دەستوور بکەوێتە ژێر هەڕەشەی دەستوورو دەقی یاسایی تر مادام دەستوور بەرزترین دەسەڵاتی یاساییە لەهەر دەوڵەت و کیانێکی سیاسیداو بەپێچەوانەوە بەهای دەستوور لەدەست دەدات، بەڵام بەنسبەت دەستووری هەرێمەکان هەمان سەروەرییان هەیەو ماددەی (١١٦) بڕگەی

دووەم بەڕوونی دەڵێ: (دەسەڵاتی هەرێم مافی هەیە یاسای فیدرالی (مەبەستی سەنتەرە) هەموار بکات لەکاتێکدا ئەگەر (تعارض) هەبوو لەنێوان یاسای فیدرال و یاسای هەرێمدا جگە لەو شتانەی پەیوەندی بەتایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی فیدرالەوە هەیە)! دیسان زۆر بەجوانی لەماددەی (١١١)دا هەموو دەسەڵاتەکانی بۆ هەرێمەکان هێشتووەتەوەو دەسەڵاتی فیدرالی دیاریکردووە، ئەوەش سنووری دەسەڵاتەکانی هەرێمی فراوانترکردووە هەروەك دەڵێ (هەموو ئەوانەی ناچنە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی فیدرال ئەوە دەسەڵاتی هەرێمەکان دەبن و ئەوانەش کەهاوبەشن لەنێوان دەسەڵاتی هەرێم و فیدرال کاتێ خیلاف روودەدات ئەولەویەت بۆ یاسای هەرێمەکانە). کەئەوەش دەرخەری ئەوپەڕی دەسەڵاتە بۆ هەرێمەکان.

ماددەی (٢) بڕگەی (أ و ب) کە -أ- دەڵێ (نابێ یاسای دژ بەسەوابتەکانی ئەحکامی ئیسلامی دابنرێ)! -ب- دەڵێ (نابێ یاسای دژ بەپرەنسیپەکانی دیموکراسی دابنرێ؟) بەڕای من ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی واقیعی پێکهاتەی عیراق و پرەنسیپەکانی دیموکراسییە، چونکە هیچ پێکهاتەو هێزێك مەگەر بەحوکمی دیکتاتۆری دەنا ناتوانێ یاسای دژ بەسەوابتەکانی ئایینی ئیسلام لەعیراقدا دابنێ! خۆ ئەگەر دانرا ئەوا بزانە دیکتاتۆریی حوکم دەکاو گەلی عیراق بێدەنگ کراوەو نوێنەری لەنووسینەوەی دەستووردا نییە! بەبەڵگەیەکی زۆر ئاسان کەئەویش موسڵمانێتی زۆربەی

زۆری دانیشتوانی عیراق و قوڵایی کلتووری و مێژوویی ئەو ئایینەیە، بەڵام کەنەکراوەو ناکرێ ئەو (بڕگە)یە نەنووسرێ ئەوا بەبڕگەیەکی هەمان شێوە پرەنسیپەکانی دیموکراسیش چەسپێنراوەو ناتوانرێ هیچ یاسایەکی دژ بەو پرەنسیپانە دەربکرێ، واتا هەم ئیسلامییەکان و هەم دیموکراسیخوازان باوەڕی خۆیان لەدەستووردا چەسپاندووە کەڕەنگدانەوەی ئیرادەی ئازادانەی خەڵکی عیراقە بۆ یەکەمین جار لەدەستووردا.

کەموکوڕییەکان بەڕای من زۆر کەمن و ئەوانیش کەهەن پێموایە شتی جەوهەری نین لەوانە:

دیباجە بەزمانێکی ئایینی نووسراوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی شتی زۆرگرنگی تێدایە کەباس لەعیراقی نوێ دەکات کەبەئازادانەو بەڕاو ئیرادەی هەمووان یەك دەگرێ و پێکدەهێنرێ. زۆر لەماددەکان روون نەکراونەتەوەو دەڵێ دواتر بەپێی یاسا ئەو کارە رێکدەخرێ ئەوەش دواتر مشتومڕ دەنێتەوە، چونکە ئەمە نزیکەی (٤٠)ماددە دەگرێتەوە. ماددەی (١٠) زیادە، ماددەی (٤٠) بەس بوو بۆ باس لەشوێنە پیرۆزەکان! بڕگەی (٢) لەماددەی ٤٣ زیادەیەو لەگەڵ رۆحی سەردەمانەی دەستوورەکەدا نامۆن، بڕگەی (٢) هەر لەماددەی (٢٩) شان خاڵیکردنی دەوڵەتە لەلێپرسراوێتی بەرامبەر بەخێزان بەتایبەت منداڵان و پیران کە بەباوکان و منداڵانیان دەسپێرێ.

زۆر بەگشتی باسی ژنان کراوەو دەبوو ئاشکراتر باسی مافەکانی ژنان کراباو مافی خەباتی ژنان بۆ مافەکانیان بەپێی یاسا روونکرایەتەوەو

پشتیوانی دەستووریی بۆ دابین بکرایە، بەڵام بەگشتی دەستوور ئەگەر لەڕاپرسی گشتی دەربچێ بۆ ئەو قۆناغە دەستکەوتێکی گەورەو سەرکەوتنێکی گەورەیە بەتایبەت بەهەردوو ماددەی (٥٣) ی دەستووری کاتی و (٥٨)ی تایبەت بەکەرکوك کە لەدەستووردا دوای هەڵوەشاندنەوەی یاسای ئیدارەی دەوڵەت ئەم دوو ماددەیە وەك خۆی دەهێڵێتەوە کەماددەی (٥٣) باسی دانپێدانانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەسەرجەم ئیدارەو پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی و سیاسەتی بەڕێوەبردنی. کەهەندێك کەس لەبەرئەوەی لەدەستووری نوێدا ئەو ماددەیەی نەنووسیوەتەوە لەبەهای کەم دەکاتەوە کەبەپێچەوانەوە جگەلەوەی سەرجەم دەستوورەکە باسی دەستوورێکی فیدرالی دەکات ئەم ماددەیە بەتەنهاو زۆر بەچڕی و روونی باسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و دانی پێدادەنێ و لەم دەستوورەشدا لەماددەی (١٥٢)دا دووبارە دانپێدانان و رەواییەکەی دووپات دەکاتەوە لەگەڵ ماددەی (٥٨) کە لەدووساڵدا بارودۆخی کەرکوك و دەرووبەری ئاسایی بکرێتەوە کەپێم وایە کاتێکی زۆر نییە بەو کەمتەرخەمییەی ئێمە.

رۆڵی سەرۆك کۆمار لەپتەوکردنی پێگەکانی عیراقی نوێدا*

* کوردستانی نوێ ژ/٣٨٠٧ یەکشەممە ٢٠٠٥/١٠/٢٣

هەستانەوەی عیراق بەئاراستەی سیستمی دیموکراسی و هەمەڕەنگی و پێکەوەژیان و لێبوردەیی، زۆر ئەستەمە و تەنانەت لەهەندێك روانگەوە نەشیاو دێتە بەرچاو، وڵاتێك نەك هەر حکومەتەکەی نوقمی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەت و تاکرەوی بوو بوو، بەڵکو کولتوورو نەریتەکەشی بەدرێژایی سەدان ساڵ جگە لەحەلاڵکردنی خوێن و ماڵ و ناموسی ئەوی دی، لەڕێگای سوورەتەکانی ئەنفال و بەڵێنی بەهەشت، رێگای دیتنی رەنگ و دەنگەکانی تری نەداوە، کولتوورێك کەتێکەڵاوێك بووە لەسێ سەرچاوەی توندوتیژی و تاکرەهەندیی ئایین و دەوارنشینی و فاشییەت، ئاوێتە بوونێك کەهەر یەکێکیان ئەوی تر تەواودەکات و دەبن بەمرادیفی یەکتری تاوای لێهاتووە تاکی عەرەب دەسەڵاتی ئیسلام بەدەسەڵاتی عەرەب و کولتووری دەوارنشین بەکولتووری ئیسلام لێبکداتەوەو قەناعەت بەخۆی بهێنێت کەحەقیقەت تەنها لای ئەوانەو ئەوی دی کافرو زەندیق و گومڕایەو دەبێت شمشێرو باروت، ئەم جیهانە لە(ئەوان) پاکبکاتەوە..!! هەر کەسێك بچووکترین زانیاریی لەسەر ئەم رابردووە هەبێت ئاسان تێدەگات لەو گرووپە توندڕەوە ئیسلامییانەی ژن و مندالی موسڵمان و غەیرە دەتەقێنێتەوەو کوێرانە تەڕو وشك پێکەوە دەسووتێنن..!! لەچەقی دۆخێکی ئاوادا چۆن سیستمێکی دیموکراسی و پێکەوەژیان لەعیراقدا دێتەدی..؟ ئەوە کارێکە باجێکی زۆری ویستووەو دەوێت. پێویست بەخەباتی لێبڕاوانەو حەکیمانە دەکات.

سەرۆکێك لەئەوی دی:

لەنێو ئەو فەزا بارگاوییە بەرق و توورەیی رەش و کوێر بەرامبەر بەئەوی دی و شێتگیر بەتۆڵە سەندنەوە لەئەوی دی، بەرامبەر بەلەدەستچوونی دەسەڵاتی ئیسلام و فاشیست کە لەسەدامدا بەرجەستە بوو بوو، بەمیراتێکی شەرعیی بێ ئەملاو ئەولای خۆیان دەزانی.. لێرەدا سەرۆکێکی کورد، سەرۆکێکی دیموکرات، کەهەردوو سیفەتەکە تاوانی نەبەخشراون لەچاوی ئەو کولتوورو عەقڵییەتە دۆگماو تاکڕەهەندانەدا.. دێتە سەر حوکم.. هەنگاو هەڵهێنانی سەرۆك تاڵەبانی بەنێو پانتاییەکدایە کەپڕە لەمینی فاشیزم و سیاسەتی چەواشەکارانەی ئیسلامی توندڕەو.

سەرۆك مام جەلال و دروستکردنەوەی عیراق:

دروستکردنەوەی عیراق هەر هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت ناگرێتەوە، چونکە ئەو کارە زیاتر شکڵی دەرەوەی سیاسەتە جۆراوجۆرەکانە، بەڵکو گرنگیی دروستکردنەوەی عیراق لەنییەت و هاوکاریی بەکردەوەی حزب و رێکخراوەکاندایە، گرنگ لێك نزیکبوونەوەی ئەو گرووپانەیە، کەدونیایەك بەرژەوەندیی جیاواز لەیەکتریان هەیە، لێرەدا رۆڵی مام جەلال وەك سەرکردەیەکی کورد (ئەوی دی) و سەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆماری عیراق دەردەکەوێت، کەتوانیی (٨٠٪)ی گرووپ و حزبە (سوننی و شیعەو عەلمانییەکان)ی عیراق پێکەوە گرێ بداتەوە، لەپێناو رزگارکردنی عیراق لەو دۆخە ناهەموارەی تێی کەوتووە، سەرۆك لەنێو دوو تەوژمی دژ بەیەك کاری

دەکرد، تەوژمی فاشیزمی عەرەب و توندڕەویی ئیسلامی (عەرەب، کورد) لەلایەك و تەوژمی کوردی بێ متمانە بەعەرەب و دەسەڵاتدارانی عەرەب..!!

دیارە لەو هەنگاوەدا خێرخوازانی عەرەب و حزبە کوردییەکانی کوردستان پشتیوان و هاوکاریی بوون و تەوژمی دژ لەکوردستان زۆر لاواز بوو خۆشبەختانە، بەڵام لەنێو گرووپی دۆستی عەرەبییش، کەس و گرووپی وا هەبوون و هەن هێشتا مەستی خەونی خەلافەتی ئیسلامیی عەرەبن و هێندەی کار بۆ حزبەکەی خۆیان دەکەن، ئەوەندە لەخەمی عیراقێکی دیموکرات و هەمەڕەنگدا نین (ئەمە ئەگەر دژە دیموکرات نەبن)، بەڵام سەرۆك تاڵەبانی سووربوو لەسەر بردنی عیراق بەرەو کەناری ئارامی و سەرکەوتن و سینگ فراوانییەکی زۆری بەخەرجدا، بۆ دووریکردن لەئاژاوەو دووبەرەکیی تاییفی و ئەوانەی پڕوپاگەندەی جوداخوازییان بۆ کورد دەکرد بەکردەوە نیشانیدان دەبێت ئەوان عیراق بەجێبهێڵن و کورد لەگەڵ عەرەب خاوەنی عیراقەو ئەوە ئەوانن رێگای جیابوونەوەیان گرتووەتە بەرو خەونە گڵاوەکەشیان دەبەنە ژێرگڵ.

سەرۆك و کاری دیپلۆماتی:

سەرۆك تاڵەبانی هەر گرنگیی بەیەکڕیزیی و توندوتۆڵکردنی برایەتیی نێوان گرووپ و رێکخراوە عیراقییەکان نەدا، بەڵکو پێویست بوو لەنێو دونیای دەرەوەشدا، بەتایبەت (UN) پێگەی عیراق قاییم و پتەو بکات، ئەوەبوو، لەسەردانی واشنتۆن دا لەکۆشکی سپی، نیەتی عیراقییەکانی

بەکوردو عەرەب و کەمایەتییەکانەوە جارێکی تر بۆ دونیا روونکردەوەو بەباوەڕێکی پتەو بەخۆی و بەگەلەکەی قسەیکرد، کەجۆرج W بوش ناچاربوو بەدلێر وەسفیکردو وتی:

شانازیی بەوە دەکەم کەپیاوێکی ئازای وەك جەلال تالەبانی-ی سەرۆکی عیراق دۆستم بێت..!!

ئەوە چەندە نیشانەی گەورەیی مام جەلالە هێندەش ئاماژەیە بۆ گەورەیی گەلی کوردو لێبوردەیی ئەو گەلە ستەمدیدەیە، کەدوای سەدان ساڵ زوڵمی برای عەرەب، ئێستا نەك هەر چاوی پۆشیوە لەتۆڵەو جەنگ و خوێن، بەڵکو هەر ئیدارەی خۆی پێکهێناوە، هەر دەستی عەرەبی برای گرتووە، لەنقومبوون لەگۆمی خوێنێك کەهەر برا رەسەنەکانیان بۆیان دروستکردوون..!! سەرۆکێکی ئاوای پێشکەشکردوون لەپاشماوەی سەدامییەکان و ئیسلامی توندڕەو رزگاریان بکات..!!

سەرۆك تالەبانی لەوێش گەلە ستەمدیدەکەی لەبیر نەکردووە، دەرفەتێك کەزەمەن رەخساندبووی، نەتەوەکەی کەسەدان ساڵە لەبیرکراوە لەبەردەم بڵندترین مینبەری دونیا (کۆشکی سپی) بەکوردی دەنگ هەڵبڕێ و لەزۆرترین (TV)یەکانی دونیادا دەنگبداتەوە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو لەبەردەم کۆبوونەوەی گشتیی (UN) کەسەرجەم سەرۆکی وڵاتانی ئەندام تیایدا ئامادەبوون و وتارەکەی بەزمانی شیرینی کوردیی دەستپێبکات و بەخێرهاتنی ئامادەبووان بکات..!! ئەو سەرکردەیە نەکورسی و دەسەڵاتەکەی

وای لێکردووە نەتەوەکەی فەرامۆشبکات، نە نەتەوەپەروەریەکەی وای لێکردووە عیراق لەبیربکات.!

لەم سەردان و وتارەدا سووربوونی عیراقییەکانی دووپاتکردەوە لەسەر وەلانانی یەکجاریی دیکتاتۆرییەت و پێکهێنانی دەوڵەتێکی دیموکرات و هەمەڕەنگ و ئەو سەرکەوتنەش پێویستیی بەهاوکاریی وڵاتانی دونیا دەکات، چونکە عیراق لەشەڕی تیرۆریزمدا هەر شەڕی خۆی ناکات، بەڵکو عیراق بەری بەشەڕێك گرتووە کەڕووی لەهەموو دونیایە، بۆیە پێویستە هەموو دونیا بەشەڕی خۆی بزانێت و تیایدا بەشداری بکات.

ئەو سەردانەی ئەم دواییەی سەرۆکیش بۆ چیك و بەریتانیا، بەشێك بوو لەو خەباتە دیپلۆماتییە کەدوو دەوڵەتی دۆستن و پشتیوانی گەلی عیراقن، ئەم سەردانانە ئەم دۆستایەتییە پتەوتر دەکات و هاوکاری و لێکحاڵبوونی زیاتر دروستدەکات.

تووركيا لەبەردەم گۆڕانەکاندا*

* ئاسۆ ژ٢١٥ یەکشەم٢٥\٤\٢٠٠٦

گۆڕانكاريەكانی ئێستای دونياو ناوچەكە هەل‌و مەرجێكی نوێی وای خولقاندووە كە تێڕوانين‌و پەيوەنديە جيهانی‌و ناوخۆييەكان‌و مامەڵەی رۆژانەو تەنانەت سيستەم‌و دەستورەكانی وڵاتانی دونيای خستۆتەوە ژێر پرسيارو هەڵسەنگاندنێكی ووردی وا، كە پێويست بە هەمواركردن‌و سەر لەنوێ داڕشتنەوە دەكەن بەشێوەيەك لەگەڵ دراوە سياسيە تازەكانی دونيادا بگونجێن، بەپێچەوانەوە هەڵسوكەوت كردن، ئامێزان بوونی قەيران لەدوای قەيرانە، هەر دەوڵەتێك بێ، پاشە رۆژی باش نابێ. توركياش كە لەگێژەنی گۆڕانكاری‌و رووداوە گەرمەكانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەرم‌و پڕ گۆڕان‌و رووداوە، ناتوانێ تا سەر خۆی لەڕاستيەكان گێل بكات.

توركيا لەجەنگەی جەنگی يەكەمی جيهانيدا توانی هەم خۆی لەتوانەوەو لەدەستدانی سەروەری يەكجاری لەگەڵ توانەوەی ئيمپرياتۆريەكەی بپارێزێ، هەم بەشێوازێكی نوێ سيستەمێكی عەلمانی بنيات بنێ، كە هەر زوو توانی لەهەرەسی ئيمپرياتۆريەكەياندا دەوڵەتێكی بەهێز پێكەوە بنێن كە لەو كارەياندا هەموو نەتەوە جياوازەكانی توركيا (تورك، كورد، ئەرمەن، چەركەس، عەرەب) بەوپەڕی لەخۆبوردیەوە بەشداری كرد.. لەو سەردەمەوە تاكو ئێستا هەمووان لەخزمەتی كۆماری توركيا دابوون بەڵام بەشێوەيەك جگە لەڕەگەزی تورك دان بە رەگەزی تردا نەنراوە! گرێی خۆ بەگەورە زانينی ناسيوناليزمی توركی‌و باوكی جاويدانی‌و كاريزمی (ئەتاتورك) بينينی لۆژيكانەو عەقڵانی لەسەركردە توركەكان ستاندۆتەوەو زۆربەی كەس‌و حزبە

سیاسییەکانی تورکیا بەئەنقەست یان بەناچاری کەوتوونەتە داوی ئەم تەڵەیەوە! ئەگەر سیحری ئەتاتورك بۆ سەردەمی پێکهێنانی دەوڵەتی تورکی عەلمانی لەسەردارو پەردوی عەلمانیەت گرنگی خۆی هەبووبێ، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمو دواتر جەنگی دووهەمەوە دەبوایە ئەوەی ئەتاتوورك لێی پاشگەز بۆوە، کە مافی نەتەوەیی کورد بوو لەتورکیا دەبوو نەوەکانی بۆ بەهێزکردنەوەی دەوڵەتی خۆیانو نەهێشتنی دواکەوتوویی‌و نەخوێندەواری و شەڕو شۆڕی بەردەوامی ناوخۆ چارەسەری کێشەی کوردیان بکردبا کە هەمیشە لەپێشەوەی فیداکارانی دەوڵەتی تورکیا بوون.

ئێستا دوای ئەم هەمو گۆڕانە سیاسی‌و زانستیانە دوای پەرەسەندنی مافی مرۆڤو جاڕدانی مافی مرۆڤ ساڵ ١٩٤٨ دوای روخانی رژێمی سەرەرۆی سەدام حسێنو لەدایك بوونی حکومەتی خۆجێ یی کورد لەباشوری کوردستان، دۆخێکی نوێ خۆی دەسەپێنێ کە بەزەرورەت میکانیزمو تێڕوانینی سیاسی‌و پەیوەندی نوێ دینێتە کایەوە.. دەبێ تورکیا بە حسابو تێڕوانینە سیاسیەکانی دا بچێتەوەو لەلوتکەی غرووری ناسیونالیستانەی بێتە خوارو دان بەمافە نەتەوەییەکانی کوردی باکوری کوردستاندا بنێو ئەوەش زەمینەی برایەتی‌و هاوکاری باشتر دەرەخسێنێ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی باشوری کوردستان.

ئەو رووداوانەی ئەم دواییەی تورکیا لەبەگژدا چوونەوەی کورد لەکاتی خۆپێشاندانەکان داو گرتنو کوشتنو هەرەشە، پشێلکردنی پرەنسیپە

دیموکراسیەکانو خۆ بە درۆحستنەوە نەبێ هیچی تر ناگەیەنێ، ئەو کارانە گێڕانەوەی تورکیایە بۆ قۆناغی پێش دێموکراسی‌و مامەڵە نەکردنە بەگیانی سەردەم،بۆیە هیچ سەیر نیە ئەو دێموکراسیەی تورکیا بەدێموکراسیە تێکی تایبەت ناوبەرین کە لەدیوی دەرەوەی ئاڵ وگۆڕی دەستەڵاَت لە دیکتاتۆریەتێك بەرانبەر بە نەتەوەکانیتر هیچی تر نیە!

هەڵەیەکی تری تورکیا ئەوەیە کە کێشی کورد لە P. K. Kدا دەبینێو لەبیر خۆی دەباتەوە کە گەلی کورد لە P. K. K گەورەترەو بێ بوونی ئەویش هەبووەو هەر دەشمێنی.

یەکێکی تر لەهەڵەکانی تورکیا تێڕوانینی رەشبینانەیە بۆ رووداوەکانو مامەڵەکردنە بە پێوەری سەربازیانە، ئەوەش جگە لەقەیران بۆ تورکیاو ناوچەکە هیچی لێ نەچینوەتەوە .ئەوەش لە باڵادەستی باڵی سەربازی سەرچاوەدەگرێ کە دەمێکە تورکیا بەدەستیەوە دەناڵێنێ و ئەوەش گرفتێکی زۆری بۆ تورکیا دروستکردووە، ئەو باڵادەستیەش سەرچاوەکەی دەستوری تورکیاو سێبەری ئەتاتورکە کە باڵی بەسەر سەرجەم کەشی سیاسی دەوڵەتی تورکیادا هێناوە.

بۆ دەربازبوون لەو گرفتە سایکۆلۆژیە باشترین شت بۆ دەوڵەتی تورکیا زەمینەسازییە بۆ گۆڕانکاری لەدەستوردا بەشێوەیەك گیانی سەردەم ببێتە گەوهەری نوسینەوەی دەستور، واتا چەسپاندنی دێموکراسیەتو مافی مرۆڤو مافی کەمە نەتەوەکانو گیانی برایەتی‌و لێوردەیی‌و دروستکردنەوەی تورکیا

لەسەر بنچینەی هاوولاتی بوون، دوور لەرەگەزپەرستیو هەلاواردنی رەگەزیو نەتەوەییو مەزهەبی. ئەو دەم هەم تورکیا لەو قەیرانانە دێتە دەرو بەدەیان دەرگاشدا بۆ یەکێتی ئەوروپا دەچێتە ژوورەوە، هەم نێوانی دەولەتی تورکیاو حکومەتی هەرێم دەچێتە دۆخی شایستەی خۆی کە بەرژەوەندی هەردووك گەلی کوردو تورك دەپارێزێ هەم تورکیا وەك دەولەتێکی ئیقلیمی عەلمانی بەهێز رۆلێکی کاریگەر تر لەسەر ئاستی دونیاو ناوچەکەدا دەبینێ تایبەت بەرانبەر بە تیرۆریزم،هەم لە هەموو ئەو کێشانە دێتە دەر بە کێشەی ئابوریشەوە،ئەودەم تورکیا دەتوانێ لافی دێموکراسی لێ بداو بشبێتە نمونەی ناوچەکە.

با کردنەوەی کۆلیژەکان بە نەخشەو پلان بن*

* ئاسۆ ژ/٢٢٢ڕۆژیپێنج شەممە/١١/٥/٢٠٠٦

حکومـــەتی هـــەرێمی کوردســـتان تاڕادەیـــەکی بـــاش لـــەبواری کردنـــەوەی خویندگاکانو کۆلیژەکان دا هەنگاوی هەڵهیناوە، دەیـان خویندگـەی نـوێ و کۆلێژو زانکۆی نوێ ی کردۆتـەوەو بـەردەوامیش دەیکاتـەوە.. دوای سـەرنوێ کردنەوەی زانکۆی سلیمانی زانکۆی کۆیەی بـە دوا داهـاتو دەیـان کۆلیـژی تریش لە کەلار، ڕانیە، قەڵادزە کرانـەوە کـە پیـشوازیەکی باشـیان لێکـراو لەمەیدانی کارکردنیش دا تاڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بوون کردنـەوەی ئـەو زانکۆو کۆلێژانە دوای دەیان ووتوویژو ڕاگۆڕینـەوە بـووە کـە مامۆسـتایانی زانکـۆو خـەڵکی ڕۆشـنبیری ناوچـەکانو لێپرسـراوە حزبـی وحکومەیـەکان بەشداریان تیدا کردووە، تایبـەت لـەو ڕووە وەی کـە ناوچـەکە چ کۆلیـژێك هەڵئەگرێ پێویستی زۆرمان بە چ تایبەتمەندیەك هەیە(اختصاص) لەماددەی خوێندنەکانو... هتد. هەرچەندە لەو بوارەش دا ڕەنگە بێ کەم کوڕی نەبووبن، چونکە بابەتە زانستیەکان تاکو ئێستا پشتگوێ خراون، سـەرەڕای زەرورەتـی ئەو ماددانەو نوقسانی خویندگاکانی لەمامۆستای بابەتە زانستیەکان ئیستا قسە لەکردنـەوەی کۆلیـژێك دەکـرێ لەهەڵەبجـە، ئـەوە کـارێکی زۆرباشـەو هەڵەبجە، دەهێنێ زانکۆی لێ بکرێتەوە نەك هەر کۆلیژ بەکۆمـەڵێك بەڵگـە لەوانە:

١. هەڵەبجە غـەدرێکی گـەورەی لیکـراوەو ئـەوەش وای کـردووە ببـێ بەسونبولێك بۆ ئازارو زامەکانی هەموو گەلی کورد.

٢. ناوچەیەکی کۆنی مێژوویی یەو سـەردەمانێك ناوچـەی حـوکمرانی کورد بووە.

٣. ناوچـەیەکی سـنوریەو ئیرانـی ئیـسلامی بـێ کاریگـەری نـی یـە لەناوچەکە .

٤. مۆلگــەی تیرۆرســتانی ئیــسلامی بــووەو کاریگــەری خراپیــان لەوناوچەیە بەجێهیشتووە.

٥. ناوچەیەکی فراوانی بەسەرەوەیەو ژمارەی دانیشتوانی هێنـدە هەیـە دەهێنێ زانکۆی هەبێ.

٦. ئاستی نەخوێندەواری لەنێوان دانیشتوانی ناوچەکەدا زۆرە.

ئەو بەڵگانە چەندە نیشانەی زەرورەتی کردنەوەی کۆلیژو زانکۆن هێندەش جـۆری کۆلێژەکـەش تاڕادەیـەك دیـاری دەکـەن کـە کۆلیـژی زانـستە مرۆڤایەتیەکان(سیاسی، یاسا، مێژوو...) دەکەوێتە پێشەوە، یان دەتوانم بڵێم هەرکۆلیژێك جگە لەشریعە!

کەچی بەداخەوە قسەی کردنەوەی کۆلیژی شەریعە دەکرێ،بەپێچەوانەی هەموو ئەو راستیانەوە! لەکاتێك دا لەبنەڕەت دا ئەم ناوچەیە گیرۆدەی ئیسلامیە توندڕەوەکان بووە! وەکو ئەوە وایە کێشەو گرفتە سیاسیو دینیو ئەخلاقیەکانی خەڵکی ناوچەکە زیاتر بکرێ.. هەڵەبجە خۆی کەلتورێکی

ئایینی هەیە، پرە لەمەلاو دینداری جۆراو جۆر تۆش کۆمەڵێك مەلای تر و مامۆستای تر کە هەڵگری تیگەیشتن و میتۆدی ئایینی ترن لەو جۆرەی کە نەك ناتوانن چارەسەری خراپ تێگەیشتن لەئایینی ئیسلامو سکتراتۆری کار کردنی ئایینی لەبوارە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیە کەیدا بکەن هێندەی تر بە ئایدیاو فکرەی پەڕگیرو نامۆ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، هۆش و مێشکی لاوانی ناوچەکە وێران دەکەن! پاشان پێشنیارێکی ئاوا ئەرکی وەزارەتەکانی ڕۆشنبیریو خوێندنی بالاو زانکۆکانەو هەقە ئەوان تاوتوێی کارێکی ئاوا بکەنو لەڕووە سیاسی، کۆمەڵایەتی، روناکبیریەکەی یەوە باش هەڵسەنگێرێ پاشان بکرێتە بڕیار،ئەوە ئەگەر وامان دانا کۆلێژ ئەولەویەتی زیاترە لەجادەو خانوو و ئاوو کارەبا کەخەڵکەکە خۆیان داوای دەکەن و خۆپیشاندانیان لەپێناودا وەڕێخست،کردنەوەی کۆلێژیش،هێندەی بڕیارێکی روناکبیری، زانستی،سیاسی یە هێندە ئیداری نییە،بۆیە هەقوایە ئەم پرۆژەیە بدرێتەوە دەست وەزارەتی خوێندنی بالاو ئەوان تاوتوێی بکەنو هەنگاوی بەکردەوەی بۆ هەڵبگرن، بۆ ئەوەی لەئاییندەدا سەرکەوتنێکی باش بەدەست بێنێ وخەڵکی هەڵەبجەی زامداریش ڕازی بکا.

خۆپیشاندان: لەنێوان دوێنـێی ژێردەستەیی‌و ئیمرۆی ئازادیدا*

* کوردستانی نوێ ژ٤٠٦٦رێکەوتی٦\٩\٢٠٠٦

گـەلی عـیراق بەگـشتی کـەمترین ئـەزمونی خۆپیـشاندانی لەفەزایـەکی دیموکراسـیدا هەیـە، لەدامەزرانـدنی حکومـەتی پاشـایەتی لەبیـستەکانی سەدەی رابردوودا تاکو ئێستا: سەرەڕای نەبوونی خزمەتگوزاریەکان کـەمترین دەرفەتی ئازادیە سیاسی‌و مەدەنیەکان هەبووە، کە لەدوا وێستگەی رژێمەکان ئـەو کەمـەش لەدەسـەڵاتی تۆتالیتـاری سـەدامدا تێـدا چـوو، بۆیـە هـەر جموجولێکی خەڵك ئەگەر ژمارەکەی لەپەنجەی دەست تێپەڕیبا بە تونـدترین‌و دڕندانـەترین شـێواز وەڵام دەدرانـەوە، نـەبوونی فەزایـەکی دیموکراسـیانەو نسبەتەن ئـازاد، مـانگرتن‌و خۆپێـشاندانی هەمیـشە ئـاوێزانی گڕوگڵپـەی شۆڕشگێڕانە دەکردوو دروشم‌و هوتافەکانی پڕدەکرد لەخرۆشان‌و شەڕی ئاگرو باروت‌و لەو سەرەوەش بەهەمان ئاگرو باروت بەڵام هی گوللەو رقی دوژمن بە گەل وەڵام دەدرانەوە.. بەدرێـژایی مێـژووی حکومەتـەکانی عـیراق فـەزای کۆمەڵگا ئاوس بوو بە ململانێی توندوتیژو پێچەوانە لەنێوان گەل بەگـشتی (وەکو زۆربە)و حکومەت (وەك کەمایەتی)، گەورە بـوونی مرۆڤـی عێراقـی بەهـەموو نەتـەوەو مەزهەبەکانـەوە لـەنێو مەنگەنـەی توندوتیـژی‌و چەوساندنەوەی بێ سـنوری رژێمـە یـەك لـەدوای یەکـەکان، ووردە وردە ئـەم مرۆڤە خوی بەم جۆرە خۆپیشاندانانەوە گرت، بۆیـە چـەندە رژێم دڵڕەقانـەو بـێ‌و بەزەییانە هێرشی ناڕەوای دەکردە سەر ژیـان‌و گـوزەرانی خـەڵك هێنـدە

هێزو ووره‌و رقی به‌ره‌نگار بوونه‌وه له‌هه‌ناوی كۆمه‌ڵگادا ده‌چووه سه‌رو مرۆڤی توندوتیژی به‌رهه‌م ده‌هێنا كه ده‌سته‌ڵاتی رژێمی له‌هه‌موو كون‌و قوژبن‌و بیناو جاده‌و.. هتد ده‌بینی‌و هێرشی ده‌كرده سه‌ر.. بۆیه سوتاندنی دائیره‌یه‌ك، سه‌یاره‌یه‌ك ته‌نانه‌ت فنجانێكی كاره‌باش، شكاندن‌و ئازاردانی رژێمی تیدا ده‌بینیه‌وه‌!، ئه‌و هه‌ڵسوكه‌وتانه ئیتر بوون به كه‌لتوورو كاریگه‌ری گرانی له‌سه‌ر تاك تاكی مرۆڤی عێراقی داناو ئیستاش ره‌نگ دانه‌وه‌ی به‌ئاسانی ده‌بینرێ!

ئیستا كه ئه‌و رژێمانه نه‌ماون‌و فه‌زایه‌كی دێموكراسی خوڵقاوه‌و ئازادیه مه‌ده‌نی‌و سیاسیه‌كان ده‌سته‌به‌رن‌و ئاسۆیه‌كی روون له‌به‌رده‌م دایه چۆن ده‌بێ مرۆڤی عیراقی به‌تایبه‌ت كورد ته‌پ‌و تۆزی ئه‌و كه‌لتوره له‌خۆی نه‌ته‌كێنێ؟ چۆن ده‌بێ خه‌ڵكی كوردستان كه له‌فه‌زایه‌كی زۆر باشترو جیاوازتردا ده‌ژی به به‌راورد له‌گه‌ڵ هه‌رێمه‌كانی تری عیراقدا، سه‌ره‌تایه‌كی نوێ له‌مانگرتن‌و خۆپیشاندان‌دا ئه‌زموون نه‌كات؟ چۆن ده‌بێ جیاوازیه‌كانی نێوان ناره‌زاییه‌كانی ئه‌وساو ئیستا نه‌بینێ؟.. ئامانجی ئیستا خۆی له‌داخوازیه ئیداری‌و خزمه‌تگوزاریه‌كاندا ده‌بینێته‌وه به ته‌نها، دوور له‌ئامانجی سیاسی كه‌واته كه تۆ داوای دروستكردنی قوتابخانه‌یه‌ك ده‌كه‌ی قوتابخانه‌كانی تر بۆ ئاگر ده‌ده‌ی، كه تۆ رێكخستنی رێگاو بانه‌كانت ده‌وێ بۆ كابینه‌ی پۆلیسی هات‌و چۆ ده‌ده‌یه به‌ر به‌رد؟!

پاشان توندوتیژی جگه له‌توندوتیژی چی تر به‌رهه‌م ناهێنێ، له‌جیاتی ئه‌و هه‌ڵسوكه‌وته كۆنه خوازه، بۆ له‌رێگای هێمنانه‌و شارستانیانه داخوازیه‌كانت ناگه‌یه‌نی! ئه‌ی تۆ قوربانیدانه‌كانت له‌پێناو حكومه‌تێكی خۆماڵیدا نه‌بوو؟ بۆچی پشت له‌خه‌بات‌و قوربانیه‌كانی خۆت ده‌كه‌ی؟ ئایا پێت وایه قائیمقامێكی شاره‌كه‌ت حه‌ز نه‌كات شاره‌كه‌ی بكاته بوكی جیهان‌و كه‌مترین گرفت‌و كه‌مایه‌سی هه‌بێ! ئایا وای پێخۆشه كه تۆ هه‌موو رۆژێ به‌رده‌رگای لێ بگری‌و شاره‌كه‌ی به‌ردباران بكه‌ی! راسته گه‌نده‌ڵی هه‌یه، كه‌مترخه‌می هه‌یه، به‌ڵام ئه‌وانه هۆكارێكی بچوكن له‌به‌رده‌م به‌دی نه‌هاتنی داخوازیه‌كاندا، ئه‌وه دراوسێ ناحه‌زه‌كانن ناهێڵن پیداویستیه‌كانت! له‌مووه‌لیده‌ی گه‌وره‌ی كاره‌بایی‌و پالاوتگای نه‌وت‌و.. هتد بگه‌نه كوردستان نه‌كا حكومه‌تی هه‌رێم له‌خه‌م بڕه‌خسێ‌و به‌ره‌و حكوه‌تێكی سه‌ربه‌خۆ بڕوا!

پاشان ئێوه هه‌ر گه‌نده‌ڵی له‌لێپرسراواندا ده‌بینن، پێم وایه ئه‌وه ئێوه‌ن زه‌مینه‌تان بۆ گه‌نده‌ڵی خۆشكردووه به‌و مانایه‌ی تۆ له‌هه‌ڵبژاردنه‌كاندا ئه‌وانه‌ت هه‌ڵبژاردووه! تۆ له‌جیاتی ره‌خنه له‌كۆبوونه‌وه‌كاندا چه‌پڵه‌بارانیان ده‌كه‌ی، تۆ به‌خاتری ده‌ستكه‌وته تایبه‌تیه‌كانت چاو له‌لێپرسراوه دۆسته‌كه‌ت ده‌پۆشی، تۆ جاده‌و قوتابخانه‌و بیری ئاو نابینی دژی حكومه‌ت راده‌وه‌ستی له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كوره‌كه‌ت به‌واسته وه‌رنه‌گیراوه! یان ٢٥٠ دیناری

خانەنشینەکەت بۆ پورزاکەت دەرنەچووە! بۆیە دەڵێم لەنێو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا کەمترین گەندەڵی روودەدا بەڵکو گەندەڵی گیاکەڵەی زەمینێکی گەندەڵە کە کۆمەڵگایە.. ئەوە تا پۆلیس لەجیاتی ئەرکی رێکخستن‌و پاراستنی خۆپێشاندەران‌و دام‌و دەزگاکان بگرێتە ئەستۆ چووەتە نێو خۆپیشاندەران‌و بەشداری کردووە! بۆیە گەندەڵی هەر دەم‌وچاوێکی نییەو هەر رەنگێکی نییە، بەڵکو گەندەڵی دەکرێ لەنێو دەیان دێوجامە، لەژێر دەیان پەردەدا ببینرێ‌و بناسرێتەوە. خۆپیشاندان‌و مانگرتن دەرهاویشتەی عەقلیەتی کەلتورو کۆمەڵگایە، ئەم خۆپیشاندانانە پێویستە لەگەڵ فەزای ئازادی ئیستای کوردستاندا جووت بێتەوەو بەرگێکی شارستانیانەو مەدەنی لەبەر بکات، گەلی ئێمە شایستەی ئەو توندوتیژی‌و هەرەج مەرەجەی خۆپیشاندەران نییە، دەبێ هێمنانە خەبات بۆ داخوازیەکان بکرێ‌و حکومەتی کوردستانیش دوای ١٥ ساڵ لەئازادی ئەگەر نەتوانن پێداویستە ژیانیەکانی خەڵك دابین بکەن با دەست هەڵبڕن‌و رێگەی هەڵبژاردنێکی تر خۆش بکەن.

چونکە بەراستی گەیشتە سەر ئیسقانمان‌و با کەمێك خەوو تەمبەڵی لەخۆیان بتەکێنن‌و سوتەمەنی‌و کارەبا دەکرێ لەهاوسێکان دابین بکەن ئێمە چەند پێویستمان بەو کەرەستانەیە ئەوانیش هێندە زیاتر پێویستیان بە ئێمەیە بەڵام لەدان‌وستاندا پێویستمان بەجورئەت‌و دووربینی‌و دیبلوماسیەتی زیاترە. ئەو لێپرسراوەی بە هەر هۆیەك بێ کارەکانی بۆ

راناپەڕێ با رووسورانە جێگە بۆ کەسێکی دیکە خۆش بکات، پلە میراتی کەس نییە، هەموو رۆڵەیەکی ئەم کوردستانە ئەگەر خاسیەتەکانی هەر کارێکی تێدابێ شیاوی وەرگرتنی ئەو پۆستەیە، دەستاودەست نەکردنی پۆستەکان رۆحی داهێنان‌و نوێ بوونەوە دەمرێنێ، خۆری هەموو رەخنەو خۆپیشاندانێکیش رەشەبایەکی بەدواوەیە، با ئەو لێپرسراوانەی حکومەتی هەرێم (کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە) نەکەنە قوربانی کورسیەکانیان.

قەرزەکانی سەر عێراق.. خەمێك پێویستی بە خەباتی هەموانە..

((ئەو گوللانەی عێراقیەکانی پێ دەکوژران، هەر خۆشیان دەبێ پارەکەی بدەن!))

قەرزکردن لەدێرزەمانەوە فاکتەرێکی گرنگی پێشکەوتن‌و گەشە پێدانی وڵاتان بووە، لەئێستادا زۆر زیاتر برەوی سەندووەو خاوەن قەرزو قەرزدار هەردوولا کەڵکی لێ دەبینن، زۆربەی کاروباری ئاڵوگۆڕە دارایی‌و بازرگانیەکان پشت بە قەرز دەبەستن، هێندێك جار قەرزکردن بۆ قەرەبوی کارەسات‌و وێرانکاری سروشتی یان شەڕ رۆڵی بنچینەیی دەبینێ، هێندێك جاریش بۆ بەرنامەی ساڵانەو چەند ساڵی بۆ گەشەپێدانی ئابوری وڵات لەبوارە جیاجیاکاندا هۆکارێکی یەکلاکەرەوەیە.

لەڕوی شەرعی‌و ناشەرعیەوە قسە لەدووجۆر قەرز دەکرێ:

١ـ قەرزی ئاسایی: کە ئەو وڵاتانەی رژێمەکانیان بە رێگای شەرعی‌و بە دەنگدان هاتونەتە سەر حوکم‌و نوێنەری شەرعی‌و قانونی گەلەکەیانن بۆ بەرژەوەندی گەل‌و وڵاتەکەیان قەرز دەکەن.

٢ـ قەرزی بێزراو(الدیون الکریهە): ئەو قەرزەیە کە دەستەڵاتە ملهوڕیەکان بۆ قایم کردنی رژێمەکانیان‌و سەرکوتی گەلەکەیان کەڵکی لێوەردەگرن‌و بە رێگای دێموکراسی‌و دەنگدانیش نەهاتونەتە سەر حوکم.

لێرەدا ئێمە دەمانەوێ قسە لەمەی دواییان بکەین واتە قەرزی بێزراو(الدیون الکریهە).

قەرزی بێزراو(الديون الكريهة):

لەڕووی ماناوە ئەم ناوە لەعەرەبیدا بە(الديون الكريهة، البغيظة، القبيحة..) بەكاردەهێنرێ لەبەرانبەر ووشە ئینگلیزیەكەی(Odious Debts) لەكوردیدا هێشتا كۆدەنگییەك لەسەر ووشەكە نییە مـن زیاتر قەرزی بێزراو یان پوچەڵ بەكاردەهێنم چونكە لەمانای ووشەكە لەبەكارهێنانو مەبەستی سەرەكیدا زۆر نزیكە. كە بەو قەرزانە دەگوترێ كە بۆ مەبەستی ئینسانیو خێر بەكارنایەتو زیاتر لەبەرژوەندی تاقمێك كە دەستەڵاتی بە دەستەوەیەو بۆ ئامانجی سەربازیو شەڕو سەركوتی گەلو نەیارەكانیان وەردەگیرێن، زۆربەی ئەو پارانەش دەچێتەگیرفانی لێپرسراوانو دەستەڵاتدارانو كەڵكی شەخسی لێوەردەگیرێ. بەپێی تەخمینی بانكی نێو دەوڵەتی ساڵی ٢٠٠٢ زیاتر لە٢٣٤٠ ملیار دۆلار لەلایەن وڵاتانی جیهانی سێمەوە قەرزكراوە، كە زۆربەی دراوە بە رژێمە دیكتاتۆریەكان كە قەرزی سەربازیو سیاسیو شەخسی، دەستەڵاتداران بوون. ئەو پارانە زیاتر چوونەتە سەر حسابی دەستەڵاتدارانو پیاوەكانیانو لەسەر حسابی پاروی كۆمەڵانی خەڵكی ئەو وڵاتانە. بەم پێیە دانەوەی قەرزەكانی جیهانی سێ ٣٠٪ - ٧٠٪ ی داهاتی ئەم وڵاتانە هەڵدەلوشێ. دانەوەی قەرزەكانی جیهانی سێ زۆر قورس بووەو گفتوگۆو قسە لەسەركردنێكی زۆری لەبارەوە دەكرێ تایبەت لەو ڕووەوە ئایا شەرعیەتی هەیە

یان نەء؟ بەو نیشانەی كە ئەم قەرزانە قەرزی پوچەڵن(بێزراو) لەنێوەندی قانونی نێودەوڵەتی دا.

قەرزی بێزراو و یاسای نێودەوڵەتی:

مەبەست لەم قەرزانە لێرەدا سەروەرینو پەیوەندیان بە دەوڵەتەوە هەیە وەكو كیانێكی سەروەر، ئەو قەرزانەش بە شێوەی گرێ بەست دێتە دی كەوا یاسای نێودەوڵەتی رێكی دەخات بەو هۆیەش كە قانونی نێودەوڵەتیمەبدەئی رێزگرتنی مافی مرۆڤو عەدالەت دەگرێتە خۆ، گرێبەستی قەرزی سەروەریش ملكەچی ئەو مەبدەئەن، بە پێچەوانەوە ئەو قەرزانە (باطل) پوچەڵن، قەرزی پوچەڵیش دەستەواژەیەكی تایبەتی بۆ دانراوە كەپێی دەگوترێ(الديون الكريهه) أو البغيظة. قەرزی پوچەڵ (بێزراو).

ئەو دەستەواژەیە لەسەرەتای سەدەی بیستەوە دەربارەی دەنوسرێو پەرەی پێ دراوە. زانای بەڕەچەڵەك روسی(ئەلەكسەندەر ناحوم ساك) لەكتێبەكەی دا(التوارث الدولة)كە ساڵی ١٩٢٧ دەرچوو قەرزی پوچەڵی وا پێناسە كرد كەوا بریتییە لەو قەرزەی رێكخراوە ناشەرعیەكان وەریدەگرن لەپێناو پتەوكردنی رژێمەكانیان، نەك بۆ خزمەتكردنی گەلەكانیان، ئەو قەرزانە دەبنە هۆكاری چەوساندنەوەی گەلەكانیانو زاڵ بوون بەسەر بەرهەڵستكاراندا، ئەو قەرزانە بە قەرزی پوچەڵ(بێزراو) (كریە) دادەنرێن بەنسبەت گەلەوە، ورژێمی دەستەڵاتدار بە تەنها لێپرسراوە لێی، بۆیە دەكرێ ئەو قەرزانە بە قەرزی شەخسی بۆخودی دەستەڵات بێنە هەژمار، بۆیە بە روخانی دەستەڵاتی

ناشەرعی ئەو قەرزانەش دەکەون‌و ڕەش دەبنەوە. هەر حکومەتێك لەپرۆسەیەکی دێموکراسیدا دەستەڵاتی بە دەستەوە نەگرتبێ لەهەڵبژاردنێکی ئازادو خاوێن دا، ناکرێ بە شەرعی دابنرێ. هەروەك لەماددەی ٢١ی راگەیاندنی مافی مرۆڤو ماددەی ٢٥ لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە سیاسی‌و مەدەنیەکان دا هاتووە. مەبدەئی قەرزی پوچەڵ ئیتر لێرەوە گەشەی پێدراو پشتگیری کرا لەرێگەی بڕیارەکانی دادگاکان‌و ڕای زانایان‌و ئەزمونی دەوڵەتان لەو بوارەدا، ئێستا بەسەرچاوەیەکی قانونی نێودەوڵەتی دێتە هەژمار بە پێی ماددەی ٣٨ لەنیزامی دادگای عەدلی نێودەوڵەتی. ڕای باو دەربارەی قەرزی پوچەڵ لەسەر سێ مەرج راوەستاوە:

١ــ ئەگەر رژێمی دەستەڵات لەدەوڵەت دا، لەکاتی قەرزکردندا رژێمێکی ناشەرعی بێ یان لایەنی گرێبەستەکە، لەبنەڕەتدا تەخویل نەکرابێ بە پێی قانونی دەوڵەتی قەرزکەر.

٢ــ ئەگەر ئەو قەرزە بۆ مەبەستێك خەرج بکرێت خزمەتی گەل نەکات‌و لەبەرژەوەندی وڵات‌و گەلەکەدا نەبێت.

٣ــ لایەنی قەرزدەر(دائن) شارەزای سروشتی ناشەرعی یانەی رژێمی دەستەڵاتداربێ‌و بزانێ ئەو رژێمە ئەو قەرزانە بۆ مەبەستی دژ بە بەرژەوەندیەکانی گەلەکەی بەکاردێنێ. یان ئاسان بێ بۆی ئەو زانیاریانە وەربگرێ‌و بزانێ.

شارەزایانی قانونی نێودەوڵەتی هێندێك نموونە پێشان دەدەن کە قەرز بۆ مەبەستی پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی گەل خەرج دەکەن، بەوە دەکرێ بە قەرزی بێزراو دابنرێت.

لێکۆڵەری بەریتانی(پاتریکا ئادمز) patrica Adams لەکتێبەکەیدا قەرزی بێزراو(الديون الكريهه) هێندێك نمونە باس دەکات:

١ـ دەوڵەمەندبوونی شەخسی.

٢ـ بەکارهێنانی بۆ مەبەستی چەوساندنەوەی گەل.

٣ـ هەڵگیرساندنی شەڕی دوژمنکارانە لەدژی دەوڵەتانی تر.

٤ـ پتەو کردنی دامەزراوە دیکتاتۆریەکان.

٥ـ وەبەرهێنانی بۆ توێژێکی‌کەم بێ بەشداری چین‌و توێژەکانی تر بەهۆکاری سیاسی وەك کەرەستەیەك بۆ جیاکردنەوەی تاکەکانی گەل.

مەبدەئی قەرزی بێزراو وەك مەبدەئێکی قانونی نێودەوڵەتی ماوەتەوەو نەبۆتە خاوەنی ئالیەتێکی جێبەجێ کردنی نێودەوڵەتی، هەروەك لێکۆڵەری ئەڵمانی Jurgen Kaiser لەدامەزراوەی Friedrich-Ebert-Stiftung دا باسی دەکا. بەڵام ئەو مەبدەئە بە تەنها نیە کەوا ئالیەتی جێبەجێکردنی نەبێ، بەڵکو مەبدەئی مافی بڕیاردانی چارەنوسیش مەبدەئێکی بنچینەیی‌یە لەقانونی نێودەوڵەتی کەوا خاوەنی ئالیەتێکی جێبەجێکردن نییە، بەڵکو گەلان دەبێ خۆیان خەباتی بۆ بکەن‌و قانونی نێودەوڵەتی تەنها شەرعیەتی پێ دەبەخشێ.

مەبدەئی قەرزی بێزراو لەمەبدەئی هاوشێوە لەقانونی مەدەنیدا زۆر نزیکە کەوا تاك ناتوانرێ ناچار (ئیلزام) بکرێ بە دانەوەی قەرز کەوا کەسێکی تر بە ناوی ئەوەوە قەرزی کردبێ بەبێ تەخویل کردن.

تەخویل کردن لەقانونی مەدەنیدا بەرانبەرە بەهەڵبژاردنی ئازادو خاوێن لەسەر ئاستی دەوڵەت، لەرژێمە دیموکراسیەکاندا بۆ دیاری کردنی دەستەلاتداران بۆ بەرێوەبردنی حکومەت.

ئەریك توسان(*) دەڵێ: ئەگەر بۆ قانونی نێودەوڵەتی بگەڕێینەوە کەوا لەسەر حاڵەتی عێراق جێبەجێ دەکرێ بە تەواوی، مەبدەئی قەرزی بێزراودەگرێتەوە، بەپێی ئەو مەبدەئە((ئەگەر دەستەلاتێکی چەوسێنەر قەرزی کرد، بە پێی پێداویستی یەکانیو بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت نەبێ، بەڵکو بۆ بەهێزکردنی رژێمە چەوسێنەرەکەیو لەنێوبردنی دانیشتوانەکەی بێ کەوا شەڕی لەگەڵ دەکەن، قەرزەکە بێزراو(کریە)دەبێ بەنسبەت هەموو دانیشتوانی دەوڵەتەکە، ئەو قەرزە ئیلزامی نییە بە نسبەت گەلەکەو ئەوە قەرزی رژێمە، قەرزێکی شەخسیە بۆ دەستەلات، بۆیە بە کەوتنی رژێم ئەو قەرزەش لادەچێو دەکەوێ.

نمونەی مێژوویی:

١- کێشەی کۆستاریکا: دیکتاتۆری کۆستاریکای پێشو(تینۆکۆ)قەرزێکی لەبانکی کەنەدی کرد کە چەند ملیۆنێك بوو، کە بۆ مەبەستی شەخسی بەکاری هێنا، دوای ڕوخانی رژێمەکەی لەساڵی ١٩٢٣دا حکومەتی نوێ دانەوەی ئەو قەرزەی بە بانکی کەنەدی ڕەتکردەوەو کێشەکە بۆ دادوەری

نێودەوڵەتی حەواڵە کرا، قازی دادوەری کێشەکەش بڕیاریدا کەوا حکومەتی کۆستاریکا پابەند نییە بە دانەوەی قەرزی حکومەتی پێشوو چونکە دەبێ قەرزی دەوڵەتان لەبەرژەوەندی گشتیدا خەرج بکرێت نەك بۆ مەرامی شەخسیو بانکی کەنەدیش زانیاری هەبوو لەسەر ئەو ڕاستییە کەوا ئەو قەرزە بۆ مەرامی شەخسی لەلایەن دەستەلاتداری پێشوەوە خەرج کراوە.

٢- کێشەی ئیسپانیا- ئەمریکا: لەجەنگی ئیسپانیا- ئەمریکا ساڵی ١٨٩٨دا ئەمەریکا، ئیسپانیای لەکوبا وەدەرناو کوبای بۆ خۆی داگیرکرد. دواتر ئیسپانیا داوای قەرزەکانی کردەوە کەوا ئیسپانیا بەناوی کوباوە قەزری کردبوون، حکومەتی ئەمریکای ئەو کاتە داواکەی ڕەتکردەوە بەو بەڵگەیەی ئەو قەرزانە نا ئەخلاقین چونکە بەبێ رەزامەندی گەلی کوبا قەرزکراونو بۆ لەنێوبردنی خەباتی گەلی کوبا دژی ئیستیعمار بەکارهاتوون ئەو ڕاستیانەش زانرابوون لەلایەن قەرزدەرەکانەوە بۆیە دەبێ ئەنجامەکەی قبوڵ بکات.

٣- کێشەی سۆڤێت: دوای شۆڕشی سوشیالیستی لەڕوسیاو دامەزراندنی یەکێتی سۆڤێت، حکومەتی سۆڤێتی ساڵی ١٩١٨ بڕیارێکی دەرکرد بە کوژاندنەوەی هەموو قەرزەکانی ڕوسیای قەیسەری بە بەڵگەی ئەوەی ئەو قەرزانە قەرزی شەخسی قەیسەری ڕوسیای لابراو بوون، بۆیە یەکێتی سۆڤێت پابەند نابێ پێوەی.

٤- کێشەی قەرزەکانی رژێمی رواندای پێشوو: ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا ساڵی ١٩٩٨ دانی نا بە ناشەرعی بوونی قەرزەکانی رژێمی رواندای پێشوو بە

بەڵگەی ئەوەی رژێمی رواندای پێشوو لێپرسراوە لەتاوانی لەنێوبردنی بە كۆمەڵو ئەو قەرزانەشی لەكڕینی چەك بۆ بەكارهێنانی دژی گەل خەرج كرد لەبەرئەوەی حكومەتی نوێ پابەند نابێ بە دانەوەی ئەو قەرزانە.

ناچاركردنی گەلان بە دانەوەی قەرزی رژێمە دیكتاتۆریەكان كارێكی پێچەوانەی عورفو مەبدەئی ئەخلاقی نێودەوڵەتیو مەبدەئی گشتی قانونە چونكە وەكو دەوڵەمەندبوونی نا شەرعی(اثراء غير شرعي)یە لەلایەن قەرزدەرەوەكانەوە لەسەر حسابی ئەو گەلانە كەوا هیچ كەڵكێك نابینن لەو قەرزانەو ناچار دەكرێن بە دانەوەی قەرزەكانو ئەو گەلانە دەبنە سەرچاوەی قازانجی ماددی نامەشروع بۆ قازانجی دەوڵەتە قەرزدەرەكانی هاوكاری رژێمە سەركوتكەرە ناشەرعیو گەندەڵەكان.

جۆری قەرزەكانی رژێمی عێراق:

لەهێندێك دۆخ دا قەرز بە رژێمی ناشەرعی دەدرێ كە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتانی ترو گەلەكەیاندا دەكەن، هەروەك رژێمی عێراقی پێشوو، ئەو جۆرە قەرزانە دەكرێ، هەروەك ڕای پرۆفیسۆر (O'connel) بەمانای چوونە پاڵ رژێمەكەدا دژی لایەنی دووەم دابنێین، بۆیە ئەو قەرزانە دەبنە بەشداری لەشەڕەكەدا، بۆیە ناكرێ قوربانیەكانی تیرۆری رژێمی دیكتاتۆری، نرخی كەرەستەو ئامرازی بەكارهاتوو بۆ ئەشكەنجەو پاكتاوكردنو كوشتنیان بدەن، بەڵكو پێویستە ئەو قەرزدەرانە بخرێنە ژێر گیروگازی داداگاییو لێپرسینەوەوە لەسەر تاوانی

هاوكاری رژێمی دیكتاتۆر، هەروەك نمونەی خواروی ئەفریقیا كەوا داوای دادگایی لەسەر ئەو بانكانە تۆماركرد كە قەرزیان دابوو بە رژێمی رەگەزپەرست لەباشوری ئەفریقیای پێشوو.

بەم پێیە ئەو دەوڵەتانەی قەرز بە رژێمە ناشەرعیەكان دەدەن بە تەنها خۆیان بەرپرس دەبن لەئەنجامی كارەكەیانو پارەكانیان دەخەنە گرەوێكی دۆڕاوەوە، چونكە زانیاری پێشوەختیان هەیە كە ئەو رژێمانە لەلایەن گەلەكانیانەوە تەخویل نەكراون بۆ گرێبەستی ئەو قەرزانە بەناوی خۆیانەوە، ئەو جۆرە گرێبەستانەش پوچن(باطل)لەلایەنی قانونیەوە بە پێی مەبدەئی لادان لە(الصلاحيات)ی ناسراو لەقانونی نێودەوڵەتیدا بە مەبدەئی ultra vires.

بەراوردكردنی قەرزەكانی رژێمی لەناوچووی بەعس بەو پێوەرانەی بۆ قەرزی بێزراو دانراوە، باشترین نمونەی ئەو قەرزە بێزراوە(كريهه)ن كە زاناكان لێی دواون! نە رژێمێكی هەڵبژێردراووتخویل كراو هەبووە لەعێراق دا بەڵكو بە هەڵگەڕانەوەی سەربازی(انقلاب عسكري)و بە خوینڕشتن صدامو دارودەستەكەی هاتنە سەر حوكمو قەرزەكانیش لەخەرجی شەڕەكان(ناوخۆو دەرەكی) بەكار دەهات، هەموو ئەو قەرزدەرانەش دەیانزانی رژێم چۆن دژایەتی گەلەكەیو دەوڵەتە هاوسێكانی دەكاو قەڵاچۆی نەیارانی دەكات بە هەموو جۆرە چەكێك تەنانەت چەكی قەدەغەكراوی(كیمیاویو بایۆلۆژی)ش.

قەرزو داگیرکاری‌و ئابلۆقە :

نابێ ئەو راستیانە فەرامۆش بکرێن، کە بەسەر عێراقدا هاتووە کە لەڕووی نێودەوڵەتیەوە مافێك دەدا بە عێراق کە چاوخشاندنەوە بە قەرزەکان دا دەبێ حسابی لەسەر بکرێ، لەوانە عێراق لە٩/٤/٢٠٠٣وە لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانەوە داگیرکراوەو لەساڵی ١٩٩٠یشەوە ئابلۆقەی ئابوری خراوەتە سەر بۆیە ئەو سودانەی لەم ماوەیەدا خراوەتە سەر قەرزەکان نا قانونین، بۆ نمونە بڕی ٤٢ملیارد دۆلار کەوا ئەندامانی نادی پاریس داوای دەکەن ٢١ملیار دۆلاری سودی کەڵەبووی سەردەمی ئابلۆقەیە واتە ١٩٩٠ـ ٢٠٠٣.

صدام ئەو قەرزانەی بە چ مەبەستێك کردبوو؟

لەکەس شاراوە نییە رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس ئەو قەرزانەی بۆیە نەکردبوو پردو بیناو قوتابخانەو جادەو... هتد دروست بکات بەڵکو بۆ تێکدان‌و خاپورکردنی عێراق‌و دەوڵەتە هاوسێکانی بوو، لەوانە:

١ـ قەرەبوو کردنەوەکانی شەڕەکانی دەوڵەتانی هاوسێ.

٢ـ نرخی چەك‌و تەقەمەنی‌و چەکی کۆمەڵ کوژ.

٣ـ دزیە راستەوخۆو ناراستەوخۆکانی پیاوانی رژێمی گۆڕبەگۆڕ.

٤ـ ئەو بەرتیلانەی بۆ کڕینی‌هەڵوێستە سیاسیەکان‌و کرێ گرتەکانی‌و پشتیوانە دەرونیەکانی رژێمی گۆڕبەگۆڕ دەدران.

٥ـ باجی گرێبەستە جێبەجێ نەکراوەکان.

٦ـ دروستکردنی کۆشك‌و کەرەستەکانی خۆشگوزەرانی‌و رەسیدەکانی بانکە جیهانیەکانی سەرکردەکانی رژێمی لەنێوچوو.

٧ـ چەك‌و مووچەی شەڕە بەردەوامەکانی دەرەوەو ناوەوە.

٨ـ خەرجیەکانی تێکدانی شارو شارۆچکەکان‌و دروستکردنی ئۆردوگای زۆرە ملێکان لەکوردستان.

٩ـ لەنێو بردنی وەبەرهێنانی خۆماڵی‌و کردنی عێراق بە سەربازگەیەکی گەورەو مشەخۆر.

ئێستا کات تا زۆر درەنگ تر نەبووە دەبێ بیر لەچارەسەرێکی بنەڕەتی بکرێتەوە، زۆر نارەوایە، گەلی عێراق پارەی ئەو گوللانە بداتەوە کە کوڕو براو مێردو خۆشەویستەکانیان پێ کوژراو شارو گوندەکانیانی پێ وێران کرا! زۆر ناڕەوایە گەلی عێراق باجی شێتیەکانی صەدامی دیکتاتۆرو دارودەستەکەی بدات، دەبێ لێپرسراوان‌و زانایانی عێراق باشترین رێگا چارە هەڵبژێرن‌و سۆزێکی نێودەوڵەتیش هەیە بۆ پشتیوانی‌و هاریکاری جگە لەو ماددانەی مافەکانی مرۆڤو مەسەلەی قەرزی پوچ کە بووەتە سەرچاوەیەك لە یاساکانی نێودەوڵەتی.

بڕی قەرزەکانی سەر عێراق:

هیچ کەس بڕی قەرزەکانی عێراق نازانێ، لەبەرنەبوونی دۆسیەی تایبەت بەو قەرزانە، چونکە رژێم هەر لەسەرەتاوە چاوەڕوانی چارەنوسێکی رەشی دەکرد کە ڕاگرتنی رژێم بە زۆرداریو خوێنو زیندان تاسەر نابێ بۆیە کارەکانی کاتیو بە دزیو شاراوەیی دەهێشتەوە، بەڵام کۆمەڵێك بۆچوونو تەخمینات هەیە: رێکخراوی Jubllleeiraq قەرزەکانی عێراق بە بڕی ٩٤ـــ ١٥٤ملیار دەقەبلێنێ لەوانە:

ـ ٤٢ملیار نادی پاریس.

ـ٧٠ ملیار دەوڵەتانی کەنداو کەوا دژی ئێران هاوکاری عێراق بوون.

ـ١٣ملیار لایەنەکانی تر.

بەڵام ئەو قەرزانە قەرزی بنچینەییو راستەقینە نین، زیاتر کۆبونەوەی سوودی قەرزەکانە. هەروەك لە٤٢ملیاری نادی پاریس ٢١ملیاردی سوودی کۆبووەوەیی نێوان ساڵی ١٩٩٠ـ ٢٠٠٣یە.

٩٠٪ قەرزەکان بواری سەربازین کە لەساڵی ١٩٨٠دوای دەست پێکردنی شەڕی ئێران کۆبۆتەوە، چونکە پێش ئەم شەڕە عێراق زیاتر لە٣٦ملیار زیادەی لەدراوی قورس(عملەی صعب)هەبوو، هیچ قەرزێکی درێژخایەنیشی

لەسەر نەبوو بەڵکو تا ساڵی ١٩٩٠ ساڵی هێرشکردنە سەر کوێت، قەرزەکانی دابۆوە.

جگە لەمەش قەرز لەرێگەی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی دەدرێو ئامانجی قەرزەکەش ڕوون دەکرێتەوە، پاشان دەبێ لێکۆڵینەوە بکرێ داخۆ بەکارهێنانی ئەم قەرزە لەپراکتیکدا چۆنەو تا چەند گەل سودی لێ دەبینێ. کوشتو کوشتارو لەنێوبردنی گەلانی عێراق(کورد، عەرەب، تورکمان.... هتد) هەر لەساڵی ١٩٦٨ەوە تاکو ڕوخانی رژێم لەساڵی ٢٠٠٣دا لەرێگەی میدیاکانو ڕاپۆرتەکانی لیژنەکانی مافی مرۆڤ هەموو جیهان ئاگاداری بوون. بۆیە هەر قەرزێك درابێ بەم رژێمە فاکتەری بەهێزکردنی دامەزراوە دیکتاتۆریە چەوسێنەرەکەی بووەو بۆتە هۆی زیادبوونی پانتایی چەوساندنەوەو زوڵمو ستەم.

ئەوەی ئاشکراشە زۆربەی قەرزەکانی سەر عێراق لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠ـ ٢٠٠٣دا کەڵەکە بووە کە لەو ساڵانەدا شەڕی لەگەڵ هاوسێکانی هەڵگیرسان، ئێرانو کوێت. زۆربەی ئەو پارانەش کەبۆ شەڕ وەرگیراون بە بانکی ناوەندیدا تێنەپەڕیون، بۆیە کەمو زۆر زانیاریان لەبارەیەوە لەبەردەستدا نییە! ئەوەش پێچەوانەی دەوڵەتانی دونیایە کەوا دەبوو بانکی ناوەندی عێراق، حساباتی ئەو قەرزانەی لەبەردەست داباو چ وەرگرتنی پارەکە، وەچ چۆنیەتی خەرجیەکان.

هێندێك لەو پارانە بۆ کڕینی چەك بەکاردەهات هاتنی پارەکەو سەرچاوەی پارەکە کەس نەیدەزانی، هەروەك تۆپە نەمساویەکە. لێرەوە کێشەی بڕی قەرزەکان بە شێوەیەکی راستەقینەو دروست سەرهەڵدەداو هەروەها ئەندازەی

راستگۆیی‌و ڕۆڵی گەندەڵی لەئاڵوگۆڕی دۆخەکەدا تایبەت ڕۆڵی هەڵقەکانی پەیوەندیەکان، لەدزینی پارەو پولەکاندا چ لەدەوڵەتی(دائن) قەرزدەر چ لەعێراق.

بانکی ناوەندی عێراق کە جگە لەژمارەی قەرزە فەرمیەکان کە بەپێی گرێبەست وەرگیراون لای نیە بەپێی سەرچاوەی باوەڕ پێکراو ئەو قەرزانە بە قازانجەکانیشیانەوە لە٥٣ملیار تێناپەڕێ وە بە٦٥ملیار دەگات ئەگەر قازانجە دواخراوەکانیشی بخرێتەسەر.

قەرزەکان بە گشتی:

وەك ئاماژەمان پێدا بڕی قەرزەکان ڕوون نییە بەهۆی هەژمارنەکردنی لەلایەن بانکی ناوەندی‌و نەبوونی شەفافیەت، زۆربەی کرداره داراییەکان لەژێر پەردەو بە دزیەوە کراون. جگە لەوەش هێندێك لەو پارانە لەکاتی خۆیدا بە بەخشین بووەو بە قسەی ڕژێمی پێشوو وەکو ٣٠ملیاردەکەی وڵاتانی کەنداو بۆیە هەرلایەنەو ژمارەو بۆچوونێکی هەیە لەوانە:

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی قەرزەکانی عێراق بە نزیکەی ١٢٠ملیارد دەقەبلێنێ کە لەو پارەیە ٤٠بلیۆنی هی نۆزدە ئەندامەکەی نادی پاریسە. وەکالەتی ڕۆیتەرز ژمارەیەکی تر پێشکەش دەکات کەوا عێراق قەرزاری ئەڵمانیایە بە بڕی ٢ـ ٨بلیۆن دۆلار، فەرەنسا ٣ـ ٨ بلیۆن، روسیا ١٢بلیۆن.... هتد.

بەڵام دامەزراوی ئەکزوتکس، کەوا دامەزراوەیەکی دارایی ناسراوە لەبەریتانیا قەرزەکانی عێراق بە ١١٦بلیۆن دۆلار دەقەبلێنێ، ٤١/٥ بلیۆن دۆلار نادی پاریس‌و ٤٥/٥بلیۆن دۆلار هیی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بەڵام ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی‌و نێودەوڵەتی لەزانکۆی جۆن هۆبکنز قەرزی عێراق بە ٣٨٣,١٩٦,٠٠٠,٠٠٠دۆلار دەقەبلێنێ!. لیستێکی درێژی قەرزەکان کە بەم ژمارە گەورەیە کۆتایی دێ، لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەگەیەنن کە لیژنەی قەرەبووی سەر بە UN داواکاریەکانی قەرەبووکردنەوەی پێ گەیشتووە کە تا سنوری ٣٢٠بلیۆن دۆلارە کە پەیوەندی بە داگیرکردنی کوێت‌و لەئەفراد‌و کارگەو حکومەتەکان‌و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان پێکهاتوون. وەلەبڕی ١٤٨بلیۆن دۆلار لەداواکاری قەرەبووی ئەفراد‌و خێزان، لیژنەکە ڕازی بووە لەخەرج کردنی ٤٣بلیۆن دۆلارو بەکردەوەش ١٦بلیۆن دۆلار لەو پارەیە دراوەو ٢٧بلیۆن دۆلار دەمێنێ.

بەپێی ژمارەکانی بانکی نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠٠٢قەرزە فەرمیەکان‌و بازرگانی حکومەتی عێراق دەکاتە ١٢٧/٧ملیار دۆلار، ٤٧ملیار سودی کەڵەکە بووە، بەڵام قەبلاندنەکانی تر "میس" بڵاوی کردۆتەوە لەساڵی ٢٠٠٣، قەرزەکانی عێراقی بە ١١٨/٥ملیار دۆلار داناوە کە بەم پێیەیە: (٢)

سعودیە: ٢٥ملیار دۆلار

کوێت ١٢/٥ملیار دۆلار

باقی دەوڵەتانی کەنداو: ١٧/٥ملیار دۆلار

روسیا: ٩مليار دۆلار

ئەڵمانیا: ٣/٤مليار دۆلار

قەرزدەرە بازرگانەکان(نادی لەندەن) ٦/٢مليار دۆلار

نادی پاریس: ١٨/٢١مليار دۆلار

ئەمریکا: ١/٢مليار دۆلار(قەرزی بنچینەیی)

لایەنەکانی تر: ٢٠مليار دۆلار

ئالۆزی لەچارەسەردا:

پێویستە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بە دوای ڕێگای نائاسایی دا بگەڕێین چونکە ئەگەر عێراق ویستی دان بەم قەرزانەدا بنێ‌و خشتەیەك بۆ دانەوەی ئامادە بکات کەوا قەرزدەرەکان لەو بارەوە ڕازی بوون، مانای وایە خشتەکە سودەکانیش دەگرێتەوە کەوا بە لانی کەمەوە سودەکان ساڵانە ١٠٪ یان بە باشترین حاڵەتدا بۆ حساب دەکرێ واتە نزیکەی ١٣مليار دۆلار. ئەگەر قەرەبوو کردنەوەکانی بخرێتە سەر، دەبێتە بارگرانیەکی زۆر گەورەو داهاتە نەوتیەکانی عێراق بەو هەموو دەوڵەمەندیە، بەشی ناکا، چونکە ئەگەر بەرهەمی نەوت بۆ سەردەمی پێش شەڕیش بەرزبکرێتەوەو کە زۆرترین فرۆشی ٣/٥ملیۆن بەرمیل بووە رۆژانە، ئەوا داهاتەکەی نزیکەی ٣٠مليار دۆلار ساڵانەیە! ئینجا ئەو قەرزانە داناپۆشێ!.

جگە لەوەی عێراق بەدەست دۆخێکی کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی زۆر خراپەوە دەناڵێنێ، ئەوەش بە ڕوونی لەئاماژەکانی تەندروستی‌و فێرکردن‌و گەشەی کۆمەڵایەتی دا دەردەکەوێ بۆنمونە:

***لەعێراق دا ٤/٥ ملیۆن منداڵ هەیە کە ئەندازەی نەخوێندەواری لەنێوانیاندا ٣٠ـ ٤٠٪و زۆربەیان کاردەکەن بۆ ئەوەی هاوکاری خێزانەکانیان بکەن، بۆ دابین کردنی پێداویستیە زەروریەکانیان، ئەوەش بە پێی ڕاپۆرتی"میس"ی ئابوری ئازاری ٢٠٠٣.**

هەر بەپێی"میس" ئەندازەی ئەوانەی خوێندنی سەرەتایی دەخوێنن تەنها ٧٪ لەسەرجەم منداڵانی عێراقی پێکدەهێنن! هەروەك کتێب‌و مەنهەجی خوێندن لەساڵی ١٩٨٩ەوە نوێ نەکراونەتەوە، پاشەکشەیەکی زۆر هەیە لەفێرکردنی تەندروستی‌و پزیشکی، سەرەڕای کەمی توانا فیزیاییە عێراقیەکان لەوەتەی کۆتایی شەڕی کەنداوی دووەم ساڵی ١٩٩١ەوە.

بۆیە عێراق ڕووبەڕووی کێشەی پەیداکردنی کادیری ئامادەو شارەزا بۆ سەرکرادیەتی پرۆسەی بنیاتنانەوەو چاکسازی دەبێتەوە، بە تایبەت زۆربەی تواناکان لەچینی ناوەندو بەرز بۆ دەرەوە کۆچیان کردووە!

هەرچەند قسە لەنەخشەدانان دەکرێ لەلایەن ئەمریکاوە بۆ چاکسازی پرۆسەی فێرکردن لەعێراق، بەڵام ئەو نەخشەدانانە لەگەڵ ئەو واقعە ئینسانیە بەرەو ڕوو دەبێتەوە.

*جەنگ لەگەڵ ئێرانو دواتر کوێتو دواتر سزا نێودەوڵەتیەکان ئەو گەشەکردنەیان هەرەس پێهێنا کە لەحەفتاکاندا بەهۆی نەوتەوە دەستی پێکردبوو. ئێستا عێراق لەزۆربەی کەرتەکاندا بە پەشێویو هەژاریەکی ئابوری تۆقێنەردا رادەبوورێ. تێکڕای داهاتی نەتەوەیی ئێستا لە١٥ــ ٢٠٪ تێپەڕ ناکات بە بەراوورد بەساڵی ١٩٧٩.

لەکاتێك دا تێکڕای داهاتی ساڵانەی تاك لەنێوان ٤٠٠٠ــ ٥٠٠٠دۆلار لەساڵانی هەشتاکان دا لەسەدەی رابردوودا بوو، ئێستا ئەو کەسە بەختیارە ئەگەر داهاتی ساڵانەی بگاتە ٨٠٠دۆلار بە تایبەت لەناوەڕاستو خوارووی عێراق دا.

بەهۆی ئەو دۆخە خراپەشەوە کۆمەڵێك دیاردەی کۆمەڵایەتی خراپ سەری هەڵداوە لەوانە، بەرزبوونەوەی ئەندازەی تاوانو گەندەڵی کە لەو کردەوانەی دزیو دەست بەسەرداگرتن دا دەردەکەوێ کە لەدوای ڕووخانی سەدامەوە سەریان هەڵداوە.

* سەرەڕای بێ کاری کە٥٠٪ تێپەڕیوە. ئەندازەی کەم خۆراکی گەیشتۆتە ٣٠ـ ٤٠٪((نەوت بەرانبەر بە خۆراك)) نەیتوانیوە چارەسەری ئەم کێشەیە بکاتو زۆربەی خەڵك لەژێر ئاستی کەمی گوزەران دا بەرێوەدەچن، تایبەت لەباشور. کەرتی کشتوکاڵ تووشی لەنێوچوون بووە تایبەت نەوەدەکان، ئێستا کشتۆکاڵ پێداویستیەکانی دانیشتوانی پێ دابین ناکرێ، کەوا ساڵانە ٢ـ

٥/٢٪ زیاد دەکات، ئەوەش خراپ بەسەر جوتیاراندا شکاوەتەوەو ناتوانن کێ بڕکەی بەرهەمی هەرزانی دەرەکی بکەن لەنرخ دا.

چارەسەری نائاسایی:

بێگومان بەشی زۆری قەرزەکانی سەر عێراق لەئەنجامی سیاسەتی رژێمی عێراقی پێشوو کەڵەکە بووە، ئەو رژێمە میراتێکی گرانی لەقەرزو قۆڵەی سەرسوڕهێنەر بەجێ هێشتووە، کارێکی زاڵمانەیە گەلی عێراق باجی سیاسەتەکانی رژێمی لەناوچوو بدات، بەڵام لەڕووی قانونیەوە حکومەتی نوێی عێراق پابەندە بە دانەوەی قەرزەکان، رووخانی رژێمی لەناوچوو نابێتە هۆی لێبوردن، بەتایبەت بەشێك لەو قەرزانە لەسەر شێوەی گرێبەستی ئایندەن بەتایبەت گرێبەستە نەوتیەکان.

لەو بارەوە هەوڵی زۆر دراوە بەتایبەت لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، بەو مانایەی دەستەڵاتی کاروبارەکانی بەدەستەوەیە لەئێستادا، داواکاری زۆری پێشکەشی دامەزراوە داراییەکانو حەوت دەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکەی جیهان کردووە لەپێناو چاوخشاندنەوە بە قەرزەکانی سەر عیراقیانداو مەودای ڕەشکردنەوەی هێندێك لەقەرزەکانیان وەکو بەشداریەکی ئەوان لەبنیاتنانەوەی عیراق دا.

زۆر لەو دەوڵەتو دامەزراوانە وای دەبینن کەوا ئەم پرۆسەیە لەچوارچێوەی ((نادی پاریس))دا جێبەجێ بکرێ بەو ئیعتبارەی سەرچاوەی سەرەکیو تاکانەی زانینی ئەو قەرزانەیەو هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

بانكی نێودەوڵەتیو سندوقی دراوی نێودەوڵەتیش داواكاریەكیان ئاڕاستەی نادی پاریس كرد بۆ دووبارە رێكخستنەوەی نەخشەی قەرزەكانی عێراق بۆ هاوكاری عیراق لەبنیاتنانەوەیدا.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە كە سەرجەمی قەرزەكانی ئەندامانی نادی پاریس لەسەر عێراق بە ١٨و٢١ ملیار دۆلار دەقەبلێنرێ لەسەرجەم قەرزەكانی عێراق. قەرزی ئەندامانی نادی پاریس نزیكی هەمووی قەرزی دواكەوتووە(المتأخرة) كەوا پرۆسەی رێكخستنەوەی نەخشە دەیانگرێتەوە كەوا لەسەر قەرزە كەڵەكەبووەكانی قۆناغی شەڕی سارد دا جێبەجێ كراوە ئەوەش بە پێی پەیڕەوی پرۆسەی نادی.

ئەو تایبەتمەندیەی قەرزەكانی سەر عێراق پاڵنەرە بۆ توێژینەوە لەرێگاچارەی نائاسایی، ئەگەر عێراق دان بنێ بەو بڕی قەرزانەدا ئەوا رێكخستنەوەی نەخشەكەی بە دوادا بێ، لەراستیدا دۆسیەی قەرزەكانی عێراق بە تایبەتمەندیەكی ناوازە جیادەكرێتەوەو كۆمەڵێك فاكتەر لەخەملاندنی ئەو قەرزانەدا رۆڵ دەبینن، هەر لەكاتی رێككەوتن لەریزبەندیو خەملاندنی چەندێتی دراوی پێویست بۆ خزمەتگوزاری قەرزی دەرەكی لەئایندەدا، لەسەر ئاستی ووردەكاری زیاتر داپۆشینی ئەو قەرزە لەسەر زیادەی موازنەی بنچینەیی دەبێ لەئاییندەدا، وەلەسەر ئەولەویاتی خەرجیەكان لەو موازەنەیەدا، سەركەوتن لەدیاری كردنی سەرچاوەی سەرمایەی پێویست بۆ وەلامدانەوە بە

قەرزەكان دوای ئەوەی رێكخستنەوەی هەیكەلە تەواو دەبێ، سەرەڕای نرخی شمەكی تایبەتی نەوت.

ئەو تایبەتمەندیەی قەرزەكانی عێراق پاڵنەرە بۆ توێژینەوە لەرێگای چارەی نائاسایی، ئەگەر عێراق دان بنێ بەو بڕە قەرزانەدا ئەوا رێكخستنەوەی نەخشەی بۆ دەكرێ(جدولة) بۆ ئەوەی بە قیست بدرێ، ئەوەش لایەنە خاوەن قەرزەكان بەڵێنییان داوە. رێكخستنەوەی نەخشە مانای هەبوونی سودی ساڵانەی بڕی سەرجەمی زانراو لەقەرزی عێراقی كە لە١٠٪ كەمتر نییە لەباشترین دۆخ دا، واتا نزیكەی ١٣ملیار دۆلار. ئەگەر قەرەبووەكانی بچێتە سەر ئەوا ئەو بڕەیە لەداهاتی عیراق ئەگەر فرۆشتنی نەوت بگاتەوە سەردەمی زێرینی خۆی كە ٣/٥ ملیۆن بوو لەرۆژێك دا هێشتا قەرزەكان داناپۆشێ!. وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا.

هەوڵەكانی (بۆل بریمەر) كەوا داوای لەسعودیەو كوێت كرد قەرەبوو كردنەوەكانیان رەشبكەنەوە سەركەوتوو نەبوون، سعودیە بێ دەنگی هەڵبژاردوو كوێتیش بە توندی وازهێنان لەقەرەبوو كردنەوەكانی رەتكردەوە.

كەمكردنەوەی باری گرانی قەرزەكانی عێراق، لەئەولەویاتی بەرنامەی نەخشەكێشانی ئەمریكی دایە، لەواشنتۆن لە٢١ ئایاری ٢٠٠٤ لێپرسراوێكی بەرز لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا رایگەیاند كەوا حكومەتی سەرۆك بۆش بەردەوامە لەپابەندبوون بە هاوكاری عێراق بۆ لابەلاكردنی قەرزە

دەرەكیەكانیو بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ دەوڵەتە هاوكارەكانی كار دەكات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە.

لەشایەتدانێكدا لەلیژنەی ئەنجومەنی نوێنەران رۆژی ٢٠مانگ جێگری وەزارەتی دارایی(جۆن بلۆر) ووتی: كۆمەڵەی حەوت دەوڵەتە پیشەسازیەكە كە بریتین لە: كەنەدا، بەریتانیا، ئەمریكا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیسپانیاو ژاپۆن، هیوادارن رێگا چارەیەك بۆ كێشەی قەرزەكانی عێراق بدۆزرێتەوە لەكۆتایی ساڵ دا. وەپێشكەوتنی باشمان بە دەست هێناوە لەو رێگایەدا بۆ ئەو ئامانجە.

ئاماژەی دا بەوەی كە جیمس بێكەر وەزیری دەرەوەی پێشوو لەگەڵ هاوكارانی ئەمریكادا كاردەكات بۆ ئەو ئامانجەو زۆر لەدەوڵەتان پەیمانی هاوكاریان داوە..

هەرچەندە رێككەوتنی كۆتایی دەربارەی قەبارەو مەرجەكانی سوككردن یان رێكخستنەوەی خشتەی قەرزەكان دەبێ دانوستانی لەسەر بكرێ لەنێوان عێراقو خاوەن قەرزەكان دا.

پاشان ووتی: لەكۆتایی ساڵی رابردووەوە، وەزیری پێشو جیمس بێكەر سەركەوتوو بوو بۆ دابین كردنی پابەندبوونی سەرۆكەكانی خۆرئاوای ئەورووپاو ئاسیاو دەوڵەتانی كەنداو بە سوككردنی قەرزەكانی عێراق لەم ساڵدا.

پێشمەرجەكان:

لەژێر ئەو دۆخە ئاڵۆزەی قەرزەكانی سەر عێراق دا گەیشتن بە چارەسەرێك زۆر قورسە، بە تایبەت باك ڕاوندە سیاسیەكان كەوا كاریگەریان لەسەر پەیوەندیەكانی نێوان هێندێك لایەنە خاوەن قەرزەكان هەیە لەگەڵ ئەمریكادا كە سەرپەرشتی دۆخی عێراق دەكات. بە شێوەیەكی گشتی هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ دۆسیەی قەرزەكانی عێراق لەسەر ٣خاڵ دەوستێ:

١ـ هەبوونی حكومەتێكی عێراقی هەڵبژێردراو كە نوێنەرایەتی گەل بكات كەوا رەنگدەرەوەی شەرعیەتی هەوڵەكانی دەبێ بۆ رازی كردنی دەوڵەتانی خاوەن قەرز بۆ ئاسانكاریو داوای مافەكانیان.

٢ـ دڵنیابوون لەقەبارەی قەرزەكان بە شێوەیەكی جدیو راستو ڕەوان بە پێی بنەمای قانونی نێودەوڵەتی. لیژنەیەك پێكبهێنرێ لە UNو سندوقی دراوی نێودەوڵەتیو كاركردنێكی وورد لەچوارچێوەی قەبارەی قەرزەكانی عێراق دا، بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە بە هاوكاری حكومەتی عێراق سەرپەرشتی دانەوەی قەرزەكان بكات.

٣ـ هەبوونی نیەتی باشە(نوایا الحسنة) لەلای لایەنە خاوەن قەرزەكان بە شێوەیەك رێككەوتن بكرێ لەسەر رێكخستنەوەی قەرزەكانی سەر عێراق بۆ هاوكاری دانەوەی قەرزەكان.

سیناریۆکانی دانەوەی قەرزەکان

لەژێر دۆخی ئێستادا بەبۆچونی خەلیل ئەلعانی[*]، دەکرێ دوو سیناریۆ دابنێین بۆ حکومەتی نوێی عێراق بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ قەرزەکان:

سیناریۆی یەکەم: ڕازی کردنی لایەنە خاوەن قەرزەکان بە زەرووڕەتی ڕێکخستنەوەی نەخشەی قەرزەکانیان لای عێراق هەروەك حاڵەتی نادی پاریس، ئەوەش مانای رەشکردنەوەی نزیکەی ٣/٢ نرخی قەرزەکان بەلانی کەمەوە، کە دەکاتە نزیکەی ٧٠٪ و ٧٥٪ لەقەرزەکان.

بەڵام ئەگەر توانای زۆری ووزەی عێراقمان خستە بەرچاو، ئەوا عێراق ناکەوێتە ناو ئەو بەخشینانەی قەرزەکان کەوا پێشتر نادی پاریس پشتی پێ بەستبوو.

سیناریۆی دووەم: ئەوەیە کە عێراق سووربێ لەسەر دان نەنان بەو داواکاریانەی کەوا سەنەدی قانونی بەهێزیان هەیەو داواکاریەکانی ئەم خاوەن قەرزانەی کە لەوانەیە عێراق پێویستی پەیوەندی بازرگانی پێ هەبن کەوا گەشەی ئابوریەکەی دەیخوازێ. ئەگەر ئەوەی کرد کەوا ئامرازێکی داهێنراوی دەبێ بۆ لەرِەگەوە هەڵکێشانی بەشێکی گەورە لەقەرزەکەی.

لەهەردووك سیناریۆکەدا توانای عێراق لەهەڵسوکەوتی لەگەڵ گرفتەکانی قەرزەکان بە شێوەیەکی زۆر سنوردار دەبێ لەسەر ئەندازەی سەرکەوتنەکانی لەبنیاتنانەوەی عێراقو خستنەسەر ڕێگای گەشەکردن سەرلەنوێ.

رۆڵی بانکی نێودەوڵەتیو دراوی نێودەوڵەتی:

بە درێژایی مێژوو رۆڵی بانکی نێودەوڵەتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەبنەچەدا ئەو بانکە بۆ گەشەپێدانو هەستانەوەی ئاستی ئابوری لەرێگای قەرزپێدانو هاوکاری هونەری دامەزراوە. پاشان بەرەو دامەزراوەیەك گۆڕاو بازنەی هاوکاریەکانی لەدامەزراندنی پێکهاتەی بنچینەیی ئابوری فراوانکرا، چالاکیەکان بۆ پرۆژەکان لەکەرتی تەندروستیو فێرکردن، درێژبۆوە بەرەو بەرنامەکانی تر لەقەلاچۆکردنی هەژاری لەدەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان دا.

ئەو قەرز پێدانانەش ملکەچی کۆمەڵێك مەرج دەبن کە بەپلەی یەکەم ئامانجیان گرێدانی ئاڵوگۆڕە داراییەکانە لەدەوڵەتی جێ مەبەست بە هەستانی بە جێبەجێ کردنی سیاسەتی بنچینەیی، وە دەستەبەرکردنی دەوڵەتی قەرزدار بۆ بەردەوام بوون لەبەدەستهێنانی ئەگەر هەموو سیاسەتەکانی خستە بواری جێبەجێ کردنەوە.

نمونەی هێندێك لەمەرجەکان:

لیستی درێژی قەرزەکان، قەرزەکان دەکاتە بارگرانیەکی زۆر لەسەر دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو،((چونکە لەزۆربەی کات دا رۆڵی دامەزراوە سیاسیە نیشتیمانیەکان لەمەنگەنە دەداو گەشەکردنی دامەزراوە دیموکراسیە لێپرسراوەکان سنوردار دەکات))

لەراستیدا جێبەجێ کردنی دەیان مەرج رێگری گەورە دەبێ لەبەردەم دروستکردنی بڕیاردا لەپرۆسەی چاکسازیدا. سەپاندنی چاکسازی

دامەزراویییەکان بەسەر دەوڵەتاندا بەهۆی مەرجەکانەوە لەدەرەوە ئیمکانی نییە، بەڵکو پێویستە ئەو چاکسازیانەو گەشەپێدانەکان لەناوەوە نەخشەسازی بۆ بکرێ.

لەگەڵ ئەوەش مەرجەکان بەرەو زیادبوون رۆیشتوون بە درێژایی ئەو ساڵانەی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان کەوا ڕووبەڕووی ژمارەیەکی کەم لەمەرجانە بوونەوە بە درێژایی بەرنامەی ساڵانی هەشتاکان لەکۆتایی نەوەکاندا ڕووبەڕووی زیاتر لە١٢ مەرجی جیاجیا بۆ هەر بەرنامەیەك دەبنەوە. بەم پێیە زۆربوونی مەرجەکان بوو بەهۆی زۆربوونی هەرەشەکان لەسەر دەوڵەتان کەوا جێبەجێ کردنی ئەو مەرجانە ئەستەم دەکات. ئەو مەرجە دوورودرێژانە شتێکی وا لەبەردەم حکومەتان دا ناهێڵێتەوە کە هەڵبژاردن بکەن لەنەخشەو بڕیارە سیاسیەکانی چاکسازیدا، تەنانەت لەزۆربەی کات دا وەکو هێرشێك بۆ سەر سەروەری نیشتمانی دێنە بەرچاو.

نموونەکان:

نێجیریا، سەرەڕای گرنگی پێدانی زۆربەی بانکی نێودەوڵەتی بە چاکردنی هەڵسوکەوتی دارایی، سەرەڕاش زۆربەی پشتبەستنەکانی لەسەر قەرزکردن لەبانکی نێودەوڵەتی بوو، لەکاتێکدا بەخشینەکانی دەوڵەتانی بەخشەر بەرەو کەم بوونەوە دەچێ بە تێپەڕبوونی کات، ئیدی نێجیریا بەردەوامبوو لەسەر دووبارەکردنەوەی داواکاریەکانی بۆ هاوکاری لەسندوقی دراوی نێودەوڵەتیو بانکی نێودەوڵەتی، بەڵام بەهۆی زۆری مەرجەکان دانوستانەکان

هەڵدەپەسێرران. ژمارەی مەرجەکان بۆ ١٣دەوڵەتی ئەفریقیایی لەساڵی ١٩٩٩ دا گەیشتە ١١٤مەرج، بەشی تانزانیا زۆر لەوە زیاتر بوو ژمارەی مەرجەکان گەیشتە ١٥٠مەرج. دەرکەوت کە کاری نەکردە نییە ئەو دەوڵەتە ئەفریقیانە ئەو مەرجانە جێبەجێ بکەنو سەرکەوتووش بن لەهەمانکاتدا لەچاکردنی ئاستی ژیانی گەلەکانیاندا بە شێوەیەکی چالاکانە.

مەرجەکانی سەر تورکیا بۆ نمونە:

١ـ شەفافیەتی زیاتر لەپرۆسەی عەقاری.

٢ـ گێڕانەوەی ئیئتمان بۆ کەرتی عەقاری.

٣ـ دووبارە رێکخستنەوەی هەیکەلی دامەزراوەکانی دەوڵەت.

٤ـ فراوانکردنی بە تایبەتی کردن(خصخصە).

٥ـ هاندانی وەبەرهێنانی بێگانە راستەوخۆ.

٦ـ جیبەجێ کردنی گونجاندنی دارایی(تکیف المالی).

٧ـ سوککردنی ئاوسان لەچوارچێوەی نەخشەی ئامانجدار بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەڵاوسان.

هورست کوهلر(Horst Kohler) ئەندامی مونتەدەبی سندوقی نێودەوڵەتی دانی نا بەو کێشانەدا کەوا ڕووبەڕووی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو دەبێتەوە لەئەنجامی مەرجە دوورودرێژەکان دا.

کۆمەڵێك بۆچوونی بەدیل هەن لەوانە:

لیژنەی میلتزەر (The Meltzer commission)

له١٩٨٨دا کۆنگریسی ئەمریکی لیژەنەیەکی راوێژکاریان دامەزراند بۆ دامەزراوەی باربوی نێودەوڵەتی(التمویل الدولیه) (IFIAC) لەچوارچێوەی یاسادانان دا کە رێگە دەدا بە زیادکردنی بڕی ١٨بلیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵسەنگاندنی کاری دامەزراوە گەورەکانی دارایی نێودەوڵەتی. سەرۆکی ئەو لیژنەیە پرۆفیسۆر/ ئالان میلتزەر (Allan Meltzer) کە بەناوی ئەوەوە ناونراوە(لیژنەی میلتزەر)، کە پشتگیری سەرۆک جۆرج دەبلیۆ بۆش و ئەوانی تر لەئەندامە کۆماریەکانی لەپشتە. میلتزەر ڕوونی کردەوە کەوا گۆڕانکاری پێشنیارکراو بۆ بەدیهێنانی ئەوانەن:

١ـ زیادکردنی شەفافیەت.

٢ـ چاکردنی ژمێریاری.

٣ـ کەمکردنەوەی گەندەڵی لەو دەوڵەتانەی هاوکاری وەردەگرن.

٤ـ زیادکردنی چالاکی سندوقی نێودەوڵەتی و گەشەدان بە بەرنامەی بانکی نێودەوڵەتی.

لیژنەی میلتزەر تێکڕای داوای سڕینەوەی قەرزەکانی((دەوڵەتانی هەژارو داهێزراو بە قەرز))ی کرد کەوا پابەند بن بە((ستراتیژی چالاك بۆ گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی،)) ئەو قەرزانەش بە زۆری ئەو گەلە هەژارانە لەکۆتایی دا والێ دەکات، قەرز بکەن تەنها بۆ بەکارهێنانی لەدانەوەی سودی قەرزە کۆنەکان!، لەو دۆخەش دا بەهیچ جۆرێك ناتوانرێ مەرجەکان جێبەجێ بکرێن

کەوا بەهۆیەوە قەرزپێدانەکە جێبەجێ دەکرێ، چونکە قەرزە نوێیەکە بۆ دانەوەی قەرزە کۆنەکە خەرج دەکرێ.

هەروەها پێشنیاری کرد سندوقی دراوی نێودەوڵەتی هێندێك گۆڕانکاری لەکارەکانیدا بکات لەوانە سندوق((نیو قەرزدەرێك بێت وەکو دوا پەناگا بۆ ئابوریە سەرەتاییەکان)) لەو رایەدا لیژنە داوا دەکات هێندێك پێش مەرج دابنرێن، کە پێویستە حکومەتەکان جێبەجێی بکەن پێش قەرزکردنەکە. وەمەبەست لەو پێشنیازە ئەوەیە سندوق ئەو مەرجە داواکراونە نەسەپێنێ کەوا زۆر لەدەوڵەتان شکستیان هێناوە لەجێبەجێ کردنیانداو وای کردووە بەرنامەی سندوق((ووشك و رەق، زۆر دژو پێچەوانە، کات بەفیڕۆدەر لەدانوستانەکانداو ناکاریگەر لەزۆربەی کات دا))! بێت

پێشمەرجەکان کەوا لیژنەکە پێشنیاری کردوون ئەمانەن:

١ـ لەسەر حکومەتەکەیان پێویستە دەستەبەری ئەوە بکەن کە بانکەکان سەرمایەداری بن بە ئەندازەی پێویست.

٢ـ لەسەر حکومەتەکان پێویستە رێگە بە دامەزراوەی بێگانە بدەن. مەبەست لەوە سنوردانانە بۆ گەندەڵی و زیادکردنی بنکەی سەرمایە.

٣ـ لەسەر حکومەتەکان پێویستە کە دەیانەوێ قەرز لەسندوقی نێودەوڵەتی بکەن، رونکردنەوەی راست و ڕەوان لەکاتی خۆیدا دەربارەی بازاڕی دارایی پێشکەش بکەن.

٤ـ لەسەر سندوقی دراوی نێودەوڵەتی پێویستە مەرجی دارایی گونجاو دابنێن کە پێویست دەکات لەسەر دەوڵەتان پابەندبن پێوەی، کۆمەڵی بانکی نێودەوڵەتی، بەخشین لەجیاتی قەرز! بە باشتر دەزانێ

بەرنامەی بانکی نێودەوڵەتی سەرکەوتوو نەبوو وە ناچالاك بوو لەهێندێك کات دا، ئەندازەی سەرکەوتنی بەرنامەکانی لەدەوڵەتانی هەژار کەمتر لە٣٣٪ بوو.

ڕەنگە ئەو دەوڵەتە هەژارانە نەتوانن ئەو قەرزانە بدەنەوە. ئەوەش ئەنجامێکی کتوپڕ نییە، بە تایبەت کە زانیمان قەرزی فەرمی سەر ٤٢دەوڵەت لەو دەوڵەتە هەژارانە گەیشتۆتە زیاتر لە١٧٠بلیۆن دۆلاری ئەمریکی. ساڵانە نزیکەی ٨بلیۆن دۆلار ئەو دەوڵەتە هەژارانە دەیدەنەوە.

لیژنەی میلتزەر ئامۆژگاری بانکی نێودەوڵەتی دەکات، واز لەقەرزدان بهێنێ بەو دەوڵەتە هەژارانەو لەجیاتیان بەرنامەی بەخشینی هەبێ. لیژنە وای دەبینێ کە مەرجەکانی پێویست، چونکەزۆری ئەو قەرزانە بەفیڕۆ دەڕوات بەهۆی حکومەتە گەندەڵەکانیان، لیژنەکە بەخشین وا دەبینێ کە دەبێتە هۆی گەشەدانی دامەزراوەیی لەکۆتایی دا، لەدەوڵەتە هەژارەکان دا ئەگەر چاکسازی بەهێز بکرێو گرنگی بدرێ بە دامەزراوە بنچینەییەکان.

ئەو پێشنیارانەی لیژنەی میلتزەر پشتگیریەکی زۆری بۆ پەیدابوو لەلایەن زانا ئەمریکیو نێودەوڵەتیەکان، سەرۆکی ئەمریکیش بەنامەی پشت بەستووی بە بەخشین بەباش زانیو لەگوتارێکی دا بۆ بانکی نێودەوڵەتی((زیادکردنی

بەخشین(المنحە) لەجیاتی قەرزپێدان بۆ دەوڵەتە زۆر هەژراەکان بە چاك زانی))

ئەندازیارو نوسەر هەمزە جەواهیری ئەم خاڵانەی پێشنیار کردووە:

١ـ پۆلێن کردنی قەرزەکان، قەرەبوو کردنەوەکان، سودەکانو قەرزە بنەڕەتیەکان بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتیی باشتریان لەگەڵ بکرێ لەرێگەی دیبلۆماسیو وەبەرخستن(مقایضة)و دانوستانی دۆستانە.

٢ـ بەستنەوەی قەرزەکان بە پرۆسەی بنیاتنانەوە، بەو مانایەی هەر کەسێ: قەرزەکانی بسڕێتەوە پشکی بدرێتی لەپرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراق دا ئەوەش قەرەبووی هەموو زیانەکانی بۆ دەکاتەوە. بەڵام ئەوانەی ئەو وەبری خستنە رەتدکەنەوە بێ بەری دەبن لەهەموو سودێکی عێراق سەرەڕای ئەوەی کێشەکەیان دەیان ساڵ لەدادگاکان دا درێژە دەکێشێ.

٣ـ کاری بازرگانیو ئابوری ئایندەو بەستەوەی عێراق بەو هەولانەوە!، لەڕووی بازرگانیو ئابوریو سیاسی لەگەڵ ئەوانەی قەرزەکانیان ناسڕنەوە.

٤ـ گەشەداپێدانی هاوپشکی لەگەڵ دەوڵەتانی هاوسێ بە مەرجی سڕینەوەی قەرزەکان: عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە تایبەت لەنەوتو گازو بەرهەمە نەوتیەکانی تر بۆنمونە وڵاتێکی وەك تورکیا دەیان جار مەمنون دەبێ بۆ راکێشانی گازو چاوپۆشین لەقەرزو هاوکاری عێراق لەبواری جۆراوجۆردا.

٥ـ چاوخشاندنەوە بە هەموو قەرەبووکردنەوە کەسیەکانی ئەفرادو کۆمپانیاکاندا، پێکهێنانی لیژنە بۆ دان پێدانان لەراستییانو دانی بە دادگا بەپێی قانونە رەچاوکراوەکان، ئەو قەرەبووانە ناوچەیی بێ یان بێگانە بن. دوای

دیاری کردنی سەرچاوەی قانونی زۆربەی ئەو قەرەبوو کردنەوانە متمانەیان پێ ناکرێو هیچ بنچینەیەکی دروستیان نییە بە هیچ شێوەیەك.

٦ـ بەستنەوەی وەبەرهێنان لەعێراق دا بە قەرزەکانەوە وەکو ئەولەویاتێكو پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنو گرێدانی بە(مقایضة) وەبری خستن لەسەر داهاتی وەبەرهێنان یان کەرەستەی سەرەتایی کە پێشکەشی وەبەرهێن دەکرێ لەلایەن عێراقەوە.

٧ـ قەرزی پوچ(بێزراو) (کریه) بە پێی قانونی UN، (دائین) خاوەن قەرز بەرپرسە نەك قەرزدار(مدین) ئەوەش بە بۆچونی کریمر کەوا رۆیتەر لەرۆژنامەی زەمان وەبیری هێناوەتەوە: کریمەر ئاوا دەڵێو راستیش دەکا ئەوەی لەگەڵ رژێمی دیکتاتۆری خوێناوی مامەڵە دەکات ئەو رژێمەی گەلەکەی دەکوژێو شەڕی هاوسێکانی دەکات دەبێ لێپرسراوێتی ئەو مامەڵە پیسو بێزراوە لەئەستۆ بگرێ. دەبێ ئێمەی عێراقی ئەو قانونە نێودەوڵەتیە بگرینو چالاکی بکەین بۆ ئەوەی ببێتە نەریتێك ئەوانەی بیانەوێ هاوکاری دیکتاتۆرەکان بکەن پێش ئەوە دەیان جار بیربکەنەوە.

٨ـ هەر قەرزێکی سەر عێراق بابەتی دادگایەو ملکەچ کردنی بۆ نییە. بە لایەنی کەمەوە ئەوە دەستەبەر دەکەین کە ئەو قەرزانە قازانجیان نابێ تەنها بەوە نەبێ کە کاری ئەو دادگایانە تەواو نەبێو بڕیاری دادگای بۆ دەرنەچێ. دەبێ لیژنەی قەزایی نیشتمانی لەکەسانی بە تواناو لەقانونی نێودەوڵەتیو قانونی کۆمپانیاکان بۆ بە دواداچوونی ئەو بابەتە ئاڵۆزە.

٩ـ داواکاری لەهەموو کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان لەیەکێتی ئەورووپاو ئاسیاو دەوڵەتانی کۆمۆنوێڵسو جامیعەی عەرەبیو کۆنگرەی ئیسلامیو هەموو یەکێتیە جیهانیەکانی تر بۆ پشتگیری کردنی عێراقو گرتنی کۆبونەوەو کۆنگرە بۆ هاوکاری عێراق. وەبەکردەوە ئەو کێشەیە گفتوگۆی لەسەر کراوە لەکۆمەڵەکاندا وەکو یەکێتی ئەوروپیو، ئەمریکا پێشنیازی کردووە بۆ زۆر لەهاوکارە سیاسیو ئابوریەکانو هێندێك وەڵامی ئیجابی هەبووە وەکو روسیا لەسەر زمانی پۆتین کە لەخاوەن قەرزە گەورەکانی سەر عێراقە.

١٠ـ کارکردن لەگەڵ هەموو جیهان بۆ گێڕانەوەی ئەوشتانەی رژێمی گۆڕ بەگۆڕ دزیوەتیو دەست بەسەراگرتنی خانوو ئەو شتانەی رژێمو هاوکارانی بردوویانەو بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی سڕینەوەی قەرزەکان.

پەراوێزوسەرچاوەکان : لەئینتەرنێتەوە :

١ــ خليــل العــانى... ديــون العــراق... هــم ثقيــل ١٢/١٠/٢٠٠٣
www.islamonline.net

٢ـ خليـل العـانى ... مـشاكل إعمـار العـراق ١٩/٤/٢٠٠٣ www.
Isamonline.net

٣ـ همام الشماع، المشروعية السياسية والقانونية لـديون وتعويـضات العـراق
www.aljazeera.net ١٧/٥/٢٠٠٦

٤ـ همزة الجواهرى، الديون الكريهة ـ ٣٨٥ مليار دولار، لنفكر معاً بكيفيـة
الـتخلص منهـا، الحـوار المتـدمن ژمـاره ٤٧٨، ٥/٥/٢٠٠٣ www.
Rezgar.com

٥ــــ غـــــيلان ..... ديـــــون العـــــراق الكريهـــــة المـــــدى
www.almadapaper.com

٦ـ الكسندر شـكولنيكوف ....
www. mafhoum.com

و جون د. سوليفان شروط الأقراض الدولى

7ـ جيهاد الخازن الحياه ٧/٩/٢٠٠٥ www.daralhuyat.com

٨ـ حمزة الجواهرى .... الديون والتعويضات المتركمة علـى العـراق ــ سـايتى
www. lraqcp. org

٩ـ د. كمال سيد قادر .... ديون العراق والقانون الدولى ... pukmedia

١٠ـ ماهو الصندوق النقد الدولى؟ من كتابة موظفو إدارة العلاقات الخارجية بصندوق النقد الدولى ٢٠٠٣. www.imf.org

١٠ـ الان ايلسنر ..... www.arabiyat.com

*ـ ئەریك توسان مێژوونووس‌و زانای سیاسی بەلژیکی، دامەزرێنەری لیژنـەی سڕینەوەی قەرزەکانی دونیای سێیەو سەرۆکی لیژنەکەشە. ئەندامی ئەنجومـەنی نێودەوڵـەتی مونتـەدای کۆمەڵایـەتی جیهـانی‌و ئەنـدامی ئەنجومـەنی جیهـانی بزوتنـەوەی "ئـەتاك"ی فەرەنـسیە، ئەنـدامی سـەرکردایەتی لقـی بەلـژیکی نێونەتەوەیی چوارەمە. ئەو بابەتە لەرۆژنامەی "النهار" دا بڵاوکراوەتـەوە رۆژی یەکـشەم ٢٥ئـەیاری ٢٠٠٣، لـە(الزمـان)یـش دا دووبـارە چـاپ کراوەتـەوە لەرێکەوتی ١٢ تەموزی ئەمساڵ.

** خەلیل العانی: شارەزایەکی میسری لەئابوری سیاسیدا.

هەڵبژاردن بە مەرجی دوا وێستگە[*].. زەمینەیەك بەرەو کەلتورێکی دێموکراسی

[*] کوردستانی نوێ ژمارە٤١٠١ لە ٢٠٠٦/١٠/١٧

لەوڵاتێکی بێ پێشینەیی دێموکراسی وەکو عێراق بە کوردستانیشەوە ناکرێ چاوەڕوانی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی تەواو دێموکراسیو بێ گرفتو کێشە بین، خۆی خودی پرۆسەکە بەشداریەکی جدییە لەزەمینەسازی بۆ دێموکراسی، تەکتولبازیو ململانێی نێو یەکێتی دیاردەیەکی تایبەت بە یەکێتی نییە بەڵکو هیچ حزبو گروپێکی سیاسی یان پیشەیی بێ ململانێ نییە، ژیان خۆی یەکێتی ململانێکانە تەنانەت لە لەشی هەر زیندویەکدا ململانێی نێوان کۆنو نوێ هەیە، بەردەوام هێندێك خانە دەمرنو هێندێك خانە لەدایك دەبن ئەوەش لۆژیکی ژیانە. دەبێ هەر ڕێکخراوو حزبێکیش وەکو ماددەیەکی زیندوو کاژی کۆن فڕێداو کاژی نوێ بپۆشێ خانە سستو مردووەکان هەڵوەرێنێو خانەی چالاکو زیندوو گەشە پێبدا، واتا خۆی نوێکاتەوە.

بڕیاری یەکێتی بۆ چاکسازیو نوێ بوونەوە هێندەی ئاماژەیە بۆ زێندوێتیو دێموکراسی خوازی یەکێتی هێندە نیشانەی لاوازیو کێشە ناوخۆییەکان نییە، چونکە هەڵبژاردن سەرەتای پرۆسەیەکی دووردرێژی چاکسازیە، نەك هەر ئەمە بەڵکو پڕەنسیپێکی بەهێزی دیموکراسیەو چەسپاندنی دەبێتە فاکتەری بە کەلتورکردنی دێموکراسی، حزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکانی تر زۆر زیاتر بە دەست قەیرانی ڕێکخراوەییو نەبوونی پڕەنسیپە حزبیەکانەوە دەناڵێنن، بەڵام نەبوونی دێموکراسی وای کردووە دەرفەت لەبەردەم هەڵبژاردنو چاکسازی وەکو ناو یەکێتی نەرەخسێ، بۆیە زۆر هەڵەیە چاکسازی یان هەڵبژاردن بە

دەریچەی خۆ دەربازکردن لەقەیرانو کێشەکان بۆ یەکێتی پێناسە بکرێ، تەواو بە پێچەوانەوە هەڵبژاردن دەریچەی گۆڕانو پێشکەوتنەو زەمینەسازی هێنانە کایە کەلتورێکی دیموکراسیشە.

کێشەکانی هەڵبژاردن:

هەر کەسێك چاوەڕوانی هەڵبژاردنێکی بێ کێشەو گرفت بکا تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە دەیان ساڵ ئەزموونی حوکمڕانیو تەنانەت پڕەنسیپی دیموکراسیشیان هەیە، بە هەڵەدا چووە، نەخوازەڵا لەکوردستانێکی بێ پێشینەو ئەزموونی دێموکراسیو دەوڵەتو حوکمڕانیدا، لەنێو کۆمەڵگایەکی نەریتی باوکسالارو ئاست بەرزی نەخوێندەواری ... لەنێو کۆمەڵگایەکی سیاسی بارگاوی بە باوەڕە تاك ڕەهەندیو ئینتمای حزبیو دەستەگەری، لەکۆمەڵگایەکدا هێشتا حکومەتەکەی لەکێشەی حزبی چەکدارو خاوەن میلیشیا نەڕەخسیوە! لەکۆمەڵگایەکدا هێشتا زەمینەو جێ پێیەکانی دێموکراسی خۆش نەکراون، ئینتما شەخسیو دەستەییەکان لەنێو سەرجەم حزبەکان دا زاڵن بە یەکێتیشەوە، بۆیە زۆر ئاساییە کێشە لێر لەوێ بە شێوازی جیاجیا دەربکەوێ، بەڵام بە بەراوورد لەگەڵ بەهای مێژوویی پڕۆسەکەو بەرئەنجامە ئیجابییەکانی نایەتە هەژمار، کەمتریش ڕووی داوە لەمێژووی وەرگۆڕانە کۆمەڵایەتیە سیاسییە گرنگەکاندا کێشەو گرفت تەنانەت شەڕیش نەکرابێ. دەتوانم بڵێم هەموو لەدایك بوونێکی نوێ ژانێکی لەگەڵدایە ئەم

توندوتیژیەی ئێستای نێو هەناوی کۆمەڵگای کوردیو حزبە کوردیەکان ژانێکە، وەرچەرخان دەکاتە زەروورەتێك بەرەو چەسپاندنی دێموکراسیو ڕەنگە سستیو هەڵوەستەکردنی تێ بکەوێ بەڵام هەرگیز نابێ ڕاوەستێ. نمونەی ئەم توندوتیژانەش زۆرن، شۆڕشی فەرەنسا ١٧٨٩ بە خوێن دەستی پێ کردو گەورەترین گۆڕانی لەسەرانسەری جیهاندا بەدیهێناو ئێستا کاریگەری دروشمەکانی ئەم شۆڕشە لەسەر ژیانی سیاسیو دەوڵەتداری بەردەوامە، ریفۆرمی ئایینی دەیان کەسی کردە قوربانیو لەدواجاریشدا ئایینی مەسیحی خزێنرایەوە نێو کڵێساکانو لەدەوڵەت جیاکرایەوە، بەردەوامیش دیاردەی توندوتیژی هەڵبژاردنەکان لەوڵاتە عەرەبیەکان، تورکیا، ئێران،... دەیان وڵاتی تردا دەبینین بەڵام ئەوەی هەڵبژاردنی ئێمە لەزۆربەی ئەو هەڵبژاردنانە جیادەکاتەوە، ئیرادەی دەستە جەمعی نێو حزبە، کە پێ لەسەر پڕۆسەیەکی دیموکراسیانە دادەگرنو هەر پێشێلکاریەکیش بێ لێپرسینەوەو چارەسەر گوزەر ناکا ... واتا پەیماننامەیەکی گشتی سەرجەم ڕوانگە جیاوازیەکان لەپێناو سەرخستنی پڕۆسەکە هەیە ئەوەش خاڵی گەشی پڕۆسەیەکە.

هەڵبژاردن گەفێك لەسەر كادیر:

كاتێ كادیر بەدانان ئۆرگانێك وەردەگرێ، فەردیەت لەناخی كادیرو لەهەڵس‌وكەوتەكانیدا گەشە دەكات، چونكە خۆی بە قەرزارباری خوار خۆی نازانێ بۆیە كەمتر گوێ بە رێكخستنەكانی دەدا لەجیاتی ڕاوێژ، فەرمان، لەجیاتی كۆدەنگی ڕا، ڕای خۆی دەسەپێنێ، بەو دیویش دا هەوڵی ڕازی كردنی سەرووی خۆی دەدا، بە گوێ ڕایەڵی‌و ئینتمای شەخسی چونكە گەفێكی تر لەسەرخۆی نابینێ لە لەدەستدانی لێپرسراویتیەكەی.

ئا لێرەدا هەڵبژاردن‌و هەڵبژاردنەوە چەندە بۆ خوێنی نوێ پێویستە هێندەش بۆ چاكسازی‌و خۆ ڕەخنە كردن پێویستە، چونكە هەڵبژاردنەوە هەمیشە گەفی سەر دەرچوونەوەی لێپرسراوە، بۆیە ناچارە لەجیاتی گوێڕایەڵی بۆ سەرەوە گوێ ڕایەڵی بۆ خوارەوە دەكاتە پێڕەوی كاركردن‌و لێرەشەوە پڕەنسیپە حزبیەكان‌و كاری بە كۆمەڵ‌و داهێنان دەبێتە ڕێڕەوی كاركردن‌و ئەمەش زەمینەسازی گۆڕان‌و چاكسازی‌و لەكۆتاییشدا زەمینەسازی كەلتوری دیموكراسییە. كادیری دەرنەچوو بەخۆیدا دەچێتەوەو كادیری دەرچووش هەوڵی ڕاگرتنی متمانە دەدات.

هەڵبژاردنی ئەم جارەی یەكێتی ئەگەرچی لێرەولەوێ كاری نامەسئولانەو شكاندنی پڕەنسیپی حزبی ڕووی داوەو گرژی، شوێن‌و كاتی هێندێك لەهەڵبژاردنەكانی گۆڕیوەو دواخستووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە لایەنە

گەش‌و ئیجابییەكانی سەرجەم خاڵە خەوشەكانی داپۆشیوەو، مەڵۆیەكی گەورەش دەخاتە سەر خەرمانە ئەزمونی دێموكراسی حزبی‌و لەوێشەوە بۆ كۆمەڵگا.

مەرجەكانی سەرخستن:

پرۆسەكە كاتێ كاریگەری زیاتر دەبێ‌و ئەزمونێكی گرنگیش دەبێ بۆ تاكەكانی كۆمەڵگا كە تا هەڵبژاردنی دوا لوتكەی هەرەمی حزبی بچێتە پێش، هەر وەستانێك نوچدانێكە بۆ دێموكراسی، ئەگەر پرۆسەكە لەستافی مەڵبەندەكان دا دەستی بەسەردا بگیرێ بە هەر بڕوو بیانویەك بێ ئەوە لەباربردنی سەرجەم پرۆسەكەیەو پێش وەختیش لەگۆڕنان‌و ناكام كردنی كۆنگرەو لەوێشەوە ئیفلیج كردنی كۆ ئیرادەی حزب‌و خەونەكانی چاكسازیە بۆیە خەبات‌و پێداگرتنی ئەندام‌و كادیرانی حزب تا كۆنگرە دەبێ بەردەوام بێ، بۆیە ڕاگرتنی پرۆسەكەو دانانەوەی لێپرسراو مەڵبەندەكان بە ڕێك كەوتن نەك سفركردنەوەی ئیرادەو خەون‌و خەباتی چاكسازی‌و گۆڕانە لەنێو هەناوی یەكێتی دا بەڵكو دووبارە گرتنەبەری ڕێڕەوی ئینتما شەخسی‌و فەردیەكانەو دروستكردنەوەو درێژەپێدانی مەحسوبیەت‌و تەكتولبازی‌و دەستەگەرییە، ئەوەش پوچەڵكردنەوەی چاكسازی‌و باربوكردنی گەندڵكاری‌و شاباشی بێ پڕەنسیپی‌و بەرەڵایی‌و دواجار لەچاڵنانی خەونەكانی گۆڕانەو ئاشكراكردنی درۆیەكی گەورەشە كە نزیكەی ساڵێكە هەموومان بانگەشەی بۆ دەكەین بە

ناوی گۆڕانو چاکسازیو ئەوەش بە پلەی یەکەم لەدەستدانی ڕاستگۆیی‌و دواتریش متمانەی سەرجەم ئەندامانی یەکێتییە. بۆیە نابێ بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بەڕاگرتنو وەستاندنی ئەم پرۆسەیە بدرێت کە دەرگای بەرەو پێشچونی یەکێتییە. چەندە پرۆسەکە سەرکەوتوو بێ تا کۆتایی هێندە حزب ووزەو خوێنی تازە وەردەگرێو بە گوڕوتینێکی تازەوە دێتەوە نێو گۆڕەپانەکەو ئەوەش گرەنتی سەرخستنی ئیرادەی چاکسازیە لەنێو حزبو حکومەتو کۆمەڵگادا.

Kawsen-Babakr@yahoo.com